# جیهانی منالان

**گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە**
**دەربارەی منالان**

**ژمارە 9**



## هێلانەی تەوار

**تەوار، بێچوە بازیجوان ئەیبەرزەفڕی ئاسمان سەددو سنورت شکان هاتیە ناو گێژاوەی ژیان!**

**گەرچی خێڵی خورافە ژینتیان کردە کلافە تەمەن کورتی خوێناوی قەت نامری و هەر ماوی!؟**

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***

***Barnhem i Saqis & Bokan***



## نەورۆزی ۲۰۰۴ م ۱۳۸۳ ه


Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030

www.jihanimindalan.just.nu
shihab.manmy@comhem.se



**Bankgiro 5469-4922**

**ISSN 1651-5188**

**لیستەی پشتیوانان و هاوکاران و خوێنەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵان و یانەی سارای سەیار لەشاری سەقزو بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ژمارە 9ی ئەم گۆڤارە لە وەرزی زستان،ساڵی 2004 دا.**

## واتە دەخڵ و خەرجی 3 مانگە

++++++++++++++++++++++++++++++++++++

1- ئازاد عەزیز.................... 700

2- هیوا عەزیز و دایکی ئامانج....600

3- بەختیار پێنجوێنی............300

4- شوان کرکوکی.................30

5- د. کامەران قەرەداغی...........

6- کامیل ئەحمەد.................100

7- ڕەحمان حسێنزادە..............70

8- ..دییەی ، وەفا و موحسین.....300

9- حەمەی ئەسلانی,,,,,,,,,,,,,,,,100

10- خوشکە سیسیلیا............300

11- کۆمەڵەی ئاشتی..............100

12- صدیق ئیسماعیلی...........100

13- فەهمی کاکەیی.................300

14- نەرۆی عەلی..................260

15- لالۆ ئاسۆ بیارەیی............150

16-هۆشیار تاجری................150

17- شەهاب مەنمی.... ...........200

18- م- مەجید فەرەج............100

19- خەمەی ئاسنگەران...........100

20- ڕەزا کەمانگەر...............100

21- ئارام=ڕ= هاوپشتی..........60

22- م= فەرهاد دەربەنیخانی......100

23- بەیان عەبدوڵا................100

24- مامۆستا جەلال...............

25- خوشکە هاینە................100

26- ڕەسووڵ محەمەدی......... 200

27- تاهیر مەحمودی.............100

28- شیخ خالد حەیدەری.........40

29- ئابێ ئیف..ABF.........

30- کاوەی بوزوگپەنا..........

31- ئیبراهیم ڕۆستەمی.........100

32- صالح شەریفی ...........100

33- هوما دانشوەر ............100

34- خوشکە ئامینە...........100

35- مامۆستا جەماڵ بوزورگپو ر...

36- حسێن مەکتوبی...............100

37- تاهێر پەناهی.................30

38- حەمیدقوربانی.................

39- نوری سلیمانی ...............

40- فەریدەی ڕەزایی..............

41- سەلام تەیب کەلاری..........100

42- بەیان و کاوە................

43- موحەمەد شوانی...........40

**44** = تێکۆش لە ئەڵمان..........

### پشتیوانانمان لە کیشوەری فینلاند

66= لۆرا و تارا ................

67 = فاتمە نەورۆزی..........

68 = ڕیبوارو شەهلاقادری.....

69 = محەمەد قادری............

70 = کاک موحسین ...........

71= بەیار و گوڵاڵە............

72= سالار سۆفی..............

73= شیرین و جەماڵ .........

74= کاک ئیزمەڕ...............

75= سەمیرە فەتخولاّ...........

76= کۆژین زەکی............

77= سۆران زەکی یارمەتی بێسنوور

78= عومەر مەعروف ...........

79= ئەنوەر ڕەشی عەولاّ......

80= ئاکۆ ڕەشی عەولاّ......

81= عەبدول گوڵ پەریان.....

82= خدر حەسەن زادە.......

### هاوڕێیانی نورویژ

83= عەلی کرماشان....................

84= ناسر و مەلەکە....................

85= سابیر ژاوەرۆ.....................

========================

پاکەت و cd بەتاڵ....... .............350

بۆ مەهاباد قەرەداغی.....  ..............64

بۆ عەبدول گوڵپەریان....  .............110

بۆ پەۆوانەی قەرەیشی................220

بۆ حەسەن زەکی لە فینلەن... .........140

مانگانەی وەرزی زستان ..... .......7500

جەودەر و کاغز ..............   .......1000

خەرجیی سایتیئینتنتەرنێت...........500

بۆ جەژنی نەورۆز ............... ......500

کرێی پۆست بۆ ڕێبوار و شەهلا ..نازانم چەند بو

### خوێنەرانـــــــــــی هێژا

من کە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەکەم، پێم خۆشە کە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەکدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەکە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەکە ڕوون بێت کە دەخل و خەرجی گۆڤارەکەو یانەی سارا تێکڕا لە سەقز و بۆکان چەنێکە. لەم سێمانگەدا نزیکی5000 کرۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەکە و باقی بەرهەمەکانی کاک عەلی بووە، 733 کرۆن خەرجی پۆست و **CD** لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی زستان بووە، و خەرجیشمان 10367 کرۆن بووە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاکس بۆگشت خۆشەویستانی گۆڤارەکەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و کۆمەکی دارایی یانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەکان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی کیتابی) ەوە بووە.

**شەهاب مەنمی**

20 3 2004

==============================

### ئازیـــــــــــزان


بۆ سەلماندن و دڵنیایی دڵسۆزان و یارمەتی دەران و پشتیوانان و خوێنەرانی گۆڤارەکەو یانەی سارای سەییار لەسەقز و بۆکان و هەر وەها گۆڤارەکەیش لە کیشوەری سوێد ئێمە لە سەرەتاو کۆتایی هەمو ژمارەیەکدا گشت دەخڵ و خەرجمان بە وردی چاپ و بڵاو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم (زەرفە) وەك ئاوێنەیەکی بێگەرد، هەست و دڵسۆزی گشت ئێوەی تێدا دیار بێت و نەیارانمان نەتوانن خۆیتێخزێنن، لەم بوارەدا بە کەیفی خۆیان ئاو لێڵ کەن و ماسی بۆخۆیان بگرن.

ئەوەی تا ئێستا باسی لێوە نەکراوە زەحمەتی بێسنوور هەزینەی بەنزین ئیستهلاك و فەرسودە بوونی سەیارەکەی کاک شەهاب بووە کە ناگونجێ لەگەڵ پارە بەراوردیکەین.

**گ.ج.م**

# جیهانی منداڵان

گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکرێ و

لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە

## زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی

# جیهانی منداڵان

ژماره 9

## لاپەڕە | بابەت | نووسەر


| لاپەڕە | بابەت | نووسەر |
|---|---|---|
| 4= | ........ مەرج و بەردی بناغەی ئەمگۆڤارە و یانەیٚ ساراو وتاری سەردەبیر | |
| 5... | مەرگی سەکۆ و مەکۆکەم ................................ | عەلی کیتابی |
| 6=... | منداڵ لەناو خاوو خێزاندا ......................... ... | ئەفسەری فەیزی |
| 6=... | ڕخنەو وەرگێڕان ڕاست و ڕەوان پێکەوە................ | هەلی کیتابی |
| 7=. | شیعر = فەرەیدون.. بێدار..مهاباد.. وە جوجەڵەی لەفارسی وەرگێڕدراو | |
| 8 =... | کەس ناخورێنیٚ پشتیمن مەگەر نینۆکی خۆم... | کەیۆمرس نیك ڕەفتار |
| 9... | مافی مرۆڤ، لە کوردستاندا............................ | باوکی ئالان قەرەدخی |
| 11.... | چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا .......................... | عەلی کیتابی |
| 17.. | تایبەتە بە تەوەرەی ژننامە.............................. | مەهاباد قەرە داغی |
| 19.. | ڕیشەکەن بون و ژیان لە تاراوگە.......................... | پەروانەی قورەیشی |
| 21 .. | چیرۆکب کەروێشکە خاڵدارەکە وەرگێران .......... | حسێن حاجی عەلی |
| 25 .. | وێنەی پشت بەرگ و کۆمەڵێك وین لە جەژنی نەورۆز | لە یوتبۆری |


.............................................................................



(**تابلۆی سەر بەرگ**) بۆ ئەوەی خوینەرانی خوشەویستی گۆڤاری جیهانی منداڵان بە دروستی کەسایەتیو. جورئەت و جەربزەی تەواری تەمەن کورتی نەوڕەسیان ناسیبیٚ، تەنیا ئەم چەن دێڕە بەسە. تەوار، نمونەی پەروەردەی پێشکەوتووترین خاووخێزانێکی کوردە لەشاری سەقز، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتۆتە دنیاوە و لە کاتی هێرش و قەتڵوعامی سوپای ئیسلام بۆ سەر خەڵکیشاری سنە. تەوار واتە مەستۆرەی شاسواری وەك ئیمدادگەرو برین پێچ و یارمەتیدەری تیمی پزیشکی بە کۆلە دەرمانەوە لە سەقزەوە خۆیان گەیاندە ناو جەرگەی جەنگی داگیرکەر و داپلۆسێنەرانی خەڵکی مەزلومی شاری سنە. تەوار بە بریندار و کۆڵە دەرمانەوە ئەسیر کرا. تەواری تەمەن 19ساڵە یەکەمین کچەکوردێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە بە ((پێی یاسای ئیسلام و دەستووری حاکم شەرعەکەی جەنابی حوجەت الاسلام خاڵخاڵی)) لە سەرەتای هاوینی 1358ی هەتاوی لە ناوەڕاستی مەیدانی سەربازخانەی سنەدا بە ڕۆژی ڕووناك لە پێشچاوی خەڵك و خاس و عامدا بە ئەسیری و برینداری تیرەباران کرا. **یادی ئازیزی هەمیشە بەڕێزو پیرۆزە**

.............................................................................


## وتـــــــاری سەردەبـــــــیر

مرۆڤ، بە ڕەوشت و ڕەوانیەوە هێندە بونەوەرێکی ئاڵۆزومڕموٚز و سەرسوڕهێنەرە پاش ملیۆنەها ساڵ تێپەڕبون لەتەمەنی هێشتا بەگومان و نەناسراوی ماوەتەوە. بەبڕوایمن ئەو شیعرو شیعارەی شیخ سەعدی شیرازی کەوەك نمونەی ناسنامەی مرۆڤ، بە سەردەرگای بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵواسراوە کە مرۆڤ، بەگشتی و ئێمەی ئاریایی بەتایبەت شانازی پێوە دەکەین بە بڕوای من پووچەڵ و پێچەوانەی زانیاری ڕەوانکاوی و ڕەوانشناسییە: شێخی شیرازی دەڵیٚ:(بەنیئادەم ئەعزای یەکدیگەرەند * کەدەر ئافەرینش ز یەك گەوهەرەند...)
واتە مرۆڤ، بە گشتی گەوهەرێکە و لە یەك جەستە پێك هاتووەو خولقاوە، لە دەرد و ڕەنج و ئازاردا هاوبەشن و هەرکات مرۆڤێك لە هەر کون و قوژبێنیکی ئەم جیهانەدا توشی ڕۆژەڕەشیو نەخۆشی و ئازارێك دەبێت گشت مرۆڤایەتی هەست بەو ئازارە دەکات و پێوەی دەناڵیٚ! پێویست ناکات بۆ هێنانەوی بەڵگە پەنابەرم بۆ مێژووی ئەو جینایەتانەی مرۆڤ، دەرهەق بە بەشگەلێك (لە جەستەکانی خۆی کردوویەتیو دەیکا). کافیە کارەساتی پێرێی بەندیخانەکانی تاران و کارەساتی هەڵەبجە و ڕِواندا و جینایەتەکانی ئەوسای مەسیحیەکان و ئێستای موسادوحەماس لە نەتبە و بەیت لەحم و قودسی ئیسلام و مووسایی و مەسیحەکان بێنمە پێشچاوی لاوانی تەمەن 25 ساڵەی جیهانی بەگشتی و فارس و کورد و عەرەب و یەهودی و ڕواندایی بەتایبەتی؟!
بێگومانم لەوەی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەرانی ئەم سەروتار و سەرنوسەرە دیتە ئاراوە و دەڵێن: تۆ کە ئاوەها موغریزی ڕەوانی مرۆڤی کە خۆیشت مرۆڤی؟ ئەی چۆنە بەبەڵگەوە لەم گۆڤارەدا سەلماوە و تۆمار کراوە، تۆ گشت ژیانت لە پێناو ژیانی منداڵەورتکەی قەراخ و بیجاخی شارەکاندا تەرخانکردوە؟ منیش لەوەڵامدا دەڵێم:
ڤیکتۆرهۆگۆ بەحەق وتویەتی: ئەگەر زانستێکی نەفرەت ئەنگێز لەم جیهانەدا ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ، ئازار بدات بێگومان توندو تیژیو دەستدرێژیە بۆسەر مافی ئەو منداڵە بێتاوانانەی کە توانای پارێزگاریان لە ماف و جەستەی خۆیان نیە.
منیش بە تەجرەبە و بڕوام بۆم سەلماوە فیداکاری وخزمەتکردن بەو منداڵانەی خۆیان و دایکیان لە کۆمەڵگادا لەگشت مافی ژیان بێبەشن، بە تایبەت ئەو منداڵەی هەتتا دایکیشی نازانی کیٚ باوکیمنداڵەکەیەتی؟! ناچارە بۆ بژیوی خۆیو منداڵەکەی لەشی بفرۆشی. ئەم ئەندێشە و کردەویە بۆم بۆتە نۆشداڕوی ڕۆح و ڕەوانم تالەم دنیا پووچ و بێهوودەیەدا درێژە بە ژیانم بەدەم. دڵنیام ئەگەر ئەندیشمەندانێك لە بیچمی صادەقی هیدایەت و ... ئەم بۆچوونەیان هەبا خۆیان نەدەگۆشت! ئەگەر مرۆڤ، کوشتن جینایەتە؟ کە بە بڕوام جینایەتە: کەوایە خۆ کوژیش هەرجینایەتە.دە باخوینەرانی گۆڤارەکەمان قازی بن و قەزاوەت بکەن.))

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابیٚ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بیٚ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیٚیە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆزە بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە وریاییو بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لارێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەڵام بە ناکامیوناچاری پاشە کشیٚیان کردوە. **گ.ج**

# مەرگیسەکۆ و مەکۆکەم!

هەرخۆم دەزانم چەن بە پەرۆشم     بۆمەرگی مەکۆی گشت بیرو هۆشم



ئازیزانم ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن چاپخانەیەکی چکۆلەی مودێرنی تایبەتی و تاکەکەسی و هاوچەرخی ساڵی 1993یە کە پاش چەندین ساڵ ئاوات وئارەزوم.. وەك خەون و خەیاڵ بە هەڵکەوت و کوتوپڕ بۆم رەخسا کوتوپڕیش کەوتە بەرهێرشی دژایەتی دوژمنایەتی نەیارانی خۆماڵیو دەرەکی ...! *
کۆتایی ساڵی 1993و سەرەتای ساڵی 1994 وەرچەرخانێکی درەخشان بو لەژیانمدا چونکە بە بەشێك لە گرینگترین ئاوات و ئارەزوەکانم گەیشتم کە ئەم دەم و دەزگا مودێرن و خنجیلانەی ئەوکاتەیە کە بۆم بوو بە هاورێ، مەحرەم، هاریکار، هەڵگر و پارێزەری رازو نیازم بە تایبەت نووسین و بیرەوەریەکانی کۆن و نوێم. کاتێك بەرگی یەکەم و چوارەم و پێنجەمی رۆمانی سوڕسوڕەی مەرگم لەماوەی کەمتر لە دووساڵدا تایپ و چاپ و بڵاو کردەوە. کە دەمگوت بەم دەم و دەزگا چکۆلە و بەتاقی تەنیا گشت کارەکانیم ئەنجام داوە، بۆ نووسەران بەتایبەت ئەوکەسانەی سەروکاریان لەگەڵ تایپ و مونتاژ و چاپ و بەرهەم هینانی کتێب و چاپەمەنییدا هەبوو، مایەی سەرسوڕمان بوو، ناهەقیان نەبوو، کێ دەیزانی من لە بیست و چوارسەعاتەی شەوو رۆژێك دا زیاتر لە شازدە سەعات لەپشتی مێزو کومیدو کامپیوتەرەکەمم، لە شەوگارو رۆژگاری درێژی شازدە سەعاتی زستان و هاوینی شیمالی سوویددا کە جیرانی سەرماو سۆڵ و بەستەڵەکی قوتبی شیمالە، ئاوەها زۆر زو بەسیٚسەعات کار و سەعاتێك خەو یان ئیسراحەت، کات و سات تەنزیم کردوە و راهاتوم! بەداخەوە هەر وەك گشت گیانلەبەرێك رۆژێ لە رۆژان لەدایك دەبێت و رۆژێکیش لە رۆژان دەمرێت.. ئاوەهایش هەمو شتێك رۆژێك لە رۆژان دەخولقێو دەخولقێنرێو رۆژێك لە رۆژانیش دەفەوتێنرێ : لە راستیدا ئاڵ و گۆڕی بەسەرداديێت، یان پێدەکرێت:
هەر وەك سەرەتای ساڵی 1994 بۆمن ساڵێکی پڕپیت و بەرەکەت و کەیشتن بەبەشێك لە ئاوات و ئامانجەکانم بوو. ئەمێستاکەش پاش زیاتر لە 10 ساڵی رەبەق، وێڕای گەیشتن بە زۆربەی ئامانجەکانم بەتایبەت بونیادنان و خولقاندنی یانەی منداڵانی سارا.. ئەوسا لە سلێمانی و ئێستا لە سەقز و بۆکان و بەتایبەت گۆڤاری جیهانی منداڵان، بە بەڵگەی هەشت وەرزنامە و دوساڵ تەمەنەوە، کە لەسەر ئەم مێزو مەکۆیە دا لە دایك بووە و چاوی پشکووتووە، وەك منداڵێکی ژیکەلەو ئاقڵ و بزێو خۆی کردۆتە ناو بەشێکی بەرچاو لە کتێبخانە و خوێندنگە و سایتی تایبەتی ئەنتەرنێتی خۆماڵیو دیگەران دا، دەتوانم بڵێم بە هۆی فەڕوو بەرەکەتی زانیاری و تیکنیکی دەست و مێشك و هۆشی بەشەری لە زەمین و زەمان و سەماوات دا لەناو هاوچەشنەکانیدا بەباشی دیارە و دەژی.

گەرچی ئێستا هیچ ئیحتیاجێکم بەو ئامێرانە نیە، ئامێر و ئیمکاناتی زۆر پێشکەوتوو تر، هەل و مەرج و پشتیوانان و یارمەتیدەرانێکی ناوداری باش و بەرچاوم هەیە و دەتوانم گشت نیازمەندی چاپی گۆڤارەکەم و نوسینەکانمی پێ ئەنجام بدەم هەتا لەکاتی سەفەر و ... لەناو کەشتی و شەمەنەفەر و هەواپەیمادا. بەڵام بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە هەل و مەرجێکی کوتوپڕی نالەبارم بۆ خولقا! ناچاریکردم بەشێك لە بەڵگەی بایەگانی بیرەوەریەکانم بەم مەکۆو مێزەوە کە وەك بەشێك لە جەستەم بە کارو ژیانمەوە بەسترابوون! ناچار بووم بە دەستی خۆم بیانمرێنم و بیان نێژم. ئای کە چ هەلومەرجێکی دیژوار بوو بۆم!؟
پاشمەرگی مەکۆو مێزەکەم کەوەك مردووموواریێك دۆش دامابووم، لەناو بەحری خەم و خەفەتدا نوقم بووبووم. ئەو پیرە پیاوە پەك کەوتووانەم هاتەوە یاد کە پاش دەیانساڵ بێئەوەی حەوجیان بە هەوجاڕ و مەساسە و... بێت، تاکاتی کۆتایی تەمەن و سەرەمەرگیان! ئەو ئامێرانە وەك یادگارێکی پیرۆز دەپارێزن.
ئازیزانم، ئەم فەرهەنگ و خو و خدەیە تەنیا لە ناخی من وەك من و کۆنە جووتیار. یان کۆنە راویارێکدا چەکەرەی نەکردوە. من خۆم و کۆنەراوچییانێك وەك نمونە و بەڵگە دێنمەوە کە دەیانساڵ پاش ئەوەی بۆ هەمیشە چنگیان لە چیاو چۆڵ و تاژیو کەو و کەروێشك پچڕاوە، وەك دڵۆپە بارانێك چۆن دەکەوێتە ناو دەریا و ون دەبێ ئەوانیش ئاوەها لەناو شارستانیەتێکدا، لەناو ژمارەی پێتەختی دەیان ملیۆنکەسیدا نوقم بوون، بەو حاڵەشەوە کەچی هیشتا چەخماخی ساچمەزەن و کەڵێن وقولاپ و بەن مەرەزی تولەو تاژیەکانیان وەك خاچی پیرۆز و... دەپارێزن!



ئازیزانم ئیتر من چۆن بتوانم مەرگی ئەو مەکۆ پیرۆزەی بە درێژایی یازدەساڵ بە تایبەت لە شەوگاری درێژی شانزە کاتژمێریو سەرمای 30 دەرەجەی وڵاتی سوێددا خووگرتن و راهاتنم مودام و بەردەوام بە هەر سێ سەعات کار و سەعاتێك پشوودان فەرامۆشکەم؟ دەکرێ نیسبەتی جیاوازی نێوان داتا و چاپگەر و زیراکس و ... ئەوسام لەگەڵ داتا و چاپگەر و سکانێرەکەی ئێستام، بە تراکتۆر و کومپاینی... ئێستا و، هەوجاڕ و مەساسە و داس و گاسن و... بە دەسکردی کۆلە وەستا و قەرەچیسازی ئەوسایان بشوبهێنم.

فەرهەنگۆك بۆ ئەم تاقە پەراوە

کەڵێن _ تەوقێکی قایش یان چەرمینە کە دەیکەنە ملی سەگ و تولەو تاژی.
بەن مەرەز _ ئەو بەنەیە کە سەرێکی بە قولاپێکەوە بە کەڵێنی تولەو تاژیەوە دەبەسترێ و سەرێکیشی بۆ کۆنترۆڵکردنیان بە دەستی خاوەن یا راوچییەوەیە.
هەوجاڕ _ لە سنە هێش و لە سەقز ئامورر لەبرێك شوێن ئێرەق یشی پێدەڵێن.
مەساسە _ بێڵاسنێکی چکۆلەیە بەسەر نەقیزەوە هەوجاڕی پێ پاك دەکەنەوە.))

# ڕەخنە و ، وەرگێڕان

هاوکاران، پشتیوانان، یارمەتیدەران و خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری جیهانی منداڵان و ئەوخۆشەویستانەی لەسەر سایتی ئەنتەرنێت کەم و زۆر ئەم گۆڤارەیان خویندۆتەوە و لە ئامانج و مەرج بەردی بناغەی ئەم گۆڤارە ئاگادارن. پاش گواستنەوەی یانەی سارا لە سلێمانیەوە بۆ سەقز و بۆکان، ئەڵبەتە بە شێوەی لامەرکەزی. نەك وەك سلێمانی؟ چون لە کوردستانی ژێر حاکمیەتی جەمهوری ئیسلامیدا هەتا ئەو نیمچە ئازادیەی لەو بەشە لەباشوری کوردستاندا ڕەخساوە نیە. من بۆ ئەوەی بتوانم بە نمونەی بەشێك لە ئاواتە کانم بگەم هەرنەبێ بڕێك بژیوی ڕۆژانە بۆ منداڵانی بێبەش لە ئیمکاناتی خۆراك و پۆشاکی فەقیرانەی یانەی سەیاری سارام لە سەقز و بۆکان دابین کەم، هەر منداڵەی مووچەیەکی مانگانەی مونەزەم مانگی دە هەزار تمەن بە شێوەی (کمك هزینە زیستی) واتە یارمەتی بۆ بژیوی ژیانی هەژارترین منداڵی حاشیە نشینی بێدەرامەد ڕێکخەم. بەو هیوایەی بەو میقدارەپارە ژمارەیەك منداڵ بە پێی پەیڕەو و ئەساسنامەی یانەی سارا: کە لە ژمارەی یەکەمی ئەمگۆڤارەدا چاپکراوە، لانیکەم لە برسیەتی ڕزگار بکرێن و گۆڤارەکەش وەك مامۆستاو مورەبیەکی سەر بەست و ئازاد ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ هەم لەسەر سایتی ئەنتەرنێتی تایبەتی خۆیو دیگەران و چاپ و بڵاویش بکرێتەوە. خۆش بەختانە بە پشتیوانی مادی و مەعنەوی ئەو کەسانەی ناویان لە یەکەمین لاپەڕەی گشت ژمارە کاندا و لە ماوەی دوساڵ تەمەنیدا سەرکەوتوانە بە ئاکام گەیشتووە و جێکەوتووە. لەبەر ئەوەی بتوانرێ ئەو میقدارە پارە دیاری کراوە بە باشی و کونترۆل کراوی بگاتە دەستی باوك و دایك یان سەرپەرستی ئەو منداڵ هەژارانە. سەر پەرستی هەر 5 منداڵم بە کەسێك سپاردوە. یەکێك لەو بەر پرسیارانە (خوشکە ئەفسەری فەیزی)یە، کە خۆی و مێردەکەی کە ئامۆزازامە هەردوکیان (معلم) واتە مامۆستان. خوشبەختان خوشکە ئەفسەریش هەم مامۆستا و هەم لە بواری پەروەردەی منداڵاندا مەتڵەب دەنوسێ.

کەخوشکە ئەفسەر یەکەمین بەرهەمی نووسین و لێکۆڵنەوەی دەربارەی پەروەردەی منداڵان بۆناردم و بینیم، خەریك بوو لە خۆشیاندا شاگەشکەبم. بە خۆشیەوە لە فارسیەوە وەرم گێڕا بۆ کوردی، و بە دوبەش لە ژمارەی 7و 8ی ئەم گۆڤارەدا چاپم کرد. هاوکات لەگەڵ چاپکردنی بەشی دوهەمی لە ژمارە هەشتی ئەمگۆڤارەدا هەردوو بەشەکەیم وەك نامیلکەیەکی سەر بەخۆ بەشێوەی بروشوورێکی شیك و شیرین و ڕەنکی لە تیراژێکی 200 نوسخەییدا بە زەحمەت و خەرجیکی زۆریش چاپ و بڵاوم کردەوە. چونکە ئەو نامیلکە دەقاودوق لەگەڵ مەرج و ئامانخ و بەردی بناغەی ئەم گۆڤارەدا دێتەوە و بەریە لە گشت بۆن و بەرامەی سیاسی و دینی و ڕگەزپەرستی. بۆیە بڕیارماندا ئەو بەرهی لەو چەشن و شێوەیەمان بۆ بنێرێ ئێمەیش وەك بەڵگە و نموونە چاپیکەین.

ئازیزانم! ئەمە بەشی یەکەمی دووەمین بەرهەمی نوسراوەی خوشکە ئەفسەری فەیزیە کە بۆی ناردووم. بەداخەوە لە گەڵ ئامانج و مەرج و بەردی بناغەی ئەم گۆڤارەدا نایەتەوە. هەرکەس تۆزێك بەدیقەت ئەم دو نوسینە ڕەچاوکات بێگومان دەبێت لەوەی ئەم نوسینەیان بە مامۆستا ئەفسەر دیکتە کردوە. چونکە ئەگەر لەگەل بەرهەمی پێشوویدا بەراوەرکرێ ئەمەیان بۆن و بەرامەی مەزهەبیو کۆنەپەرستی زۆربەزەقی پێوە دەبینری. گەرچێئەم بەرهەمە سانسۆرو دیکتە کراوە، نەخواستی دەروونی نووسەرەکەیەتی و نە شایانی ئەوەیە لەم گۆڤارودا بڵاو بکرێتەوە. بەڵام بڕیارمدا بەڕخنەیەکی ماقوڵ و ئوسووڵیەوە چەند بەشێکی بڵاو بکەمەوە. چونکە پێموایە بەپێچەوانەی نییەتی سانسۆر کەران دیکتە کەران دەبێتە هۆی بەرجەستە و بە هێزبوونی گۆڤارەکەمان بە گشتی و نامیلکەی پێشووی خوشکە ئەفسەر بە تایبەتی. ئێستا ئیتر ئەمە ئێوە و ئەمەش نمونەی بەشی دوهەمی ئەو نوسراوەی خوشکە ئەفسەری فەیزی کە بۆی ناردوین.))

# منداڵ لە ڕیزی خاوو خێزاندا

**نووسینی ئەفسەری فەیزی وەرگێڕان لە فارسیەوە عەلی کیتابی**

1= منداڵ بەشێکی بزێوە لەجەستەی خاووخێزان و خێزانیش چوارچێوەیەکی گرینگە بۆ فێربون و بارهاتنی منداڵ. تاکەکانی خێزان لەیەك جیانین، بەڵکو لە سیستمێکی هاوبەشدا دەژین، ئەگەرچی هەریەکەی بۆخۆی کەسایەتیەکی جیاوازیان هەیە و هیچکەسیان لە کەسێکیتریان ناچن بەڵام لەزۆربەی ئوموورردا پێکەوە هاوبەشن، لەلایەکی تریشەوە هیچکەسیان بەهیچ شێوەیەك لەیەك ناچن. دایك و باوك دوو جنسی مخالفن و خوشکان و براکان لیك ناچن و جیاوازن. منداڵان واتە کچ و کوڕ گەرچی لە باری جنسیەوە ڕەنگە لەگەڵ دایکوباوکیاندا وەك یەکبن، بەڵام لە بەرانبەریاندا هەرکام کەسایەتیەکی جیاوازو ئیمتیازیکی تایبەتیان هەیە. پێویستە ڕەوڕەفتاری گەورساڵان لەگەل منداڵدا جۆرێکبێ بەسەرخۆشەویستیو (یەگانەگی) واتە یەکبوونی ئەوان، واتە منداڵەکاندا حاکم بن و نابێ منداڵ خۆی بە بێگانە لەوانیتر بزانێ، ئەگەر هەست بە جیاوازی خۆی لەوانیتر بکات زەرەری زۆرە، منداڵ بەدورنیگەری، وردە وردە خۆی لە ئەندامی خێزان جیا ئەکاتەوە، ئەم ڕەویە لە ڕۆحی منداڵدا شوینەوارێکی خراپی دەبێت.

## 2 گرینگی بەدەربەستبوونی دایکوباوك لە بارهێنانی منداڵدا،

یەکی لەمافەکانی منداڵ بە ئەستۆی دایکوباوکەوە، بارهێنانی دورستیئەوە. دایکو باوك لە بەرابەر منداڵکانیاندا وەزیفەیەکی گران و گرینگیان بەئەستۆوەیە. ئەوان کە بناغەداڕێژەری پەروەردە و بارهێنانی منداڵەکانیانن بەرپرسی کردار و ڕەفتار و ژیانی دواڕۆژیشیانن. بە شێوەیەك کە منداڵانی"فاسید" کرمی ناو کۆمەڵ بە شێك لە گوناحەکانیا وەك تەوق لە ئەستۆی دایکان و باوکاندایە. هەروەهایش باوکودایك لەئەجرو ئیحسانی فرزەندانیصاڵحداشەریکن.(احادیس) و ڕیوایاتێکی زۆر لە سەر ئەم کارە گرینگ و ئینسانیە دەربارەی منداڵ پێدادەگرن. هیچ باوکێك گەورەیی و بەخششێکی بڵیندترو شەریفتری لە تەربیەت و ئەدەب بە کوڕەکەی نەبەخشیوە. ئەدەب و ڕاهێنانیباش لە گشت سەرمایەی (بەستەگیو نیسبی و سەبەبی) شەریفتر و شانازی هینەر ترە. باشترین میراتێك کە باوکان بۆ فرزەندە کانیانی بەجێدێڵن ئەدەب و بارهینانی دروستە. ئەمە خواست و مەیلی ئەولیای گەورەی فێرکردن و بارهێنانی منداڵانە کە بۆ داواکانیان لە کاتی دۆعا و نیایشدا، لە خوای گەورە داواکارن، کە لەم کارە گەورە واتە فیرکردن بارهێنانی مندللأندا یارمەتیان بدا، ڕیوایەتە کە دەڵێن: فرزەندی صالح گوڵیکە لە گوڵەکانی بەهەشت.

لەم نوسینەی خوشکە ئەفسەردا بە پیچەوانەی نووسینی پێشووی گشت عیلم و زانست و فەلسەی عیلمی بۆ فێرکردن و بارهێنان فڕێدراوە؟! کڕنووش بۆ حەدیس واتە حیکایەتی بێبەڵگەو بایەخی کۆن و کۆنە پەرستی براوە. لێرەدا ئەولیا، واتە باوك، هزر و هۆش و کەسایەتی، پۆشینو نۆشین، هەتابۆچون و بیرکردنەوە بۆ منالەکانیان دیاری دەکەن. لەڕاستیدا بە پێیفەرهەنگی کۆن و دواکەوتوانەو بە حوکمی یاسای دینی، ئەولیا، واتە باوك مێشکو ئەندێشەو جەستەی مندالەکەی دەقاودەق وەك مێشکی لەخورافە ئاخنراوی خۆی لەقاڵب دەدات. پێموایە توێژینەوە و بەراورد کردنی ئەم دو بەندە لەگەڵ نامیلکەی نامە بۆ مورەبیان و لە قاودانی مەبەستی دیکتە کراوی ئەم نوسینە کەبەتۆپزی بەسەر خوشك ئەفسەردا داسەپێنراوە بەس بێت. با زیاتر قەزاوەتەکەی بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بسپێرین. بۆئاگاداری خوینەران، خوشکە ئەفسەر وەك گشت مامۆستایانی ژن لە مەدرەسەدا لەناو چوارچێوەی یاسای ئامۆزش و پەروەرشی دینیدایە لەماڵیشەوە لەناو یاسای دژێوی پیاوسالاریدا وەها ئەسیر کراوە، هەتتا ئیجازەی پێناندری پاش زیاتر لە 20 ساڵ ڕەنج ومندالداری و پیشەو پێشینەی مامۆستایی، کرێی مامۆستاییەکەی بە حەزو ئارەزوی خۆی سەرفکات؟! ج = م

# مامۆســــــــــتا

لەدوای دایەم ماۆستا    وشەم پێ نیشان دەدا
ئەڵێ ئەی مناڵەکان    کۆرپە ساوا کاڵەکان
خامە بگرن لە دەستان    تا بنوسن مەبەستان
منیش وەك مناڵی خاس    دادەنیشم لە کەلاس
گوێ ڕا ئەگرم بەجوانی    بۆ وشەی دەرسەکانی
مامۆستای شیرین زوان    پیمان ئەڵێ وردوجوان
پۆلی یەك ئەلف و بێیە    بناغەی دەرس لەوێیە
هەرکەسێ جوان نەیخوینێ    تا ئاخر جێ ئەمێنێ
مامۆستا لە نێو دڵــە    وشەکانی وەك گــوڵە

# بــــــەرخ

منم بەرخێ بچکۆلە    خرت و مرت و نەرمۆڵە
شادم بە شنەی شاخان    دەڕۆن بۆ نێوی باخان
ئاوی کانی ئەنۆشم    من بەرخێکی سەرخۆشم
سپیم و خنجیلانە    چاوم شینەو جوانە
سمەکانم خرۆڵــە    ڕەق و بۆر و بچکۆڵە
دایم لەدەوری دایەم    خەریکی بەزم و کایەم
دور ناکەومۆ لە دایە    ئاخر ئەو زۆر ورییایە
دایەم زۆر میهرەبانە    دایم شیری لە گوانە
ئەڵێ بیخۆ ئەی ڕۆڵە    تا گەورە بوی ناسکۆڵ

لەشیعرەکای فەرەیدون میرئەحمەدی(جوانرۆیی)

# جـــووجــــەڵە

ئەی جووجەڵەی تەلایی
دەنوك سووری خەنایی
چۆن بو ئەو بەندەت شکان
خۆت ڕزگارکرد بۆ ژیان

ئای چەن جێگام تەنگبو
دیواری وەك سەنگ بوو
بێ‌پەنجەرەو بێ دەرگا
هیچکەس لێم نەبوو ئاگا

من لە خۆمدا یەك تەکان
وەکوو ڕۆستەم پاڵەوان
سەددو سنوورم شکان
چاوم کردەوە بۆ وژیان


چیرۆکە شیعرێکی فۆلکلوری فارسیە عەلی کیتابی کردویەتە کوردی.

............................................................................

# ( کە منداڵ بووم )

لەبیرم دێ کەمنداڵبووم لە میمبەری
پەرستگایەك بانگم ئەدا
بۆ بەرنامەیەکی کۆن
کۆنتر لەشانەی تەنراوی
جاڵجاڵۆکەکانی ناو پەرستگا!!!..
چەن مامۆستایەك بۆ ئەم ڕێگایە ،
وانەیان دا ئەدام
هزرو ژیریم دەفتەرێك بوو
چیت بویستایە لێی ئەنووسرا
گەرچی بەتەمەن مناڵبووم
بەڵام منداڵێکی زۆر بەپرسیار و چالاك بووم
دڵم زۆر بێگەرد و گەورە بوو ،
گەورەتر لە پەلکی هەنجیرەکانی ،
ناو حەوشی پەرستگا !!!..
پاکتر لە پەرتووکی
سەرگۆشە و تاقەکانی
ناو پەرستگا!!!...
هەموو ڕۆژێ چەنجارێك ،
دەستەکانم بەئاوی حەوزەکەی ئاو ئەدا
هێدی هێدی باڵایان ئەکرد و سپی ئەبون
جاری وابوو سپی‌تر لە مێزەرەی مەلا!!!...
کە منداڵ بووم
خاوەنی یەك هەڵوێست بووم
فێر کرابووم یەکجۆر بدوێم
یادم تەنها ویردی خوابێ
چون لەدوای خوا کەس هاوڕێی تەنهاییم نابێ
وا فێر کرابووم کە ...!!!...
هەر ئەم بۆ هەردوو گیتی
سەروەرمانە
کە منداڵ بووم زۆر سۆزداربووم
دوای کەشیەی زەردی حاجی و
پشتێنی سەوزی شێخ و
عەمامە ڕەشی سەید کەوتم
کە منداڵ بووم زۆر دەترسام
هەستم دەکرد هەموو جیهان
لە ئاستی من جنۆکەو دێون
چون وا گۆش کرابووم نەم ئەزانی
چی لە پشتی ئەم چیایە خۆی مەڵاسداوە!!!...

نووسینی بێدار 2004



## کەیۆمرس = نیکرەفتار،

## کەس ناخورێنێ پشتی‌من، مەگەرنینۆکەکانی مشتی‌من!!

ئەزمونی تاڵی مێژوی سەدساڵەی ڕابوردوی میللەتی کورد، ئەبوایە تا ئێستا بە ئەولایەنە سیاسیە کەمتەرخەمانەو بە لایەنگرەکانیان کە هەندێکیان هێشتا لە بیروباوەڕ و داب و نەریتی عەشیرەیی و خێڵایەتی چەندەها سەدەی لەمەوپێش = دا قەتیس ماونەتەوە، ئەوڕاستیەی سەلماندبوایە کە هۆکارە سەرەکیەکانی بندەست و ژێرچەپۆکە و بەخسیرمانەوەی گەلی‌کورد، کامانەن؟!

ئەگەر لە وەرزێرێکی ساکاری کورد لەهەرکام لە پارچەکانی جیاوازی کوردستانی گەورە_دا، ئەم پرسیارە بکرێت کە: هۆکارەسەرەکیەکانی بە "دەوڵەت نەبونی"، نەتەوەیەکی 40 ملیۆن کەسی‌و پێنج هەزارساڵەی وەکوو کورد، لەچیدا ئەبینی؟ ڕەنگە وەڵامەکەی بەو سوکوئاسانیە بزانێ کە خویندکارێکی باڵای کۆمەڵشناس، مامۆستایەکی پسپۆڕی ڕامیاری، یان کارشناس و دڵسۆزێکی گەلی‌کورد ئەیزانێ!

وەڵامەکە ئەوەندە لە بۆتەی ئازمونی سەدەکاندا، چەندپات بۆتەوە کە خۆمان ووتەنی : "خانیش پێی زانیوە"!

لە داستانەکانی زۆرکۆنی بەڕواڵت ساکارو هەمەکەس زان، بەڵام پڕواتا و ڕاچڵەکێنەر، کە لە کتێبەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، ئە خوێندرا، تا پەند و مۆژیاری لێ وەربگیردرێ، یەك و دوو داستان پڕبەپێست بەسەر ئێمەی میللەتی کورد_دا، تەتبیق دەکرێ.

لەشاخەکانی کوردستانی گەورەی خۆماندا " بیخوێنەوە: کوردستانی گەورەی خۆیان و بەخسیرگەی خۆمان"! باڵندەی هۆگری زۆرجوانی"کەو"زۆرە. زۆرتر لە شوێنەکانی تری دنیا. زۆر جێگای داخە کە ئەم باڵندە خۆش ڕەنگ و خۆش دەنگ و خەرامانڕەوتە، بەچەندەها فروفێڵ و تەڵە و داوو، ڕاووشکار بە بی‌بەزەییانەترین شێوەکان خەریکە قرانی پێ‌بێت! ئەویش قوربانی نەزانی‌و داب و نەریتێکی داسەپاو و کۆنە پەرستانەیە! جا لێرەوە داستان دەست پێ‌دەکات:

ماکەوێك (چێڵ)،لە کێڵگەیەکی گەنما، هێلانە ئەبەستێت و، هێلکە ئەکات و کڕ ئەکەوێت و پاش 21 ڕۆژ (سێ‌هەفتە)، هێلکەکان ئەبن بە جووجکە و جووجکەکان دەنووك لەپێستی هێلکەئەدەن و کونێکی خنجیلانە بە قەدری دەنوك لەهەرکام لە هێلکەکان دیاری ئەدات کەجووجکەکان لەو کونەوە هەم هەوا هەڵئەمژن و هەمیش دەنگیان دەگاتە دنیای دەرەوە!

ئەم کارەساتە لەگەڵ دروێنەی کێڵگەکەدا هاوکات بووە. بۆیە کەو زۆر نیگەرانو بەپەرۆشەکەخۆی‌و جوجکەکان نەبن بەقوربانی دروێنەکارەکان!

کەو پاش 21 ڕۆژ چۆکدان و خەوتن بەسەر هێلکەکانیەوە، بێ خواردن و نۆشین، هێزو توانای هیچی تێدانەماوە. ئەبێ لەم هەلەمەرجە سوود وەربگرێت و بڕوات تۆزێ خواردەمەنی و ئاو بخواتەوە، بە پەلە بگەڕێتەوە سەر هێلانەکەی‌و، هۆشی بەجگەرگۆشەکانیەوەبێت. لەکاتێکدا ئاگادارە ئەمڕۆو سبەی، کاتی دروێنە و دەرکەوتنی ئەوانە و ئەمەش یانی لەناوچوونیان!

ماکەو ئەیەوێ بۆخواردنی ئاوو دان لەهێلانە دەر بچێت، بە جووجکەکانی ڕا ئەسپێرێ، بەهۆشیارییەوە گوێی دڵتان بدەنە قسەوباسی وەرزێر و کاتی دروێنە، تامنیش بزانم چیمان پێ‌ئەکرێ یا نەبینە قوربانی!

پاش چەن ساتێك، وەرزێر و کوڕەکانی دێن و بەبەردەم هێلانەکەدا تێپەرئەبن و باس لەدروێنە ئەکەن و یارمەتی دراوسێ‌کانیان پێویستە وکاتی دیاری‌کراویش سبەینێ بەرەبەیان ئەبێ.

هەرکە دایك دێتەوە جوجکەکان، قسەکە ئەگێڕنەوە. بەڵام دایکیان دڵنیایان ئەکات کە هاتو پشتیان بە دەرهاوسێوە بەستووە، خەیاڵتان تەخت بێت کەنایەن.

ڕۆژی دواتر، وەرزێرو کوڕەکانی دەست بەداوێنی خزم و کەسوکار ئەبن. بەڵێنی یارمەتیان لێوەرئەگرن و بڕیار ئەدەن پێش هەڵاتنی خۆر لەسەر کێڵگەکە ئامادەبن و دروێنە بکەن چونکە گەنمەکە وشکبۆتەوە و، بەبەریەوە نەماوە!

دایك دێتەوە دەقی قسەوباسی بۆ ئەگێڕنەوە. دایك ئەمجارەش جوجکەکانی دڵنیا ئەکات کە: هیچ خەمتان نەبێ. ئەمجارەش سەرناگرێ!

جاری سی‌یەم و چوارەمیش وەرزێرو کوڕەکانی بێ‌پشتیوان و یارمەتیدەر ئەمێننەوە، تا ئەوەی کە چارەیان بۆنامێنێ‌تەوە جگە لەوەی کە تەنها بەخۆیان پشت ببەستن. چونکە هەرکەسێك یان لایەنێك بەرژەوەندی خۆی هەیە و بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن.

ڕۆژی پێنجەم وەرزێرو کوڕەکانی و کچەکانی و دایکی کوروکچەکانی هەر هەموویان سەر لە ئێوارە و تووڕە لەو هەموو بڕیارە هیچ و پووچانەی دەروهاوسێ و، خزم و کەس و کار و دۆس و هاوەڵ، عەزم جەزم ئەکەن کە سبەینێ بەرەبەیان خۆیان کاری دروێنە دەست پێبکەن. جووجکەکان ئەم قسەوباسەش بۆ دایکیان ئەگێڕنەوە. دایکیان کە ئەمە ئەبیسێ، ئەڵێ:

ئیتر هەمووشتێ تەواو بووە! بڕیارو بەڵێنەکە لە دڵ و دەروونی خۆماڵییەوە هەڵقوڵاوە و، گاڵتەی پێ‌ناکرێ. ئێوەش خۆتان ئامادە بکەن سبەینێ پێش هاتنی وەرزێر و بنەماڵەی، ئەبێ ئێمە لە کێڵگە دەربچین. هەرواشیان کرد. لەدورترەوە بەڵام بەچاوی خۆیان بینیان کە وەرزێرو بنەماڵەکەی ڕاستەوخۆ لە نزیك هێلانەکەی ئەوانەوە دەستیانکرد بە دروێنە! جا جوجکەکان لە دایکیان پرسی: ئەرێ نەتانبیستوە ئەڵێن: " کەس پشتی‌من ناخورێنی مەگەر نینۆکی دەستی خۆم!!

ئاکام : ئایا ئەبێ ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد، دەست بە ئەژنۆ دانیشین پشت بە ئەم و، ئەو، ببەستین ، تا کارێکمان بۆ بکەن و بە تەماش بین ئەوکارە بەتەواوی لە بەرژەوەندیماندابێت؟ لەکاتێکا زۆرجار بەرژەوەندی یەکێك، دژ بە بەرژەوەندی ئەوی ترە!؟ *** پاشماوەی هەیە.

کەیۆمرس نیك ڕەفتار _ کەنەدا

# ماف منداڵ له کوردستاندا!

## بەشی یەکەم

### باوکی ئالان ... قەرەداغی

ماف مرۆڤ، زۆر لەمێژە له کوردستاندا قسەی له سەر دەکرێ.
ماف مرۆڤی کورد له کوردستاندا له چەوسانەوەی نەتەوایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە . ماف مرۆڤی کورد بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان وەکو بەشێ لەخەباتی چەکداری یان لەباشترین فۆرمیدا وەکو بەشێلەخەباتی دیپلۆماسی سەرچاوەی گرتووە.

پێش راپەرین و دوای راپەرین ئەوانەی ئەم مەشخەڵەیان بەرزکردەوە هەر له چوارچێوەی ئەو چەوسانەوەیەدا بوو یان بۆ سارێژ کردنی برینەکانی ئەو چەوسانەوەیەبوو، بەتایبەت لەدوای راپەرینی 1991 وە.
ریکخراوەکانی ماف مرۆڤ له کوردستاندا ئەوەندەی بەدوای تیمارکردنی برینەکانی سەدامەوەن ( که بۆخۆی دەبێ بکرێت به بەشێ له چالاکیەکان ) ، ئەوەندە به دوای ئەوەوەنین که خەڵکی کوردستان ( منداڵ ، ژن ، پیاو ) بەگشتی به مافەکانیان ئاشنا بکەن.
بەداخەوە بەرهەمەکانی ماف مرۆڤ، له پارچە زەوی وەرگرتن و شتی لەوجۆرەدا سەری بەرز کردۆتەوە! ( کەئەم زەوی دابەشکردنەش هەزارەها بێماف مرۆڤی لەخۆیدا قووت کردوە ، چونکه ماف مرۆڤ، لەکوردسناتدا بۆتە ماف شەهیدان ، پێشمەرگەی دێرین و قارەمان، کەس وکاری شەهیدان ، کەس و کاری پێشمەرگەی دێرین.
ئەم مافی مرۆڤەی له کوردستاندا باسی لێوە دەکرێت ماف "پارتایەتیه" "ناوچەگەریه" "خەڵك کەسب کردنه".
ئەم ماف مرۆڤەی لەکوردستان باسی لێوە دەکرێت، ماف پیاوە، ماف پیاوی نەتەوەیەکه، مافی مەزهەبی پیاوە. ماف ئایدۆلۆژیەتی پیاوە.
ئەو پیاوەی، سیاسییه، رابەر و دەست پێشخەری ئەم مافانەیە، خۆی له ماڵەکەی خۆیدا ژن و منداڵەکانی دەچەوسێنێتەوە و بێمافیان دەکات، پاڵپشت کردن و هاندانی سیاسەتی شەڕی ناوخۆ ( لەنێوان پارتە کوردیەکاندا) بۆخۆی کوشتن و بێخانەولانە و بێباوك کردنی منداڵانە...
ماف پیاو له کوردستاندا بریتیه له ماف مرۆڤ ، دەبێ ئەمە وەلاوە بنرێت و ماف مرۆڤی کورد وەکو ماف منداڵ، ژن ، پیاو یەکسان بێ.

کاتێك پارتی و یەکیەتی و ئیسلامی یەکتریان قەتڵ وعام دەکرد، یەکتریان دەکوشت و سەردەبڕیی، دەسوتاند رێکخراوی ئەمنەستی ئینتەرناشناڵ "لێبوردنی نێودەوڵەتی" راپۆرتێکی بڵاو کردەوە لەسەر تێکشکانەکانی مافیمرۆڤ، له کوردستانی عێراقدا فیبرواری 1995 ئەوەندەی باسی پیاوەکان و پارتەکان کراوە هەرهیچ باسی ماف منداڵ و ژن نەکراوە هەر بۆیە لەسەر ئاستی نێیو دەوڵەتیش ئەو تێکەو لێکەیە هەیە.

سەرکردەکانی پارتە سیاسیەکان له کوردستان ئەگەر به ئەنقەست بیانەوێت فرمێسك برژێنن چاوی ئەورووپیەکان و ئەمریکیەکان و چاوی کوردیش کوێربکەن ، باس له ژن و منداڵ دەکەن، بەڵام هەر به ئەنقەست هەزارەها منداڵ بێباوك دەکەن له شەڕی "برایەتی" خۆیاندا.
ماف مرۆڤ، له کوردستاندا دەبێ له منداڵەوە دەست پێبکات نەك له پێشمەرگەی دێرینەوە، یان قارەمانەوە.
کام ریکخراوی منداڵانی کورد ئەوە دروشمیەتی؟ کام ریکخراوی منداڵانی کورد له شەڕی ناوخۆدا ڕژانە سەر شەقامەکان و دژایەتی شەڕی ناوخۆیان کرد؟ کام رێکخراوی ماف مرۆڤی کورد به مەشخەڵ و ئاڵای ئلشتیەوە چوو بۆ بەرەکانی شەڕی ناوخۆ؟ کام رێکخراوی منداڵان وێنەی منداڵانی کوردی کردە دروشمی ماف مرۆڤ،؟

### وەڵامەکەی هیچکامیان بۆ؟

چونکه ئەوەی هەیەو کاردەکات له ژێر سێبەری حیزبەکاندا هەناسەی خۆی ئەدات و حەساوەتەوە.
ئەو نووسین و کارانەی که کراویشن بێکاریگەر بوون، چونکه کاتێك دەتوانین باسی ماف مرۆڤ، بکەین، که لەژێر سێبەری ماڤ، تیکشکێنەردا پشوو نەدەین.

( هەر لەو روانگەیەوە له (1993) دا له ئەڵقه تەلەفزیۆنیەکانی بەرنامەی "دەنگی یاساو دادپەروەریدا" کەهەر بەخۆم (22) ئەڵقەمان لێ ئامادە و پیشکەش کرد، پێشنیاری ئەوەمان کرد، که بنەماکانی ماف مرۆڤ، له قوتابخانەکان و پەیمانگه و دانیشگاکان بخوینرێ، هەروەها گۆشەیەکی بەردەوامان لەسەر "ماف مرۆڤ، لەنێوان پێشێلکردن و پاراستنیدا" بڵاو دەکردەوە... ل 9 )

کاك هەژار کاری زۆر گرینگ و باشی کرد و کتێبێکی به نرخیشی ئامادەو وەر گێڕا ( له بیرەوەری یۆبیلی زێرینی جاڕنامەی ماف مرۆڤ،/ پاریزەر هەژاری عزیز سورمێ_1998) کەمن لێرەدا ئاماژە به هەندێك پەرەگراف دەکەم. قسه لەسەر ماف مرۆڤ، دەکات.

بەڵام بۆ کاریگەری نەبوو لەسەر پاراستنی ماف مرۆڤ، لەکوردستاندا؟

ئەو هەموو قسەیە لەسەر ماف مرۆڤ، بۆ لەساڵی 1994دا کە شەڕی خەستی ( پ دك ، ی ن ك ، پ ك ك و ئیسلامی سەری هەڵدا یەك کەس حسابی بۆ بۆچوون و نووسینەکانی کاك هەژار نەکرد وەڵامەکەی ئاشکرایە، کاك هەژار لە ژێر سێبەری چەتری لایەنێکیاندا باسی ماف مرۆڤی دەکرد.. ئەمە نابێ ! براگیان !

( هەقیقەتێکی لەواقعدا سەلماوو حاشا هەڵنەگرە، کە بارزانیەنەمر، لە پێناوی پاراستنی ماهییەت و کەرامەتی ئینسانی کورددا نیو سەدەی لە تەمەنی خۆی ... و تاد ل 247 )

ئەمە دەربڕینە لە بیرو باوەڕی پارتێکی سیاسی و دەر برینە لە ماف نەتەوەیەك کە تەنها پیاوی تیادا دەژی نەك منداڵ و ژن.. ئەمە نان و پیاز خواردنە بە ماف مرۆڤەوە لە سێبەری حیزبێکی سیاسیدا.

هەر وە ها لە باسی پیشنیاری مەڵبەندی تویژینەوەی ماف مرۆڤدا کە بانگەوازی ئەومەڵبەندەی لە لاپەڕە 247 دا ڕاگەیاندووە لەژێر کاپیتاڵی بەرەو دامەزراندنی (مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر بۆ مافەکانی مرۆڤ) دەنووسێ ..." ئەوکەسانەی کاری تێدا دەکەن، لەو مرۆڤە دەست و دڵ و ڕابردوو خاوێنانەبن، کە بە ڕاستی ڕێبازی بارزانیی نەمریان لا پەسەندە و پەسەند بووە و بەشێکی گەورەی بەرنامەی ژیانیان بووە، نەك ......" ل 249

ئەگەر لایەنێك وەکو " پارتی" ئاوێنەی ماف مرۆڤی کاك عەزیزبێ، ئەبێ ماف مرۆڤ، مانای چی بێت؟!

ئەو پرۆژەیەی کە کاك عەزیز بۆ داهاتووی ماف مرۆڤی دەخاتە ڕوو، مەرجێکی بۆ داناوە نەك هەرنابێ موناقەشە بکرێ، بەڵکو دەبێ خەتی ڕاست و چەپی بەسەردا بێت.

دواتریش لە بەشی بەڵگەنامە و دوکومێنت دا زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کەلەپوورو عەدالەتی بارزانی و پارتی بکرێتە بنەمای ماف مرۆڤ، لە کوردستاندا و سەرچاوەی توێژینەوەی زانکۆکان و پسپۆڕانی ماف مرۆڤ، لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات.

ئیتر ئەمە وا دەکات کە بەرنامەکانی، نووسینەکانی، وەرگێرانەکانی کاك عەزیز لەلایەن زیاتر لە 70 ٪ خەڵکی کوردستانەوە ڕەت بکرێتەوە و هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی لە چوارچێوەی حیزبییەتدا تەماشا بکرێت و هەمووشمان شاهیدی پێشێل کردنی ماف مرۆڤین لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە و لەوانەش "پارتی".

جا ئیتر ئەمە سەیرو سەمەرە نییە کە ڕاوێژکاری یاسایی‌و قانونی بەبەرچاوییەوە شەڕی ناوخۆ بە "عەداڵەتی بارزانی"و ڕێبازی هاوچەرخ" دابنێ..! هەر بۆیە شتە جوانەکانی کاك عەزیز لەڕووی کۆمەڵایەتی بوونی کوردییەوە بێبایەخ مانەوە.

## 10 _ بەشی ئافرەتان .. ل 254

ئافرەت میحوەرێکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردەواریمان دەنوێنێ بە چەندان شێواز و شێواز، ئەشکەنجە و ئەتك کراوە و بە زەقی مافەکانی پێشێلکراوە، کە ئەو سلبیاتە کۆمەڵی هەراسان کردوە، وا چاکە لەو بەشەی مەڵبەندەکەدا دوای وردبوونەوە لە جارنامەی ماف مرۆڤ، ڕێککەوتننامەکانی لە مەڕ ماف ئافرەت, ژێرپێ خستنەکانی ماف ئافرەت دەست نیشان بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە... سەرەڕای ئەوانەش دەکرێ بەشێك بۆ زارۆك و منداڵان و ... هتد تەرخان بکرێ , ل 258

پرسیارەکە ئەوەنیە کە ئینسان بە چ ناوێکەوە دەنووسێ یا قسەکەری چ حیزبێکە، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن هەموو حیزبەکان بێنە ژێر پاڵی ئەو مافەوە کە قسەی لەسەر دەکەین، ئەو کەسانەی، ئەو حیزبانەی کە دەستیان بووە لە تێکشکاندنی ماف مرۆڤ، و پێشێلکردنی بنەماکانی ئەو مافە دەبێ دەست بکێشنەوە لە گەمە کردن بە ماف مرۆڤ، .

ی ن ك و پ د ك بە پێی ڕاپۆرتی ئەمنستی 1995 بە خراپترین شێوە مافەکانی مرۆڤیان لە کوردستاندا پێشێلکردووە، هەربۆیە ئەم دوو حیزبە پێویستە بەیەك دەنگ پاڵپشتی خۆیان دەربڕن بۆ ڕێکخراوە بێلایەنەکانی ماف مرۆڤ، لە کوردستان .

لە کوردستان، کە لەمنداڵان و ئافرەتانی کوردەوە دەست پێ دەکات ماف منداڵ لە سکی دایکیەوە هەتا تەمەنی 16 ساڵی و ماف ئافرەتان لە تەمەنی 16 ساڵییەوە تا ڕۆژی مردن باسی لێوە بکرێت .

ماف منداڵ لەچوارچێوەی ماف پیاودا باسی لێوە بکرێ. ماف ئافرەت لە چوارچێوەی ماف پیاودا تاو توو و هاو سەنك بکرێت .

با چاوە ڕووانی پاشماوەکانی ئەم ڕەخە و پێش نیازانە بین.

# چمكێكی چكۆله

## لة رؤماني سارا



نووسینی عەلی کیتابی

حەمەی شیخ جەلال دەڵێی پیرێژنی دۆڕژاوە بە خەم و خەفەتێکەوە دێتەلای ئەحمەد و دەڵێ:

ئەهمەد گیان ئەوە شەشمانگی ڕەبەقە ئەم تفەنگچیە تیلەکۆییانە و ئەم لەشکرە سەربازە ڕژاونەتە ئێرە، کەژ و کێوو دەشتودەریان لێکردووینەتە جەهەنەم، بە تایبەت حەوزو کانی و حوجرە و مزگەوتیان لێ داگیر کردوین. ئەوماموستا سەید جەلالەی کە جاران لە کاتی سەرماو سۆڵەی چلەی زستان و قرچەی گەرمای هاویندا ئەگەر سواڵکەرێك، داماوێك ڕێبوارێك، پێوارێك سەرلێشێواوێك لەناچاریا پەنای بۆ مزگەوت بهێنابا ماموستا بەر هەڵستیان دەوەستا، بەزۆر مجێوری لێهان دەدان وەدەری دەنان و دەیگوت:

ئێرە مزگەوتە و بەزاهیر جێگای عیبادەتی مرۆڤە و لە باتندا جێگای عیبادەت و نیایشی فریشتەیە، ئەگەر مرۆڤ، تێیدا بنوی کە بایەکی لێ بەربێ فرشتەکان ناچارن بە زار و لۆوتیان ئەو بۆنە پیسە هەڵمژن بیبەنە دەرەوە بەرەڵای‌کەن. بۆم بە بوختیان نەبێ، فەقی‌کان هەمیشە کاری وا چەپەڵیان لەم حوجرە و مزگەوتەدا ئەنجامداوە مرۆڤ، لەگێڕانەوەی شەرم دەکات. کەچی ئێستا بۆتە ڕەپێڵگە سوپای سەرکوتکەر وسەگ و سەرباز و بەکرێ گیراوانی عەجەم ؟! دیارە ماموستا پێی ناخۆش نیە بۆیە نق ناکات! ئەحمەد دەڵێ:

ئەی ئەوەت زانیوە ماموستا شەوانە و بە نهێنی تەك و تووك و دوو دوو لەگەڵ کوێخادا لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا کۆ دەبنەوە؟ حەمە دەڵێ: ئافەرین بەخوا دوینێشەو ماموستاوکوێخا، گزیریان نارد بە بەدوای باوکمدا، وادیارە کۆبونەوەی گرنگیان هەبووە ئەمە بۆ یەکەمجارە باوکم بۆ کۆبونەوەی تایبەتی مەلاوکوێخا بانگ دەکری؟ خۆباوکیشم لای من هیچ نادرکێنی. ئەحمەد دەڵێ:

حەمە گیان یەك دوانێك لە هاوەڵەکانمان داوایان لێکردووم پێکەوە لە پێوارێکا کۆبینەوە پێکەوە بڕێك لە دەردی دەروونی خۆمان بدوێن. من بۆیە خستومەتە دوواوە پرسێکیش بەتو بکەم بەڵام پیم باشە لە نییەتی کۆبوونەوەی مەلاو کویخا شتێکمان زانیبێ جا ئەو کۆبوونەوە ئەنجام بدەین. تۆ هاوەڵەکان ببینەو بدوێنە. منیش دەچمە (مزیوەرە) لای باوکت دڵنیام هیندە متمانەی بەمنە گرێی دڵی‌خۆی بۆمن دەکاتەوە.

*****

ئەحمەد کە بینی خاڵۆجەلال پێمەڕەیەکی ناوە بەشانەوە لەماڵ چووە دەرێ، زانی بۆ مزیوەرە دەچێ، ئەمیش دەست دەداتە پاچ و پەتێێك بەرەو کێڵگەی مزیوەرە وە دووی دەکەوێت، کەدەبینێ خاڵۆ لەسەر بارستایی جۆگەلەکە وەستاوە بەدیقەت مووچە و مەزراکەی سەرنج ئاژن دەکات، بە سلاوێکی گەرم و گوڕ ڕای دەچڵەکێنێ و دەڵێ: خاڵۆگیان ئیمرۆ دەتەوی چ بکەی؟

= وەعەلێکەسەلام، عەمرت درێژبێ. بەخوا حەوتوێکەنەباریوە خۆ عەرزی بەهاریش هێندە زوو وشك دەبێتەوە ناکێڵدرێ گەرەکمە ئەم قولاخە زەویە بەم بارستایی جۆگەلەوە (بوومدێر) بکەم و بیکێڵم بۆ تەماتە و پیواز و بامێ.

= مامەگیان وادیارە گشتی ئاو نایگرێتەوە؟

= با ئاو دەیگرێتەوە، ئەمبارستایە بەریگرتووە ئەویش هێندە ڕەقە پێمەڕە کاری لێناکات. ئەی ئەحمەد گیان تۆبۆ کوێ‌دەچی؟

= گەرەکمە هەڵکەمە ئەم خۆرەتاوانەدا بەشکەم کۆڵێك کۆتەرە تنگز و بنکە گاوڵمە بۆ ناو چاوانەی تەندوورەکەی دایکم بەرمەوە. بەڵام با لەپیشدا ئەم بارستایی و بنەجۆگەلەت بۆ تێکدەم و تەختی‌کەم خۆ ئێمە و هاوسێو دراوسێ ڕەشاییەکان زیاتر لە خۆتان پیوازو بامێ و تەماتەو تەڕەکاڵی ئێوە دەخۆین.

ئەحمەد قۆڵی لێ هەڵدەکات بە چەن سەعاتێ قولاخە و بارستایی‌و بنەجۆگەلە وەها تێك و پێك دەدات و شڕو شیتاڵی دەکات، خاڵۆ جەلال دەڵێ:

دەك بەقوربانی شان شەپیلك و تەمەنی جوانیتبم، بەخوا وات شڕو شی‌کردەوە کێڵانی ناوێ. ئەگەر تۆ نەبووایەی بەدوو ڕۆژ ئاوام بۆ لێ نەدەکرا هەر ئەوەی ماوە تۆوی پێدا بچێنم و ئاوی لێ ئاژینکەم. ورە تۆ پشوویەك بدە و با منیش سەبیلێك بکێشم.

کیسە و سەبیلەکەی دەرێنا بەئیشتیا سەبیلەکەی تێکرد، باسکی قلیانەکەی بە ددانگرت و ئەستێ و قاوچەخماخەکەی دەرێنا پاش تەقوتۆقێك سەبیلەکەی داگرساند بە ئیشتیا و تامەزرۆییەوە هەڵی مژی، ئەحمەدیش بە هەلی زانی سەرەتای باسێکی گرینگی بۆ دامەزرێنی. کە دەڵێ:

ئەرێ خاڵۆ جەلال گیان ئێوە مەلاو پیاوماقوولان بۆ چارە سەرێێکی ئەم وەزعە نالەبارەی ئاواییەکەتان ناکەن؟

خالۆ شێخ جەلال وەك غافڵگیر کرابی پڕبەخۆی ڕادەچڵەکێ بە هەموهێزی بین بە باسقلیانەکەیەوە دەنێ وەها هەڵی‌دەمژێ دووکەڵ وەك جووتێك کەوەمار لە هەردوو کونەلوتیەوە سەردەردێنن پاشان پەڵەهەورێکی تەنك بەسەر سەریەوە وەدی دێنن، پاش بڕێك بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوە دەڵێ:

= ئافەرم کوڕم بەخوا تۆ لەگشتمان دڵسۆزتر و بەدەربەس تی بۆ شەرەف و ئابڕوی ئاواییەکەمان. کوڕم ئەوەی ڕاستی بێت نامەیەك لەلایەن عەلیخانی ئاغامانەوە بۆماموستاو پیاوماقوولێ و دەوڵەمەندەکان هاتووە، نوسیویەتی دەڵێ ئەوەتانی شوکور کۆماری مەهاباد پێکهاتووە. سەرەك کۆمار قازی موحەمەدە و سەرەك وەزیر حاجی بابەشیخ و صەیفی قازی و سەدری قازی و عەلی‌بەگی یەکشەوە و ئەحمەدخانی خەلیلخان و عەلیاغای قەرەچەر و شیخ حەمەدەمینی کەسنەزان و خودی پیشەواقازی لە زوبدە و زومرەی وەزیران و ئەفسەرانی پایە بەرزی کۆمارە کۆڕپەکەمانن. ئێستاکە گشت دەستەڵات بە دەست مەلا و شیخ و مەشایەخ و ئاغاکانەوەیە. بەڵام ئەحمەدکیان من ئەمخەبەرە گرینگەم لەلای حەمەی کوڕیشم نەدرکاندوە. من دەزانم تۆ لەخۆیشم باشتر و قورس و قایمتر ڕاز و نیازی نهێنی من دەپارێزی. خۆیشت دەزانی بزانرێ ئەمخەبەر لە لایەن منەوە درکاوە، بیجگە لەوەی لەلای تیلەکۆیی و عەجەمەکانەوە دەکەومە ژێر باسوخواس و ئەشکەنجەو ئازارەوە، لە لایەن مەلا و پیاوماقوڵانی گوندیشەوە بەها و بایەخیکم بۆ نامێنێ. ئەحمەد دەڵێ:

مامەگیان دڵنیابە. دەی نازانی عەلیخان چیتری بۆ ماموستا نووسیوە؟ دڵنیابە مەگەر گڵ لە دەمم ببیستێ.

کوڕە شیرینەکەم با هەر خۆمان بزانین ئەمەیان زۆر نهێنیە! ها .. نووسیویەتی: دەڵێ هەرچەند (کۆمەڵەی ژ .ك) بە دەستوری پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆمار و کۆڕی وەزیران و ئەفسەرانی پایە بڵیند هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام، هێشتا بەشێك لەو کافرانەی پێڕەوی ڕێگای لینینن، گەرەکیانە قانونی قورعان و حوحمی خواو فتوای پێغەمبەران پێشێل کەن. تاکوتوك لەو کافرانە هێشتا لەناو ڕیزی خوارەوەی لەشکری کۆمارە کۆرپەکەماندان دەبێ بەباشی بیانناسین و بیانفەوتێنین، چونکە ئەوان دوژمنی گەورەی دین و دیانەت و مەلاو ئاغا و شێخ و مەشایەخانمان نەکا فریویانبخۆن بەناوی دابەشکردنی زەوی‌و زار و ئازادی و یەکسانی خۆتان و لاوەکان هەڵخەڵەتێنن. ئەحمەد دەڵێ:

باشە خالۆگیان ماموستاسەیدجەلال ڕاو تەگبیری چیە بۆخەڵکی؟

وەڵاهی ئەحمەدگیان ماموستا لەم وەزعە زۆر ناڕازیە، دەڵێ:

= بەپێی فەرمودەکانی باری تەعالا کە قورعانە وشەریعەتی ئیسلام و فەرموودەی پێغەمبەرانە، پادشا نوێنەری خوایە نابێ مەلا بێ‌ئەمری شا بکات و خۆی بکاتە

سەرۆکی وڵاتێك، بەڕاستی مامۆستا  بە کۆماری مەهاباد هیچ دڵخۆش نیە. بەڵام پێی وایە ئەگەر کۆماری مەهاباد بووبە حاکمی وڵات. دەبێ لە بەرانبەری (توودە و کۆمەڵە)دا پشتیوانی کۆماری مەهاباد بکرێ. چونکە ئەو ئازادی و یەکسانیخوازی و دابەشکردنی زەویوزارەی ئەوان خوازیارین، پیچەوانەی ئایەتەکانی قورعانە و دەسکاری قان و خواست وویستی خوای تباڕەك و تەعالایە. خوا بۆخۆی لە قورعاندا فەرموویەتی: بۆیە دەوڵەمەندم خولقاندووە: تا بە زەکات و سەرفیترەو سەدەقە، فەقیران هەژاران و نۆکەران و کارەکەرانی بێبژیوی پیبژیەنن. خوا خۆی فەرموویەتی دەوڵەمەند گشت دارو دیوارو خشتی کۆشکەکەی لەزێڕ و دوڕڕ و مەرجان دروستکرا بێت، نابێ بەزۆر لێی غەسبکرێت. ئەگەر عەمبارەکانیان پڕبن لەنازو نیعمەت، هەموو خەڵلی دەوروپشتیان لەبرسان بمرن، نابێ بەزۆر داگیرو دابەش بکرێت.

ئەحمەد دەچێتەناو خەیاڵەوە پاش بێدەنگی و بیرکردنەوەیەکی قوڵ دەڵێ:

= مامەگیان ئێستا تۆ لەمن باشتر دەزانی لەگوندەکەماندا چ دەگوزەرێ؟ ئەفسەر و ئاغا و بەگلەر و کلکەکانیان چ دەکەن؟ وانیە؟

خالۆ شێخ جەلال لەناخی دەروونی پڕ ناسۆریەوە ئاخێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

بەخوا کوڕەشیرینەکەم من کە دەیانبینم خەریکە کوێراییم دادێت بەڵام دەستەلاتم نیە.

= مامەگیان، من تازە کردەوەی عەلیاغای قەرەچەرم بەکەموکوڕی بیستوون بێشك تۆبەباشی ئاگاداری شێوەی ژیانی ڕایەت و دەست و پێوەندەکەی ئەو ئاغایەیت کە لەگەڵ عەلیخانی ئاغاماندا کەسانێکن لە ئەفسەرە پایە بەرزەکانی کۆماری مەهاباد. هەروەها باشیش دەزانی ئەم بەگ وبەگلەرە تیلەکۆییانە، لەچاو ئەوان و کوڕەکانی خەلیلخان وەك مەلایکەن، جابیرکەرەوە بزانە ئەوان دەبێ چۆن بن. خالۆ جەلال دەڵێ:

ئەحمەد گیان بەڕاستی ئەم پرسیارو باسوخواسەی تۆ بۆمنت هێناونەتە گۆڕێ، زۆر لەمێژە منی گێژو وێژ کردوە ناوێرم خۆم لە قەرەیان بدەم، چونکە وەڵامەکانیان بۆ من مشکیلەیە و لایەنحەل خەریکن میشکم دەخۆن ناچارم لەبیر خۆمیان بەرمەوە.

= مامەگیان ئەوانەی مامۆستا سەیجەلال دەیڵێ خۆقسەی خۆینیە و لەگیرفانی دەری ناهێنێ، دڵنیابە هەموی نەسی ئایەتی قەرعان و قسە و حەدیسی پێغەمبەرانن، ئەوە 1300سالە مەلا و موبەلیغە موسوڵمانەکان لە مینبەری مزگەتەکاندا هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە. کەوابێ؟ بەشەرعی خواو پێغەمبەران بەشێکی بەرچاو لە ناوچەی گەورکی سەقز، مڵکی عەلیاغای قەرەچەرە و خوا پێیداوە، گۆیا خوائەویشی بینیوە، ڕەشایی و ڕەشوروتەڵەی ناوچەی کەیشی بینیوە، و خواستی خوایە؟ وانیە؟ خالۆ شێخ جەلال سکووتی کردوە، کەوتۆتەناو گێژاوی خەم و خەیاڵێکەوە بیگرووی بەخۆی نازانی، بەڵام ئەحمەد ماوڵی نادات، لەوحاڵەتە خەوو خەیالاویەش ڕایدەچڵەکێنێ و دەڵێ:

= ئەوە هۆی چیە؟ مامۆستا سەیجەلال کە لەچاو گشت ئەومەلایانەی من و تۆ دەیانناسین دەڵێی قوتبی زەمانەیە، کەچی هەمیشە لایەنگری ئاغا و بەگو بەگلەرو دەوڵەمەندانە. بۆ دەبێ ئەو کەسانەی داوای مافی ئینسانەکان دەکەن، و بەڕاشکاوی دەڵێن مرۆڤ، کاتێ پزدان دەدڕێنن و لە دایك دەبن، هەموو وەکیەك ڕوت و قوت و بەستەزمانن، بە بیچم و شێوەیەك دێنە ناو دنیاوە و چاوهەڵدێنن. بەڵام مامۆستا ئایینیەکان قورعان و کەلام و کتێبەکانیان دەکەنە بەڵگە وسەرچاوە و دەڵێن: سوڵتان واتە (پادشا)ی عادڵ سێبەری خوایە نابێ سەرپێچی لە فەرمانی بکرێ. مامۆستا مەلاسەیجەلال کە نەوەی تەشی فرۆشەکانی هەورامانە بەزمانی زکماکی خۆی لەحوجرەو میحرابی مزگەوتا لە سرودە دینیەکەیدا وتەی قورعان و حەدیس ئاوەها دەخنێتە مێشکی منداڵ و مەزن و فەقییو قوتابییەکانیدا و دەڵێ:

هەرچی جەقەڵم ئەزەلی بیەن    هەر ئانە مەبۆ عیلاجش نیەن!

بەمجۆرە مەلاکان  مانای قورعان و حەدیسی پێغەمبەران بە ئێمە دەڵێن. هەموو گیانداری پێش لەدایکبوونی پاشەڕۆژی دیاری کراوە: هیچ شت و کردەوەیەك بێئیرادەی خواناکرێ،موسوڵمانان دەبێ ملکەچی فەرمووده و ئیرادەی خوا و پێغەمبەران بن.

خالۆ جەلال گشت گیانی کردۆتە گوێ, بۆئەحمەدی شلکردوە مەعازەڵا مووی نابزوێ. ئەحمەد پاش بێدەنگییەکی کورت، بەزمان باری سەرلێویخۆی دەلێسێتەوە، چاوەڕوانی نەزەرو وەڵامی خاڵۆ جەلالە، کە دەبینێ خالۆ نایەتەزمان ، دیسانەوە  بۆخۆی شەقڵی بێدەنگی دەشکێنێ و دەڵێ:

= کەواتە بەربەرەکانێی هەژاران بۆ ڕزگاربوونیان لە زوڵم و زۆرو ستەمی لەشکری شا و عەشایەرو ئاغاو کویخاو گزیر، حەرامە و ناڕەوایە؟! بەڵام مەلا و قازی هەقیانە ببنەسەرکۆمار و حاجیبابەشیخ ببێتە شالیار، عەلیاغا و ئەحمەدخان عەلیخانەکانیش بێئەوەی زانکۆی نیزامیان دیبی و خویندەواربن یەکشەوە ببنە قوماندار و ئەفسەری پایە بڵیند؟! ئەوکەسانەش کە داشدار و پشتیوانی بەشمەینەتان و پێخاوس و برسی و ڕەشوڕوتی ئەمجیهانەبن، کافرن و بە فتوای قورعان و حەدیس و مامۆستا و ئەفسەرە پایە بەرزەکانی کوماری مەهاباد دەبێ بفەوتێنرێن؟!

خالۆ جەلال کە سکوتی کردوە، گوێچکەکانی بە پێچەوانەی زاری کە دەڵێی زمانی تێدانیە، بەباشی بۆ ئەحمەد شلکراوە، وتەکانی ئەحمەد لە بەشی بایەگانی مێشکدا بۆهەمیشە تۆمار دەکات. دەستەکانیشی ئوتوماتیك، سەبیل بە دوای سەبیلدا تێدەکا و دایدە گرسێیو هەڵیدەمژێ، بێئەوی ماوڵبدات خەم و تەمی دڵ و دووکەڵی ناو دەم و کونە لووت و سەرسەری بڕەوینەوە قەست دەکا تۆزقاڵێ دووکەڵ لەناو سك و سیپەلکی نەیەتە دەرەوە.

ئەحمەدیش تێدەگات کە سکوتی خالۆجەلال نیشانەی بڕوا و دەرك و ئیمان و سەداقەت و سەمیمیەتیەتی. بۆیە کیشی ئەستیرگی دەرونی لێ هەڵدەکێشی، گشتی بەسەر خالۆجەلالدا هەڵدەڕژێنێ! و دەڵێ:

ئاخر خالۆ گیان: شەوگەڕی و کۆڵانەوکۆڵان، دەسدرێژی بەزۆری تفەنگچی پشتەسەری ئاغاو دەرەبەگەکان، چ لە دەورانی حاکمیەتی ڕەزاشای زلە، لەگوندەکانی تەمووتە و قەرەچەر، چ ئێسا لەناو جلو بەرگی ژەنڕاڵی لە ڕوتبە و ڕیزی کابینەی کۆماری مەهاباد دا، لە شەقامی شار و کوچە و کۆڵانەکانی بانە و بۆکان و سەقز و سوننەتەی من و تۆدا، لە ژێر هەرناو و جلوبەرگێکدا ئەنجام بدرێ تۆفیری چییە؟! دەستەڵاتداری دەسدرێژکەر، چ سەربازی عەجەم بێ و چ تیلەکۆیی، چ بەگلەری موکوریانی بێ و چ گەورکی گەڵباغی، چ عەلیاغا و کوڕانی بابەشێخەکان و چ کوڕەئاغاکانی قەلەندەر، کە دێنە سوننەتە، شەوانە کوڕە کوێخاو گزیر بە پشت سەرەوە  بە کەیفی خۆیان شەوگەڕی ...دەکە تۆفیر و جیاوازیان چیە؟! تا ئیستا بیستبێتت یان بینیبێتت کوڕە ئاغا یان کوڕی مەلایەکیان لەسەر شەوگەڕی و کردەوە گلاوەکانیان"داریحەد" یان گۆڕجوولەکە واتە سەنگسار کردبێت؟ هەر هەموو ئەو کەسانەی لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تائێستا گۆڕەجوولەکە و سەنگسار کراون، هەر هەموو کوڕو کچی هەژاران و بەشمەینەتان بوون.. بۆ نموونە لە درێژایی تەمەنی مرۆڤ، و مرۆڤایەتیدا نەبیستراوە نە نووسراوە کوڕی سوڵتان یان حاکم یان ئاغا یان مەلایەك؟ گۆڕەجوولوکە واتە سەنگسار  یان داری حەدی لێدرابێ؟! ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو بەردباران کراون گشت کوڕوکچی هەژارنو بێبژیوان بوون. دەستەڵاتداران و ئاغازادە و... شەو تابەیانی بەنۆکەر و تفەنچی پشتی سەریانەوە، سەربانو کۆڵان پشت درگای گوند و باژێڕ نشینانیان بۆ قۆرخ دەکرێ؟ بەزۆر سواری ژن و کچی خەڵکی دەبن، قازی و مەلاکان بە قانوونی قورعانی بنهەنگڵیانەوە قەت نق ناکەن؟!! بەڵام کوڕی هەژارێك، لە مووچەو مەزرا یان لە ڕیکەبانێکدا کچێکی

خۆشەویستی خۆی بە ویست و ئارەزووی هەردوکیان یەکتری ڕامۆسن، بە فتوای قازی بە داری حەدیشەوە ناوەستن بەردبارانیان دەکەن. لە مێژووی ئیسلامدا هاتووە دەڵێن (خالیدی وەلید) ئەسحابەیەك بە زبندویی دە تەندوور داویٚ و دەیسووتێنی و سواری ژنەکەی دەبێت؟! خەلیفەی وەختیش بۆی دەپۆشی؟! پێویست ناکات دوور کەوینەوە پێرارەکە لێرە لەم گوندی سوننەتەی خۆمان، فەقێیی‌کی باڵاخوین دەسدرێژی کردە سەر کچی هەژارێك و ئاوسی کرد و هەڵات؟ مامۆستا سەی‌جەلالیش بۆی داپۆشی؟ بە دایکی کچەکەی بەم تاکە شیعرە ڕازی کردبوو.

**ئەو کەسە دەتوانێ بەهشت بنۆشی  نەفسی کوێرۆکات سڕێ داپۆشێ**

ناوی نابەم، بەڵام کەسێکی سوننەتەیی نیە کە نەیزانیبیٚ ئەو کچە بەستەزمانە بۆ ماوەی چەندماهگ، دایکی نەیهێشت دنیای ڕۆشن ببینێ  تا منداڵەکەی لەناو برد.  مەگەر تۆ و مامۆستاسەی‌جەلال هەرتکتا سەیی نین؟ بۆکچەکەی ئەو نۆکەر کلْفەت لەبەر دەستی‌دایە دەڵێی بوکەشوشەیە، بەڵام کچەکەی‌تۆ هەمیشە لەناو شیاکەی گەوڕ و گەلەخاندایە دەبیٚ شیاکە بپێژێ وشکی‌کاتەوە بیگرێتەکۆڵەوە بۆ کچ و ژنی مەلای بەرێ؟ بۆ کوڕەکەی تۆ دەبێ بارەدار و گزرە و کاو وێنجە و بەشێك لە ڕەنجی شانی لە کۆڵی کەرنێت  بەسەر شەش گونددا بۆ ماڵی ئاغاکانی قەڵەندەری بەرێ؟!

خاڵۆجەلال کەماوەی دوسەعاتە سکوتی کردوە و گشت گیانی کردۆتە گوێچکە و بۆ ئەحمەدی شلکردوە، دارو دەوەن بێتەزمان ئەو نقناکات، لە ناکاە ڕادەچڵەکیٚ و دەڵێ: بەسە ئەحمەدگیان بەسە، بەخوا خەریکە مێشکم ئەتەقێ، ئەم حیساب و کیتاب و ئاسمانو ڕێسمانە ئاڵۆزکاوە  بە منوتۆ لێك جیاناکرێتەوە و چارەسەر ناکرێ. هەستە هەستە کۆڵێکی باش لەو کۆتەرە و چرپییە پایزە بڕە لەکۆڵنێ بابڕۆینەوە بۆلای شیخ ژن قاوەتونێکی قەڵەوی لیٚ بستینین. ئەگەر ئەم گشتە خەم و خەفەتی ئەم دنیایە تەنیا بەکۆڵی من وتۆوە بێت،  پشتمان دەشکێنێ و شێت دەبین.   کە دەگەنە سەر جۆگەی پشت ماڵان ئەحمەد بە کۆڵەکەیەو بازدەدات، پەتی کۆڵ دەپسی‌و کۆتەرەو چرپی بڵاو دەبێتەوە. **خاڵۆ جەلال خێرا گری‌یەکی تریش بە پەتەپساوەکەی پوورامین و دەیان کرێی ناو دڵ و دەرونی خۆی زیاد دەکات و کۆڵەکە دەداتەوە بکۆڵی ئەحمەدا،** ئەحمەد دەڵێ:

خاڵۆ لەبیرتە منداڵ بووم بەرغەلم بۆ دەلەوەڕاندی، تۆیش شیعری شیخ سەعدی شیرازیت بۆ دەگوتم و دەتگوت:

**تو کە ازغمی دیگەران بیٚغەمی     نە شاید کەنامت نەهند ئادەمی**

خاڵۆ گیان دەبێ فەخرو شانازی من و تۆ تەنیا ئەوە بێت کە خەمخۆری هەموو هەژاران و بەشخوران و مەزڵومانین.

= ئیمڕۆ هێندەم سەبیل بەدوای سەبیلدا تێکردوە و هەڵم مژیوە خەریکە لە برساندا سوێم دەبێتەوە . زووکە زوو، کۆڵەکەت بەرەوە  لەگەڵ دایکتدا وەرن بۆ ماڵی ئێمە با ئەم قاوەڵتونە سێ‌بەسێ میوانی شێخژن بین بزانین کەلانەو دۆکولیویێکی خەست و خۆڵمان دەداتێ.

هەر هەموو خێزانی ماڵ لەدەوری تەندورەکە کۆبونەتەوە خاڵۆ دەڵێ:

= دادەی ئەحمەدگیان بزانە شێخژن چی‌بۆلێناوین؟ شێخژن بەپێکەنینەوە دەڵیٚ:

= لەبەر خاتری پورامین و ئەحمەد نەبوایە گشگیانتم بەم کۆڵەوەژە تێکدەشکاند، تۆ دەبووایە بەیانی پێت بوتایەم نیوەڕۆ میوانمان هەیە با چێشتێکی باشم لی بنایە  ئەحمەد بە پێکەنینەوە دەڵێ:

ئێمە قەت تەوەقوعمان لەم کەلانە و دۆکولیوە خەست و خۆڵ و ئامادەی تۆ زیتر نیە. هیوادارم ڕەحمی خیرت بۆ خاڵۆ شێخ هەبێت. خاڵۆ بە پێکەنینەوە دەڵێ:

کوڕم خەمی منت نەبێ شێخژن هەروا بەزاهیر بە هەڕەشە و گوڕەشەو خۆهەڵکێشە، ئەوە 30 ساڵە هەموو شەویٚ بە کۆڵەوەژە سوورەکەی خۆم تەندوورەکەی تیك دەشێوێنم مەعازەڵا ناوێرێ فزە بکات.

بەهارو هاوین تەمەنیان تەواو بووە  دیسان پایز هاتۆتە پێشێ هێشتا لەشکری شا و عەشایەری تیلەکۆو گەڵباغی، قەمەری و کاکسەوەنی، لە بەرزاییەکانی خانبانەزێڕ، قەڵاشەکەرە و شێخەڵتاریك و گەردەنەی میانتەونان لەنێوان سونەتە و مەحمووئاوا و پشتی گوندەکانی ساحێب، دەرەوەزان، شێخەڵە، دەرەسمایلە، ڕۆستەمان، کەندۆڵان، کەمەرەسیاوە و کاکاسیاودا لە سەنگەردان. جگە لە سەربازخانەی شاری سەقز، سەراسەری مەڵبەندەکانی بانە، بۆکان، سایندقەڵا، هەوشار، زەنگان و مەراغە لە ژێر دەستەڵاتی دوو کۆماری مەهاباد و ئازەربایجان،  پڕن لە پیشمەرگەی موکوری و شکاك و بارزانی.

ئێستا دولایی مانگی گەڵاڕێزانە و ئەحمەد شەرتی شوانی پەڕیوە. کەوتۆتە ناو کەش و هەوایەکی دوودڵی تەنگانەیەکی گرانەوە چونکە مەشیا بە گوێرەی بەڵێنێك کە بەمامکەریم خانمی ئەندازیاری داوە  دەبیٚ‌بگەڕێتەوە بۆ شەریکەی دەربەندیخان، بەڵام ئێستا، کە ڕۆژانە لە کێوو شەوانە لەناو گونددا، کوڕی کوڕوکاڵ بەدەوری خۆیەوە دەبینێ، هەر چاوەڕوانی هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەن لەشکری شاهەنشایان بۆ ڕاماڵیٚ‌و بۆ هەمیشە رزگاریانکەن. خۆی بەخۆی دەڵیٚ:

بەخوا بیٚ‌ئەمەگیە ئەم هاوەڵانەم کە لە منداڵیمەوە شەریکی شادی خەم و خەفەتمن و خووم پێیانەوە گرتووە، بەتایبت وەکخۆم مۆنس و یار و  یارمەتی پیرەدایکەکەمن ئا لەم هەلومەرجەدا بەجێیان بهێڵم.

خەمێکی خەست زاوەتە ناو شادەمارەکانی لەشیەوە، کە سارای جوانەمەرگی دێتەوە یاد، تەزوی نامۆیی و نامرادی دڵودەرونی دەتەزێنێ بۆ ماوەیەك دەڵێی داهۆڵە مووی نابزوێ، پاشان هۆش دێتەوە لەشی و خۆی بەخۆی دەڵێ:

خۆ ئەوەی بەڵێنم پێی دابوو بەدوای‌دا بڕۆم سڵ لەمەرگم نەکەم! من بەدوای بەڵێنی خۆم بەزیادیشەوە  ڕۆیشتم و بە وەفابوم. دووساڵی ڕەبەق بەدوای‌دا عەوداڵ بووم. گشت کون و قوژبنی گەرمێن نەما نەی پشکنم، بەڵام بەداخەوە چەرخی چەواشەی چەپگەرد گشت ئەوین و ئاوات و ئارەزوی ئەوی نایە ژێرگڵ! منیش بۆ زوخاو نۆشین ماومەتەوە، بەڵام خۆشبەختانەئێستا باوك خوشکەکەی گەیشتونەتە نانو نەوایەك، ئێستا ئیتر پێویستە گشت تەوان و تەوژمی مێشك و لەشم بۆخزمەت بە هاو چین و چەشنەکانم بخەمەگەڕ. ئەگەر مەرگ ماوڵم بدات ساڵی ئایەندە سەردانی مامکەریم و خانمی ئەندازیارش دەکەم. ئیستا ئەوان وەك ماسی ناو دەریا وان هەمیشە لەش و ڕۆحیان تازەیە.   ***

مانگ تازە لەسەر کێوی هاجی سەیی گۆشەی کێشاوە، کوڕێکی بچوکی شەشکەسی، لە خۆشەویستترین هاوڕیٚ‌کانی لەناو ماڵە چکۆلە بە ئاووگڵەسپی ئاووگڵکراوەکەی   پورامیندا لەدەوری یەك کۆ بونەتەوە. لەو هەلومەرجەدا گۆرەوی بازیان کردۆتە بەهانە. حەمەی شیخ جەلال بە دەنگی بەرز دەڵێ: باشە لەسەرچی بیکەین؟ عەبەی مام باپیر چاوە چکۆلە کانی بۆقیچ دەکاتو دەڵیٚ:  خۆ ئێمە نەوەی سەرداری بۆکان یان سەرتیپی قەڵەندەر نین، تا لەسەر شەك یان قەیرە قەلەمونێك بیکەین، دیارە دەبێ یان لەسەر دوسیە خورما یان دوسیە مێوژە ڕەشە دەیکەین.  پورامین گۆزەیەکی ملدرێژ دێنیتە پێشەوە دەڵێ:

من دەزانم حەمەو ئەحمەد دەی دۆڕێنن. کەوایە من هەر ئێستا شەوچەرەی خۆم دێنمە گۆڕێ. ئەگەر دەستەی حەمە و ئەحمەد دۆڕاندیان، ئەوا هیچمان لە هیچ، ئەگەر دەستەی عەبەی مام باپیر بیدۆڕێنن، ئەوا بەشەق عەبە دەنێرم لەماڵی خۆیان پڕ شاباییەیەك سنجوو گویزی ئازای دارگوێزەکانی دەرەکوردانمان بۆ بێنێ. عەبەبەسەرقۆڵی کراسەکەی ئاوی چاوە تەراخوماویەکەی دەسڕێ و دەڵیٚ:

ئەریٚ پورامین تۆ جاران هیچ جۆرە فەرق و جیاوازیەکمان بۆ قایل نەبووی ئەوە چۆنە ئێستا بۆخۆت گۆڕاوی یان چەرخی زەمانە چەواشە دەخولیتەوە؟! مەگەر هەر تۆنەبوی هەرشەوێك ئێمە لێرە کۆدەبوینەوە ئەگەر کەسێکمان لێرەحازر نەبووایەین بەشە خواردنەکەت بۆ هەڵدەگرتین   ئەگەر کەوچکێك نیسکاویش بوایەت. تۆ بڵێی دنیا ئاوەژو بوبێتەوە ئەم هەڵاواردنە بۆچی هەر حەمەی شیخ

جەلال و ئەحمەد؟ مەگەر ئێمە لەكونە دواینەكەوە هاتوینەتە دەرەوە؟ پورامین دەست دەستۆی دەكات و دەڵێ: كوڕە بە قوربانی چاوەكانتبم بە خوا زەڕەیەك تۆ فیرتان بۆمن نیە.ئا لەم كاتەدا حەمەی شێخ جەلال یەكەمین گۆرەوی گوڵ دەسرەوینێتە سەرسینگی عەبە و دەقریشكێنێ و دەڵێ:

ئەم گوڵە پێشكەشە بە چاوەكانی كاكە عەبە. پەككولەو چاوانە دەڵێی كوێرە كانی پاش پەڵە پایزن.

كوڕگەل بە جەفەنگی تێكلاو تەگبیرەوە، شەوگاریان شەق كردوە، پورامین كە تێدەگات تا ئێستا دودەستیان دۆڕاندوە بەسپایی بە گوێی عەبەدا دەچپێنێ دەڵێ: عەبە گیان وەرە وەك ڕێوی خۆت باریك كەرەوە، بچۆرە ناو كولانەی مرشكەكان كەڵەشێرە گەورەكەم بۆ دەرێنە با بۆتان بكەمە تەڕەكەباب. بەڵام بەقوربانتبم دەست بنێرە قوڕگی بانەقیڕێنێ كێشكچیەكانی سەربان و بەرهەیوانی مزگەوتما لێ بشەڵەژێنێ. عەبەی مامباپیر وەها دەدا لەقاقای پێكەنین كێشكچی دەورو بەری دادە چڵەكێنێ، جاوەك ڕێوی خۆی باریك دەكاتەوە و خۆی دەكاتە ناو كولانەی مریشكەكاندا تا كەڵەشێر بۆ پورامین دەرێنێ. حەمە درگای كولانەی لێدەئاخنێ، وەختە لەناو پەڕو ڕیقنەی مریشكدا بخنكێ. بورامین خێرا فریای دەكەوێ بە كەڵشێرەوە دەری دێنێ. عەبە كەڵەشێر سەر دەبڕێ و چەپۆڵە خوین و ڕیقناویەكەی دەسویتە چڕوچاوی حەمەی شێخ جەلالدا، تۆڵەی خۆی لێدەكاتەوە و دەڵێ:

= دەمكەنە ڕێوی كەڵەشیرتان لەكولانە بۆ دەرێنم. نامەردانە درگای كولانەم لێ دەئاخنن تا بخنكێم، دیارە دەبێ وەك كچەعازەبی بەر دەستی پورامین پیوازیش پاك كەم. گشت كاسەو كەوچكەكانیشم پێ‌دەشۆرن. پێیشم دەڵێن عەبە ژنانی. ئیستا ئەگەر پیاون یەكەیەكە بێنە مەیدان بۆم تا پیتان بسەلمێنم، كێمان بە كردەوە لەگشت بوارێكدا پیاوین. پورامین بەدڵ تەڕەكەبابی لێناوە، سفرە لەسەر كورسی ڕاخراوە، نان دانراوە چێشت تێكراوە، بۆماوەیەك شۆخی‌و جەفەنگ وەلانراوە، عەبەی مامباپیر بەدەم نانخواردنەوە دای‌دەمزرێنێتەوە و دەڵێ:

= خۆ بڕیار نەبوو؟ هەرمن بكەنە ڕێوی و ئاوقەی ناو كولانەی مریشكم كەن و كونی كولانەم لێ بئاخنن و لەناو پەڕ و ریقنەی مریشكدا بمخنكێنن؟ بۆچی مەبەستی سەرەكیتان نا دركێنن؟ مەگەر تێكڕا بڕیارمان نەداوە لایەك زۆرو لایەك خوایشت بە پورامین و ئەحمەد بسەلمێنین، باشنیە ئالەم هەلومەرجە دیژوارەدا كاكەحمەد سەفەر بكات و بەجێمان بێڵێ وەك سالانی پێشوو بڕوا بۆ گەرمێن و بەجێمان بێڵێ. بورامین دەڵێ:

= عەبە گیان، دەك بەقوربانی دەمت بم بەخوا ئەوە قسەی منە لە دەمی تۆوە دەوترێ. بە خوا هەتا ئەحمەد لەگەرمێن دەگەڕێتەوە من هەر پەلێكم بەدەس ئیزرایلیێكەوەیە. ڕۆڵە ئەمانەی لە دەوری‌یەك كۆدەبنەوە جگە لە حەمەی شیخ جەلال هەر هەمووتان كوڕە ڕەشایین تەنیا مامباپیر نەبێ لنگە گاجوتێك و كوتەڵە دێمیكی بە قەركە باهێری پەنای شەخسەكەی(سەوزەپۆش)ی دەرەكوردانەوە هەیە ئەویش هەمیشە لەژێر دەستوپێی توافچی و ئەسپ و كەرو بارگیرە كانیاندا پێشێلدەكرێت، سالی‌وایە بنە تووەكەی دەرنایەنێ. كوڕم وەرە بە قسەیان بكە، ئادیتە تۆ هەرچی بڵێی ئەوان بێ سێ‌ودو بەقسەت ئەكەن. حەمەی شێخ جەلال ئاخێك هەڵدەكێشێ و دەڵێ: بەشكەم هێزی پێشمەرگەی تودە و كۆمەڵە فریای مامباپیر و هەژاران كەون هەریەكێ دو تەختە زەوی دێم و بەراوی پەیمەر و شمڵیان بەركەوێ ببنە جوتبەنە و بۆهەمیشە ماڵومنداڵیان بە تیرو تەسەلی بژین، ئەوسا كاكەحمەد و هاو چەشنەكانی قەت پێویستیان بە گەرمێن چوون نەبێت. ئەحمەد دەورێك سەرنجی بەسەر سیماو هەست و خواستی خۆشەویستە كانیدا سووڕاند، بە شێوەیەكی مات و مەتین ئاوا وەڵامی دانەوە. وتی:

دڵنیابن خۆیشم لە خەڵوەتی دڵی خۆمدا هەر وەك ئێوە بیری لێدەكەمەوە. ئازیزانم تا ئێستا بێ‌ڕەزامەندی دایكم نەجوڵاومەتەوە هەركات بۆ گەرمێنش چوبێتم بە پرسوجۆ و ئیجازەی ئەو سەفەری گەرمێنم كردوە. لەبەر ئەوەی ئێوە وەك ئیستا لە دەورم كۆ نەبنەوە، وەك ئێستا ڕوم لێبنین ناچار بم بە قسەتان نەكەم و بڕۆم بەشوین بەڵێنێكدا كە دوو وەرز بەدوایدا عەودالْ بووم ، بەداخەوە بە ئاواتیشم نەگەیشتم. ئێستایش هەست بە زەرورەتێك دەكەم كە بەناڕەوای دەزانم لەم هەلومەرجەدا بەجێتانبێڵم، ناچارم سەفەرەكەم بخەمە دواوە. بەڵام با ئەوەشتان پێبلێم ناكرێ نەچمەوە سەروادە. دەچمەوە بەڵام بە تائخیرەوە. چونكە ئەوانیش هەقیانە بە بێوەفام بزانن یان هەزارو یەك خەیاڵی جۆراوجۆر بێتە دڵیانا.

تەڕەكەباب خواردن، تیكەڵاوی تەگبیر و ڕازو نیازی پڕلە سەفاو سەمیمی بۆ ئەحمەدو هاوەڵەكانی بووبە هیواو تەوژمە توانایی، بەدلنیاییەوە بڵاوەیان لێكرد.

مانگی سەرماوەزی ساڵی1324ی هەتاوی مانگێكی ڕەش و شوومە لە مێژووی ژیانی كۆمەڵانی گەلی كورد و كوردەواریدا؟! هەرچەند شوینەواری شوومی لەشكری شا و تفەنگچیە بەكرێ‌گیراوەكانی گەڵباغی و تیلەكۆیی سوڵتانی و سوڵتانپەنا و ڕۆخزاییە كاسەلیسە شاپەرستەكانی سەرشیوی خوڕخوڕ... بەتایبەت لە گوندی سوننەتەدا نەماوە. حەوز و مزگەوت و كانی ژنان دیسان كەوتوونەتە ژێر دەستەڵاتی (مەلا و پیاو ماقووڵانی گوند) بەو حالەش ژنان بە تایبت لاوان كوڕان و كچان! ژیانی ئاسایی پێشوویان دەست پێكردۆتەوە، بەڵام تەم و مژی نەدامەتی بەسەر تێكڕای زاڵم و مەزڵومی كوردستاندا باڵی ڕەشی ڕاكیشاوە؟! هەرسێ بەرەی ئاغایان، جوتیاران و كرێكاران، بە جۆرێكی جیاواز، ئامانج و ئاواتیان تێكتەپیوە و نوقمی خەم و بێ‌هیوایین. سەركۆمار و زۆربەی وەزیران و ئەفسەرانی پایە بەرزی كۆمارە كۆرپەكەی مەهاباد، لەبەندیخانەدا بەندكراون. هەموو چین و توێژێك كۆستیان كەوتوە، تەنیا مەلاوشێخەكان نەبێ!! كە لە دژی جوتیاران و كرێكاران، بە هەموو بایەك خەرمانی زاڵمانی دەستەڵاتداران شەن و كەو دەكەن! چونكە ئەوان بە میمبەر و كەلام وكتێب و ئایدۆلۆژیەكانیانەوە خولقێنەر و پارێزەری شا و سوڵتان و میر و خان خەوانین .

كریكاران و ڕەشایی‌و جوتیارانی كەم زەوی‌وزار بەهۆی مەرگی(كۆمەڵەی ژك) كۆشكی ئاواتیان تێكڕوخاوە، بێ‌ئەوەی بەوەیان زانیبێ لەلایەن پێشەواو كۆماری مەهابادەوە كۆرپەی ئاواتیان لەبار براوە.

حاجی بابەشێخ سەرەك وەزیی‌ر كۆماری مەهاباد، دەڵێی مێشێكیش میوانی نیە، چونكە تای تەرازووی كوردایەتییەكەی بە ئاسمانەوە و تای تەرازووی شێخ و مەلایەتیەكەی لە زەوێدایە؟!

سەرەنجام زستانی دزێوی پڕلە چاوەڕوانی و تەم و خەم تێپەڕی و لە دەی خاكەلێوەی1324دا بانگ و سەڵاو ڕۆڕۆی بەزمان ئاغام ڕۆ و بەدڵ خواشوكوری بڕێك لە لاوانی ئەندێشمەند و هۆشیاری شاری و دێهاتی! بەتایبەت گوندەكانی (تەمووتە، قەرەچەر، قەیلەسوون و قەڵەندەر و سوننەتە و زێویە.)

ئەحمەد لە كۆڕی كۆبونەوەی هاوڕێ‌كانیدا دەڵێ: هاواربەماڵم ئەمبەهارە خۆ بەهارنیە بەڵكو پایزە و خەزەڵوەری شكۆفەی درەختی هیوای نەك تەنیا ئێمەی ڕەشایی و ڕەشوڕوتەڵەی گوندی سوننەتە، بەڵكو گشت كرێكارانو بەشمەینەتانی كوردستان، ئازەربایجان، تاران و بەندەرەكانی خوزستان و سەرانسەری ئێرانە.

ئەحمەد و هاوڕێكانی بەرلەوەی بتوانن بۆماوەیەكی كورتیشبێت پڕبەپڕ سیپەلكەكانیان هەوای ئازادی هەڵمژن و بیرو بڕوای خۆیان بەڕاشكاوی و ئاشكرا لەناو سەرجەم دانیشتوانی گوندەكەیاندا بانگەشەكەن. بەداخەوە وەك دایكێك نۆكۆرپەی ئاواتی بەزۆر و ئاوەلەمی لەباربرابێ ئاوەهایان لێهاتووە. * *

هێشتا ڕەزاشای زلە هەر لە دورگەی "موریس"دا زنجیر كراوە، هەر بە زیندوویی "وڕە" چاوەكانی هەڵكۆڵاوە. حەمە ڕەزای مێرمنداڵی كوڕی وەك بووكەشووشە

ڕازێنراوە، لەجێی باوکی لەسەر تەختی پوشاڵی پادشایی دانراوە. هەرچەندە لەلایەن ڕێبەرانی دینی شێعە و سوننی لە بیچمی ئایەتوڵامەردۆخی سنەییشەوە وەکخوای سەرزەوی فتواو بانگەشەی بۆکراوە. بەڵام "اعليحصرت خداوندگاری" شێعەو سونییەکان باوکی لەچنگ وڕە و مێشولە بۆ ڕزگار نەکراوە؟! لەملاشەوە مەلاسەیجەلال حوجرەو مزگەوتی بۆ چۆڵکراوە، ڕوخانی کۆماری مەهاباد و لە سێدارەدانی 12 ئەفسەری پایە بەرزیش، زەڕەیەك زەرەری لێنەداوە. لەکۆتایی شەڕی نێونەتەوەیی دووم و دابەشکردنی جیهانیدا، ئێران بە پادشا و گشت کەوشەنەکەیەوە بۆئامریکا مارە بڕاوە. بەکەشتیو تەیارە شتومەکی"زبڵی" بن ئەمبارەکانی ئەمریکایی لەبەندەر و بارخانەی توجارەکاندا بە لێشاو هەڵڕێژراوە. سەرۆك عەشیرەکان، سوڵتانی، سوڵتانپەنا و هەمەوەیسی، دۆنای، قەمەری و کاك سەوەنی و کانیسانانی، خەڵات و موچەی دەرباری تارانیان پێبڕاوە. جوتیاران و کرێکاران و هەژاران و بێبژیوانیش جگە لە زەجر و بێکاری و بێگاریو برسیەتی هیچیان پێنەبڕاوە. بنەماڵە و ڕۆڵەی ئەفسەرانی پایەبەرزی کۆماری مەهابادیش، لەبیچمی حەمەی عەلیاغای قەرەچەر بۆ بەربەرەکانێو کێبڕکێ وەچنگهێنانی میداڵ و پلەو پایەی لەکیسچوویان درگای دەرباری شایان بەڕودا ئاواڵەکراوە.

دەورو زەمانێکی سەیرە؟ ئێستا کە کۆماری مەهاباد و ئازەربایجان بەجارێ تێکڕوخاوە. سەدان سێدارە بۆ نەیارانی تاجداری توکنەکردوی تازە دانراوە، ئاغا و سەرەکهۆزەکانی مەریوان و گەڵباغیو گەورك، بەتایبەت تیلەکۆ و سەرشیوی سەقز، خەڵات و بەراتی شاهانە و نازناوی شاپەرست، سوڵتانپەنا، سوڵتانی و سەرتیپیان پێبەخشراوە. ئەوەی بە بەڵگەوە ڕوسووری دەرباری شاهانەیە مزەفەرخانی تیلەکۆ و حەماغای سەرایە؟! حەمەخانی حەبیبی لەبری خوینی ڕژاوی عەلیخانی برای، پلەی قایممەقامی دیواندەرەی پێ سپێرراوە، حەماغای سەرا، کورسی نوێنەرایەتی سەقزو بانەی بۆ پارەلمان پێبڕاوە. سەرەکهۆزەکانی قەمەری و کاکسەوەنی و مرادگۆرانی شانازی سەرۆکی جەندرمەی ناوچەی دیواندەرەیان پێبڕاوە. تفەنگچییەکانیان پەڕۆیەکی شین بەدروشمی(ژ) واتە ژاندارم بە قۆڵ و باڵیانەوە بەستراوە لەناوچەدا خۆدەنوبنن.

هاوکات گشت مزگەوتەکانی شاری سەقز و کوندەکانی ناوچە، وەك هەموو شارەکانی ئێران بەتایبەت کوردەواری بۆ دۆعا و شوکرانەبژێری ڕازاونەتەوە. گشت مەلاکان لەسەرەتای خوتبەی نوێژەکانی هەینیدا، پەڕاوی پەیامی وەزیری دەرباری شاهەنشا دەخوێننەوە کە ئاوەها نوسراوە.

دوژمنانی تاج و تەخت و دین و دنیای ئێوە، ئەی میللەتی موئمین و شەریفی ئێران وەك شەیتان چووە کلێشەی وێنەگری تایبەتی دەرباری شا، لەکاتی وێنەگرتندا لە سیمای پیرۆزی لەدومیتریەوە بە دەمانچە لە ناو کامێراوە سیمای شای وەبەر دەسڕێژی گوللەدا. ئەوە خواستی خوابوو کە گوللەکان هەتا ڕواڵەتی پیرۆزی شایان بۆ نەڕووشاوە.

خەلیفەیەکی مل ئەستووری ڕیش درێژ بە تەزبیحی دەنك زلی ملیەوە، بێ پرس و مەسڵەحەت دەچێتە تەنشتی ئیمامجومعە و دەڵێ:

بە شایەتی چەن خەڵیفەو صۆفی کە هەر ئێستا لەناو ئێوەدا حازرن. ئێمە لە گوندی خانەقا لەخزمەتی حەزرەتی شیخ جەلالەدیندا بووین، لەناکاو و لەپێش چاوی ئێمەی مریدو مەنسوبەکان بە هەموو هێزی یاهوویەکی کیشا و خەرقەکەی کێشا بەسەرخۆیدا. پاش چەن چرکەیەك وردە وردە عاباکە پوچایەوە شیخ لە ژێریانەما. ئێمەی مریدو مەنسوب دستمانکردە گریان و شیوەن. پاش چارەکە سەعاتێك لەپیشچاوی ئێمە عابای حەزرەتی شێخ وردەوردە بەرزەوە بوو شێخ وەکخۆی لێهاتەوە. بەشێك لەصۆفییەکان لەسەرخۆیانچوون، شێخ دەستی موبارەکی بەسەریاندا هێنا هاتنەوەحاڵ و شێخ ئاوەای فەرمووی:

ناچارم ئەم ڕازە گرینگەتان لا بدرکێنم، تا لەگێژاوی سەرسوڕمانو سەرسامی ڕزگارتان کەم. باری تەعالا مەعموریەتێکی پێسپاردم، کردمیە قەڵخانی تیری دوژمنانی دین و سەروسامانی وڵاتەکەمان.؟!)) * * *

بەهارو هاوینی ئەمساڵ بۆ ئەحمەد، هێندەتوولانیە هەر نابڕێتەوە. سەعاتی لێ بۆتە ڕۆژ، ڕۆژی لێبۆتە مانگ و مانگی لێبۆتەساڵ، هەرچاوە ڕووانە پایز بێتە پێشەوە شەرتی هەلێ و بەرەوگەرمێن بڕواتەوە سەر وادە و قەول وقەراری لە گرێژەنە ترازاوی. سەرەنجان پایز هاتە پێشێ کە شەرتی هەڵات. بێیمەحتەلبون بۆ سەفەرەکەی پرسی بەدایکی کرد وتی: دایەگیان ئەوا ئیتر من دەبێ بڕۆمەوە سەر قەول و قەرارێك کە بە مامکەریم و خانمی ئەدازیارم داوە، بەڵام بەقوربانت بم بۆمن نیگەران مەبە ڕەنگە ئەمساڵ مانگێ لە بەهار بڕوا جابێمەوە. پێمخۆشنیە هاوەڵەکانم بەکاتی ڕۆیشتنم بزانن، تکایە لە جیاتی من ماڵاوایان لێبکە چاوەکانیان ماچ بکە بەڵام ئەوش بڵێی بە ڕەزامەندی من ڕۆیشتوە. ئەوشەوەئەحمەد خەو نەچووە چاوی، لەبەرەبەیاندا سوکە بەرقلیانێکی لەگەڵ دایکیدا خوارد و بێچرکە لەماڵ وەدەر کەوت. هەرچەندە دڵی دولانە کۆسکەوتوی ماڵاماڵە لە خەم، بەڵام قەت خۆی وانیشان نەدەدا دایکی بە ڕاز و دەردی ناسۆری دەروونی بزانێت.

ئیستا ئەحمەد ئەو مێرمنداڵەی ساڵان نیە، لاەیکی کڵەگەت ، چاوو برۆ ڕەش و کەمێك پەیوەست، سمێڵ قەیتانی، قەدوباڵا ڕێکوپێك و شیك و شیرین دەڵێی داریشمشادە. دەستێك شەرواڵومرادخانی نێمداشت لەبەرا، جامانەیەکی هەڵنەبەستراو کلاویگرونی گرێێچن نوشتەیەکی چوار گۆشە لەبەر دڵی دایکی بەسەرەوە دادوراو، دەنا خۆ زەڕەیەك باوەڕی بەنوشتە و موشتەو شێخومەشایخ نیە. لەبەرەبەیاندا لە دێ دەرکەوت.

لە باریکەڕێگای پشتی ئاشەکەوە بەرەوچۆم داکشا. لە پردەکە پەڕیەوە بەداوینی کێوی ئیمامی گەورە و تەنیشتی ئیمامی چکۆلەدا، لەچۆمی چنارە پەڕیەوە. بە باریکە ڕێگای کانی لاوەلا و پشتی ماڵکانی گوندی حانەمیراندا کەوتە سەر شەقامە ڕێگای سەرشیوی خوڕخوڕە. زۆری پێ سەیربوو کە هێشتا هەر تاریکە و ڕۆژنابێتەوە! لەناکاو لەشریخەی چەخماخەی هەورە تریشقەی ناوەخت پڕبەخۆی ڕاچڵەکی. سەرسام وەك جیهانی بەسەردا ڕوخابێ! کەسەری هەڵبڕی هەورێکی ڕەشی ئاوسی ئەقلیمگیر ، بەسەرسەریەوە ملەمای ئاسمانی بڕیوە. لەپڕ دایکردە تاوە بارانێك، ئەمما چ تاوەبارانێك ئاسمان دەڵێی گۆزەی بن شکانە. تازە گەیشتۆتە چۆمە چکۆلەی سێڵاوە، شریخەشریخ و چەخماخەی یەکەمین هەوری ڕەش و بارانی پایزی بەو شیدەتە چاوەڕوان نەکراوە، نەك ئەحمەدی لاو ڕەنگە پیرەپیاوانی سەدساڵەیش بارانی کوتوپڕ و بەم شیدەتەیان کەمتر دیبێت. پای چووە بەس، نەیدەزانی چیبکات، بگەڕێتەوە بۆ گوندی حانەمیران؟ یا سەرکەوێ بۆ گوندی سەیفاوا. بۆماوەیەك دانیشت و کڕوچکەی کرد. بەوهیوایەی بەشکەم هەڵی برینگێنی، بێدەستەڵات بڕێکیتر خۆی متکرد، تا بڕێك لە شیدەتی باران کەمبۆوە. هەستایە سەرپێ تەڕوتلیسك و شەپەشەپ بەپەلە خۆیکردن ناو گوندی سەیفاوادا. تازە تاکوتوك پیاوانی بەساڵاچوو، بۆ وصڵی دوای(جیماع) و دەسنوێژ بەرەو حەوزو مزگەوت داجمیون.

بەداوەڕینی جوتەگەماڵی گورگ خنکێن و جوتە تاژی پشت پەزەکێوی شکێنەکانی، مامبراخاص چنەو. مامبراخاصیش بەپێی عادەتی هەمیشەیی خۆی بەهەموو هێزی سەگوتاژیەکانی هان دەدات. تاژی و گۆڵە گەماڵی تامەزرۆی نەچیر، هێرش دەکەنەسەر ئەحمەدی تەڕوتلیسکی تاچۆك لەقوردا چەقیو، کە دەزووی وشك مەگەر ددانەکانی بێت. کە گەماڵ و تاژی هێرشیانکردە

سەری پێی هەڵخلیسکا کەوت و سواری سەری بوون. ئەحمەد بروسکەئاسا، مەیتی شڕووڕی ئەوسای حەسەنی برای حەماڵیی بەدەم گەلە گەماڵەکان ماڵی ئاغا ڕەزاخانی رۆستەمانی هاتەوە پیشچاو؟! زۆرتر سکی بەدایکە پیرەکەی دەسوتا، تا جوانەمەرگیی خۆی؟! وەك بێچووە پلنگ راسا، کلکی گۆچانە شیلە بناوەچە، بنتا، ئەستوورە گورگ تۆپێنەکەی گرت، بە هەموهێزی کێشای بە نەخشی تەوێڵی گەماڵێگدا، تاقەجارێك قوروسکاندی و کەوت نووزەی لێبڕا. تا مام براخاس دەنگی هەڵبڕی بۆ ئەوەی گەماڵ و تاژییەکانی بانگکاتەوە. ئەحمەد کەوەك خولخولە بە دوری خۆیدا هەڵدەخولا، بەو حاڵەش تاژییەك پەڕیەکۆڵی، بەڵام فرزو ئازا خۆی ڕاتەکاند تاژی لەکۆڵی کەوتە خوارێ، کەکیشای بە گووجەی پشتیدا سکوسمتی نایە زەوی‌و دەستی بە قروسکە قروسك و نوزەنوز کرد. بێ مەحتەلبون یەکیکی تری سرەواندە گۆڵەگەماڵەکەی تردا، بەڵام باش بەری نەکەوت. مامبراخاسی چاوبەخەو، بە دەم حەپە و قوروسکەو نوزەی گەماڵ و تاژیەکانیەوە گەیشتە مەیدانی مەعرەکە. کەچاوی  بە گەماڵی لنگەو قوچکەوتو و تاژی پشت شکاو کەوت. بە هەموهێزی نەڕاندی  وتی:

ئەرێ کوڕە سەگباب ئەو گەماڵەت بۆکوشت؟ ئابزانە هەر ئێستا وەك ئەو گەماڵە دەت تۆپێنم!  ئەحمەد باشی دەناسێ دەزانێ مام براخاس گەماڵ و تاژیەکانی لەباوکی خۆشتر دەوێ زۆر خوینساردانە دەڵێ: خاڵۆ گیان لەگشت وڵاتێ و بە شەرعی خواو پێغەمبەریش، خوێنی گەماڵێك  هەر گەماڵێکە، باخوینی گەماڵی تۆ  کوڕە جەحێڵیك بێت بێقەزابی ئەوەتانێ لەبەر دەستتدام دڵنیابە هەڵنایەم. کوڕەکانی مام براخاص وەکخۆی ناوشان پان و قاپولك ئەستور، بە دەم حەچولوری سەگەل و نرکەو نەڕەی باوکیانەوە  دەر پەڕینەدەر  ڕژانە ناو مەیدان. لەپڕ سەعی‌سۆفیسالح لەناو ئاودەستەکان هاتە دەرێ، بەدەم هۆجەنە بەستن و ڕاکردنەوە خۆی گەیاندە مەیدانی سمڕ،  هاواری کرد وتی:

کوڕە ئامان نەکەن؟  هیشتا دۆخینەکەی بە تەواوی بۆ نەبەسترابوو خۆی گەیاندە ئەحمەد. ئەحمەد کە چاوی کردەوە، خۆی لە گەمارۆی چەند کوڕە جەحێڵی تێسمرڕاودا بینی، سەعی سۆڤ سالح نەبوایە تێڵا تۆپێنیان ئەکرد. کە سەعی چاوی بە قەدوقەوارەی تەڕ و تلیسکی کەوت، تێگەیشت باران کوتاویەتی و گەماڵگەلیش گەوزاندویانە ڕوو دەکاتە مام براخاس و دەڵێ:

تف لە فەساڵت کابرای ریشچەرموو، ئەوە داناوەشێیت؟ من گوێم لێبوو تۆ خۆت گەماڵەکانت هاندا ئەو بەستە زمانەیان دابە عەرزا سواری سەری بوون، ئەوەتانێ قوڕو تووکی گەماڵبۆر وا بە ناولنگی کوڕەکەوە، ئێستایش گەرەکتە کوڕکانی لێ هانەی بێکەسکوژیکەن؟!  دەك بەو ریشە چەرموتەوە بە لەعنەتبی.

براخاس چنەو کە بوغزو  ڕق و قین، بەرقوڕگی گرتوە دەڵێ: دەك ماڵت کاولبێ دەڵێن ناوبژی‌کەر دڵی فێنکەن شەللا بە شەللایی خوا یەکێك لە کوڕەکانمی بکوشتایی نەك گەماڵبۆر!.

کوڕەکان کە چاویان بە حاڵوباڵی ئەحمەد دەکوی‌و قسەکانی سەعی سۆڤ ساڵح دەبیستن، دەستیان بە تێڵاوە شل دەبێ ئارەقی خەجاڵەتی بەناو چاوانیاندا دیتەخوارێ. کە چاویان بە گەماڵی تۆپیوو تانجی پشت شکاو دەکەوێ، وەختە لە خەفەتا ببورێنەوە.

سەعی سۆڤ سالح دەستی ئەحمەد دەگرێ بەرەو ماڵی خۆیا دەیباتەوە، مام براخاس، کاسوواس، وەختە شێتبێت، بە ڕاکردن بەدوای ئەحمەد و سەعی‌سۆفی‌سالحدا، بەرلەوەی خۆیانبکەنەماڵا دەڵێ:

من کۆستم کەوتوە، لەکوڕکانم خۆشەویستترم کوژراوە! هێشتا تۆیش میوانەکەم دەبەی بۆخۆت؟ مامبراخاسی بازۆڵەئەستوور باڵی ئەحمەد دەگرێ و دەڵێ: ڕۆڵەگیان وەرە  تۆ نۆ نەچیری بەرەبەیانی خۆمی.

زۆرسەیرە؟ مامبراخاس باڵێکی گرتوە، کاك سەعی ئەویتری، کردویانەتە کێشمەکێش.   سەعی‌کوڕەگەورەی مامبراخاس بووبە پشتیوانی باوکی، ئەحمەد و سەعیسۆڤ ساڵحیان ڕاپیچ کرد و کردیانە درگای حەوش و حەواڵی خۆیاندا. ژن و منداڵی دەرودراوسێ بەدەم قرموقاڵی  مامبراخاس و سەعی سۆڤ ساڵحەوە ڕژاونەتە سەربان و کۆڵان. ئەحمەد تەروتلیسك و قوڕاوی دەڵێ مقەبایە هەر بەدەمیاندا دەروانی. مامبراخاس بەسەر ژنەکەیدا دادەخوڕ دەڵێ:

ئافرەت ڕاکە ئافتاوەیی ئاوی گەرم و دەستێ جلوبەرگی وشکم فریاخە. تێکڕا خۆیانکردە ماڵا، ماڵ چ ماڵ چوارکۆڵ بەقەد مزگەوتی کوێرە گوندێك دەبێ سوارخاس دەتوانێ ئەسپی تێدا لنگدات. هێشتا پڕو پێخەف کۆنەکراوەتەوە. ئەحمەدیان بردە سوچێکی ماڵەکە، پلاسێکیان بۆکردە پەردە گشت جلەکانیان لەبەر داماڵی دەستێك جلوبەرگی جوانیان کردە بەری. مامبراخاس بەسەر کچەکەیدا دادەخوڕێ دەڵێ: دادەی کەنیشکە گۆزەڵە ئاویکی گەرم و تەشتێك بێنە ئاوبکە بە دەسیا با دەمو چاوەکەی بشوا.  ئەحمەد کە دەستو دەموچاوی شۆری و ڕەشتیە شیکەکەی مامبراخاسی بەستە سەریەوە هێندە جوانی لێ دەکاڵێتەوە گشت خێزانی ماڵ لێی ڕادەمێنن مەعازەڵا چاو لەحەنای ناتروکینن. کەمامبراخاس دیتەوە سەرخۆی دەڵێ:  ئەرێ تۆ شوانی مەڕەکەی سوننەتە نیت؟ ئەحمەدیش دەڵێ: ئەگەر تۆ مامبراخاسی ڕاویارو کەوو کەرویشك کوژو شەکمەڕو بەران ونکردوو بیت؟  بێگومان  منیش ئەحمەدی ئاغەجان شوانی هەمیشەیی ڕانەکەی سوننەتەم. من گۆشتی کەوو کەرویشکی کوژراوی دەستی تۆم خواروە. تۆبڵێی تۆیش نانوشیری کولاوی دەستی ئەم شوانە وێڵەت نەخواردبێت؟  مام براخاس کەوتۆتە ناو وەسوەسەوە. ئەشکی شادیو خەجاڵەتی و خۆشەویستی بە ڕومەتیا دەڕژێنەخوار. ڕودەکاتە سەعی سۆڤ سالح و دەڵێ:

بۆچی ناڕۆیتەوە ماڵەکاولبوی خۆتان خەیاڵت هەیە تا تێرو پڕ لێرە نەلەوەڕێی، نەڕۆیتەوە؟ کاسەعی بەپێکەنینەوە دەڵی: هەی پیری عاقیبت بە شەڕ؟ ئەگەر فریات نەدەکەوتم، ئێستا بەخۆتو گەللە گەماڵ و گەللە کوڕەکانتەوە، ئەمکوڕە شیکو شیرینەتان کوشتبو. مامبراخاس دەڵێ:

بەخوا بە شایەتی تۆ و دەرو دراوسێ قەت هێندە بیشعورو کەللەوشك نەبوم، بەڕاستی مەولودیم لەسەرە.. ئادەی کورگەل تا گاگەل بەر نەبوە ئەو نۆبەندەی قەرارە بیکەینە قوربانی بۆمردوەکانمان بیکەنە حەوشە باکاسەعی سەری بڕێ ناوسکەکەی هەریستا سورکەنەوە بابیخۆین گوشتەکەشی بە دەرودراوسێکاندا بڵاو کەنەوە با بیخۆن.  کاسەعی بێچرکە دەچی لەگەڵ کوڕەکاندا جوانەگاکە سەر دەبڕێ، دەنگ ناکا تا ناوسکی سوور دوکەنەوە کشتیان لە دەور تەنورەکە دەستدەکەنە خواردنی. جادەڵێ: ئەمقوربانیە حەوتمە بۆ کام وکام مردوەکانتانە؟ مامبراخاس دەڵێ: بۆ باەکودابکی خۆمو هاوسەرەکەم ، بۆ هەڵبژاردنی سیانیتر لەمردوەکانیان دەکەویتە بیرکردنەوە، سەعی‌سۆفی‌سالح ماوڵی‌نادات گورزیکی گورچکبڕی پیادا دەکێشی دەڵێ: گەماڵ بۆرو تاژییە ڕەشیش ئەوە2 هیشتا بۆحەوتکەس کەسێکی دەمێنێ؟ مامبراخاسیش سێ‌ودوی لێناکا دەڵێ با ئەویشیان سۆفی صالحی باوکت بێ؟ گەورەو بچوك و منداڵ و مەزن  خۆیان بۆ ناگیرێ پڕمەی گریان و  چڵم ئاوی چاو و پاروی زاریان دەکەوێتە کۆشیان.))

## ناچارین چاوە ڕوانی پاشماوە کانی بین

هەشتەمین زنجیرەی ڕۆمانی سارا لە نۆهەمین ژمارە گۆڤاری جیهانی منداڵاندا بە هەلکەوت نیە سیمای لە بارچونی ئەوسای کۆرپەی کۆماری مەهاباد و ئێستای فرزەندە هەمیشە ئیفلیجەکەی بابەگوڕگوڕ کە سەرنویشتی  سەر بەخۆیی گەلی کوردستانی پێوە گرێدراوە، وەك هەورێکی نگریسی بۆ هەمشە نەزۆك دڵ و جەستەی ئەندێشمەندان و ئازادیخوانی  گەلی کوردستانی وەك هەمیشە گۆڕەوشارداوە.



تایبه‌ت به‌ ته‌وه‌ری ژننامه :


مه‌هاباد قه‌ره‌داغی

## ڕۆژێک بۆ ڕامان، پلانێک بۆ تێکۆشان

## (هه‌ڵسه‌نگاندنی خه‌باتی ژن له‌ پێناوی یه‌کسانیدا)

### له‌سه‌ر ئاستی جیهان:

کورت و کۆنکرێت ده‌کرێ بڵێین ژنانی دنیا هه‌نگاوی باشیان ناوه‌ و قۆناغێکی باشیان بڕیووه‌. کێشه‌یه‌ک که‌ ته‌مه‌نی چه‌ند هه‌زار ساڵێکه‌. له‌ به‌ره‌به‌یانی مێژوودا و له‌ سه‌روه‌ختی ئه‌شکه‌وتنشینه‌کانه‌وه‌ ده‌ستی پێکرد. که‌ ژنان پایه‌ و بایه‌خی خۆیان له‌ده‌ست دا و، به‌ قژ به‌کێش ده‌کران. ئه‌ی ئێستا چی؟ به‌ڵێ، به‌م سه‌د تا دووسه‌د ساڵه‌ی خه‌باته‌ قۆناغێکی زۆریان بڕی و، ئێستا هه‌زارانیان له‌ پله‌ و پایه‌ به‌رزه‌کان و له‌ ناوه‌نده‌کانی بڕیاردا جێده‌گرن. له‌ په‌لکێشان و کونجی ئه‌شکه‌ته‌وه‌ تا سه‌ر کورسی په‌رله‌مان، ده‌بێ وه‌ک ده‌ستکه‌وتی مه‌زن بژمێردرێت. ئه‌مه‌ له‌ کاتێکیشدا که‌ ژن جگه‌ له‌ خۆی هیچ پشت و په‌نایه‌کی تری نه‌بووه‌ و، به‌ هه‌وڵ و کۆشش و تێکۆشانی خۆی پله‌په‌یژه‌کانی خه‌باتی بڕیووه‌. ڕێژه‌ و ڕاده‌ی ئازادبوونی ژن له‌ هه‌ر یه‌ک له‌و وڵاتانه‌شدا جیاوازه‌ که‌ سه‌رچاوه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی فێمینیستی و ده‌روازه‌ی خه‌باتی ژن بوون.




به‌ هه‌ڵسه‌نگاندنێکی سه‌رپێیی و به‌ کورتی ده‌ڵێم: قۆناغێکی زۆر بڕدراوه‌ و، قۆناغی زۆری تریش ماوه‌. خودی سروشتی کێشه‌ی ژن ئاڵۆزه‌ و، خودی سروشتی خه‌بات وایه‌. ده‌توانین به‌ئاسانی مێژووی سه‌رهه‌ڵدانی هه‌ر خه‌باتێک ده‌ستنیشان بکه‌ین، به‌ڵام کۆتاییه‌که‌ی ده‌ستنیشان ناکرێت. چونکه‌ هه‌تا ژیان هه‌بێ، خه‌باتیش به‌رده‌وامه‌. خه‌باتی ژن به‌رده‌وامه‌ و هه‌میشه‌ له‌ به‌ده‌ستهێنانی ده‌ستکه‌وتدا ده‌بن. کلتووری باوکسالاری له‌ وڵاتانه‌ گه‌شه‌سه‌ندووه‌کانیشدا هێشتا بره‌وی هه‌یه‌، به‌ڵام ڕه‌نگی زۆر کاڵ بۆته‌وه‌. ئه‌وسا ئامرازی چه‌وساندنه‌وه‌ و بێبایه‌خکردن جودا بوو، ئامرازی چاره‌سه‌رییش له‌ئارادا نه‌بوو، چونکه‌ ژن هێشتا هۆشیاری به‌رامبه‌ر به‌ کێشه‌ی خۆی په‌یدانه‌کردبوو وه‌ک شتێکی سروشتی ده‌یڕوانییه‌ ئه‌و بێپایه‌یی و بێبایه‌خییه‌ی که‌ له‌ ڕیالیته‌دا به‌سه‌ریدا سه‌پێندرابوو. که‌ ژنان ده‌رکیان به‌ ده‌ستکردبوونی ئه‌و دۆخه‌ کرد، بیریان له‌ به‌ڕه‌نگاربوونه‌وه‌ی کرده‌وه‌، له‌ پێناوی سروشتیکردنه‌وه‌ی ئه‌و دۆخه‌ و سروشتیکردنه‌وه‌ی خۆیان وه‌ک مرۆڤی ئازاد. له‌و وڵاتانه‌دا هاوته‌ریبی خه‌باتی ژنان بۆ خۆڕزگارکردن و ئاساییکردنه‌وه‌ی دۆخ و ڕه‌وشی نائاسایی خۆیان، کلتوورێکی نوێ به‌ شێوازێکی نوێ و ئامرازی سه‌رده‌مییانه‌ به‌ربه‌ره‌کانی هه‌نگاوه‌کانی ژن ده‌کات و به‌ربه‌ستیان بۆ دروست ده‌کات. جیهانی نوێ، به‌رگێکی سورمه‌داری سه‌رمایه‌داریی پۆشیوه‌. ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ سورمه‌چنانه‌ چاو هه‌ڵده‌خه‌ڵه‌تێنن و، هه‌ندێ دیووی ئه‌و کۆمه‌ڵگانه‌ وای نیشان ده‌ده‌ن که‌ مرۆ له‌ ڕه‌وشێکی به‌هاداردا ده‌ژی، به‌ڵام له‌ ناوه‌ڕۆکدا و له‌وێ کێشه‌ی نوێ ده‌زێن. ژنان کۆششی خۆیان ده‌که‌ن، بڕێکی زۆر له‌ مافه‌کانیان به‌ده‌ست هێناوه‌ و، بڕێکی زۆریشی ماوه‌. فه‌لسه‌فه‌یه‌کی فێمینیستی بۆیه‌ گرنگ و جێی بایه‌خه‌، به‌ چاوێک که‌ به‌رژه‌وه‌ندی ژن ده‌بینێ و ده‌خوێنێته‌وه‌، دیارده‌کان شی ده‌کاته‌وه‌ و، له‌ ئاکامیشدا ئامرازی نوێ بۆ خه‌بات و بۆ به‌ڕه‌نگاربوونه‌وه‌ی خه‌ته‌ره‌ نوێیه‌کان دروست ده‌کات.

مرۆڤ هه‌میشه‌ ئاواتی ئه‌وه‌ ده‌خوازێت که‌ زۆرتر ده‌ستکه‌وتی هه‌بووایه‌ و، به‌ هیوایه‌ که‌ زیاتر به‌ده‌ست بهێنێت. به‌ چاوی ئێمه‌، که‌ خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستین و ژنانی ئه‌و ده‌ڤه‌ره‌ش له‌ سه‌ره‌تاییترین مافه‌کان بێبه‌ریین، به‌ چاوی به‌راوردکارانه‌ی ئێمه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وان، ئه‌مان زۆریان به‌ده‌ست هێناوه‌. ده‌بێ بڵێین له‌و ماوه‌ که‌مه‌ ئه‌و هه‌موو ده‌ستکه‌وته‌یان هه‌بووه‌. به‌ڵام به‌ چاوی ژنی ئه‌م وڵاتانه‌ خۆیان، ڕه‌نگه‌ ڕێژه‌که‌ی به‌ که‌م بزانن، ئه‌وان به‌رده‌وامن و له‌ خه‌باتدان. شایانی ئافه‌رینن و، شایانی ئه‌وه‌ن لێیانه‌وه‌ فێربین و سوود له‌ ئه‌زموون و میتوده‌کانی خه‌بات و تێکۆشانیان ببێنین. خه‌بات کۆتایی نایه‌ت، هه‌تا هه‌ڵاواردن و ڕه‌وشی نائاسایی له‌ ئارادا بێت، ژنان ده‌بێت بۆ ئاساییکردنه‌وه‌ی خه‌بات بکه‌ن.

### له‌سه‌ر ئاستی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست:

ئه‌و ده‌سه‌ڵاتییه‌ هه‌ره‌مییه‌ی که‌ له‌ خێزاندا، له‌ سیاسه‌تدا، له‌ کۆمه‌ڵگه‌دا له‌ ئاییندا و له‌ کلتووری باوکسالارانه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا باو و سه‌پاوه‌، خه‌ته‌رێکی سێگۆشه‌یی بۆ ژن دروست کردووه‌، به‌ هه‌ر حاڵ من وام ناو ناوه‌، خه‌ته‌ری سێگۆشه‌. ده‌سه‌ڵاته‌کان هه‌ره‌مین، هه‌ره‌م سێگۆشه‌یه‌کی تیژه‌، گۆشه‌ تیژه‌که‌ی هی پیاو و بۆ پیاوه‌، گۆشه‌ی به‌رجه‌سته‌ و دیار و کاریگه‌ره‌. دوو گۆشه‌که‌ی تری له‌ پاییندان، گۆشه‌ی نه‌بینراو و بێکاریگه‌ریین. ژنانی ئه‌م ده‌ڤه‌ره‌ له‌ گۆشه‌ی مردووی خواره‌وی ئه‌و هه‌ره‌مانه‌ که‌وتوون و نابینرێن و نابیسترێن و تیشکیان له‌سه‌ر نییه‌ و، بایه‌خ و به‌هایان لێ زه‌وت کراوه‌. ژنی ڕۆژهه‌ڵاتی ته‌نها له‌ جه‌سته‌ پێکهاتووه‌، به‌ڵام ئه‌و جه‌سته‌یه‌ش هی خۆی نییه‌ و، بۆ خۆی ته‌نها مایه‌ی ئازار بووه‌. ئه‌و تێڕوانینه‌ سه‌پاوه‌ی که‌ جه‌سته‌ی ژن شه‌ره‌فی پیاوه‌، وای کردووه‌ له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست دا جه‌سته‌ی ژن زیندانێ بێت بۆ ڕۆحی، بۆ تواناکانی و بۆ به‌های مرۆڤانه‌ی.

ئه‌و هه‌ره‌مه‌ و ئه‌و تێڕوانینه‌یه‌ به‌ بۆچوونی من سه‌ره‌کیترین فاکته‌ری کێشه‌ی ژنی ڕۆژهه‌ڵاتی.

هه‌تا ئه‌م ساته‌ش که‌ ئه‌م قسانه‌ی تێدا ده‌که‌ین، هه‌مان هه‌ره‌مه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی به‌ پێوه‌ن و ژنان هه‌ر له‌و گۆشه‌ مردووه‌دان که‌ له‌ تیشک و بایه‌خ و به‌های پیرۆزی مرۆڤانه‌ بێبه‌رین. هه‌وڵی ژنی ڕۆژهه‌ڵاتی ده‌بێ بۆ ڕوخاندنی ئه‌و هه‌ره‌مانه‌ بێت و ده‌رپه‌ڕین بێت له‌و گۆشه‌ مردووه‌ نه‌بینراوه‌ و ڕووناکی ببینێت. ئه‌گه‌ر له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا باس له‌ خه‌باتی فێمینیستی بکرێت، ده‌بێت بڵێین هێشتا ژنی ڕۆژهه‌ڵاتی له‌ ئه‌لف و بێی ئه‌و خه‌باته‌دایه‌. ئه‌مه‌ ڕه‌وشێکی خه‌مئاوه‌ره‌، به‌ڵام نابێت ڕه‌شبین بین. ئه‌و ناوچه‌یه‌ له‌ ئه‌مڕۆدا له‌به‌ر شه‌پۆلی گۆڕانکاری نوێدایه‌ و خه‌ریکه‌ هه‌ندێ ده‌رفه‌ت بۆ ژنانیش بێته‌ ئاراوه‌. به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و ده‌رفه‌تانه‌ له‌ده‌ست نه‌درێن و بقۆزرێنه‌وه‌. ده‌رفه‌تکوشتن خۆکوشتنه‌!

## له‌سه‌ر ئاستی کوردستان:


وه‌ک به‌شێک له‌ ژنانی ڕۆژهه‌ڵات هه‌مان نه‌هامه‌تی ژنی کوردیش ده‌گرێته‌وه‌ و، ئه‌و هه‌ره‌مه‌ی باسم کرد بۆ ژنی کورد زیاتر له‌ په‌نادا دیل و گۆشه‌گیری کردووه‌. نه‌ته‌وه‌ی کورد خۆیشی له‌ گۆشه‌ی مردوودا ده‌ژیی و، ستركتووری ده‌سه‌ڵاتی داگیرکه‌ره‌کانی به‌ مه‌به‌سته‌وه‌ نه‌ک هه‌ر گۆشه‌گیریان کردووه‌، به‌ڵگه‌ هه‌وڵی ته‌فروتووناکردنیشیان داوه‌.

له‌ ساڵی 1991 و له‌ ڕاپه‌ڕین به‌دوواوه‌، به‌شێکی باشووری کوردستان له‌ ئازادییه‌کی ڕێژه‌ییدا ده‌ژین، ده‌رفه‌تی جوڵانه‌وه‌ گه‌شه‌سه‌ندنیان باشتر بوو له‌ جاران. ئه‌م ئازادی و ده‌رفه‌تانه‌، ئه‌گه‌رچی بۆ ژن و پیاو چوونیه‌ک نه‌بووه‌ و نییه‌ و، ژنان زۆر که‌متر به‌هره‌مه‌ندن پێی، به‌ڵام دیسانیش به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ پێش ڕاپه‌ڕین ژنانی کورد له‌ خۆڕێکخستندا و له‌ کار و خه‌بات بۆ کێشه‌ی ژنان هه‌نگاوی باشیان نا، ئه‌مانه‌ ده‌توانم ناوی لێبنێم هه‌نگاون به‌ره‌و دروستبوونی بزوتنه‌وه‌یه‌کی فێمینیستی، به‌ڵام خودی بزوتنه‌وه‌ی فێمینیستی هێشتا پێم وا نییه‌ ته‌واو دروست بووبێ. بزوتنه‌وه‌یه‌کی فێمینیستی قۆناغی گه‌شه‌سه‌ندن و هۆشیاری فێمینیستی و، فه‌لسه‌فه‌ و مینتالیته‌یه‌کی فێمینیستی پێویسته‌، جارێ ئه‌مانه‌ لای ئێمه‌ دروست نه‌بوون، به‌ڵام دروستبوونیان مه‌حاڵ نییه‌.

ئه‌گه‌ر به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی له‌ داموده‌زگا گرنگ و بایه‌خدار و بڕیارده‌ره‌کاندا ته‌ماشای هه‌ر شوێنێک ده‌که‌ی ده‌ستی به‌سه‌رداگیراوه‌ و له‌ لایه‌ن پیاوانه‌وه‌ داگیرکراوه‌. ڕێژه‌ی ژن له‌و داموده‌زگایانه‌دا هێنده‌ که‌مه‌ که‌ هی ئه‌وه‌یه‌ یه‌کده‌نگانه‌ لێی وه‌ده‌نگ بێین و سکاڵای توندی له‌ دژ بکه‌ین. له‌ شته‌ سه‌ره‌کییه‌کاندا ده‌ستکه‌وته‌کانمان قایلکه‌ر نین، له‌ شته‌ ناسه‌ره‌کییه‌کاندا هه‌نگاوه‌کان برێک ئه‌نجامیان به‌ ده‌سته‌وه‌ داوه‌. نابێ قایل بین به‌و ڕه‌وشه‌، به‌ڵام نابێ پاسیڤیش بوه‌ستین به‌رامبه‌ریان.

به‌شێکی به‌رچاو له‌ ژنی کورد ئه‌مڕۆ په‌ڕیوه‌ی دووره‌وڵاتین و له‌ ئه‌وروپا و ئه‌مریکا و کیشوه‌ره‌کانی تری دنیادا بڵاوبوونه‌ته‌وه‌. ئه‌گه‌رچی مه‌خابن ژماره‌ی ئه‌کتیڤه‌کان چ له‌ کوردستان و چ له‌ هه‌نده‌ران که‌من، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ڕێکخراوی ژنان له‌ هه‌نده‌رانیش هاوته‌ریبی ڕێکخراوه‌کانی ناوه‌وه‌ی وڵات له‌ چالاکیدان.

هه‌تا چه‌ند ساڵێک پێش ئێستا پردی په‌یوه‌ندی له‌ نێوان ئه‌م ڕێکخراوانه‌ له‌ ئارادا نه‌بوو، ده‌نگی یه‌کتریمان نه‌ده‌بیست و له‌ کار و چالاکییه‌کانی یه‌کتری ئاگادا نه‌بووین. ئه‌مڕۆ پردی په‌یوه‌ندی و تۆڕی په‌یوه‌ندی به‌هێز دروست بووه‌ و، ته‌نانه‌ت پرۆژه‌ی هاوبه‌ش پێکه‌وه‌ ده‌که‌ین. نموونه‌یه‌کی ئه‌م پرۆژه‌ و په‌یوه‌ندییه‌ش له‌ ئه‌زموونی خۆمانه‌وه‌ باس ده‌که‌م. ئه‌ویش پرۆژه‌ی داخوازینامه‌ی مافه‌کانی ژنی کورده‌ Kurdish Weman .Wrights Charter، که‌ ئێمه‌ وه‌ک تۆڕی داخوازینامه‌ی ژنی کورد له‌ ده‌ره‌وه‌وه‌ ده‌ستمان پێکرد و وه‌ک پرۆژه‌یه‌کی هاوبه‌ش له‌گه‌ڵ ناوه‌ندی هاوبه‌شی ڕێکخراوه‌کانی ژناندا تاوتوێمان کرد و وا ئێستا ئه‌نجامی ئه‌و کار و پرۆژه‌ هاوبه‌شه‌ خه‌ریکه‌ ئه‌نجامێکی زۆر پرشنگداری ده‌بێت و دێته‌ به‌رهه‌م.




پرۆژه‌ی داخوازینامه‌ی مافه‌کانی ژنی کورد، که‌ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد هاوبه‌شی کردووه‌ له‌گه‌ڵماندا له‌ کردنی به‌ دیکۆمێنتێکی یاسایی و باوه‌ڕپێکراوی پسپۆڕانه‌. له‌م یه‌ک دوو مانگه‌ی داهاتوودا وه‌ک دیکۆمێنتێکی بایه‌خدار که‌ له‌سه‌ر مۆدێلی ڕێککه‌وتننامه‌ی مافی مرۆڤ و په‌یماننامه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کانی تر دارێژراوه‌ته‌وه‌، له‌ لایه‌ن پله‌به‌رزترین ژنه‌یاساناسی به‌ریتانیاوه‌، له‌ ژوورێکی په‌رله‌مانی ئینگلستان ده‌ناسێندرێت. ئێمه‌ له‌ هه‌نگاوێکی بچووکه‌وه‌ ده‌ستمان پێکرد و، پشتیوانییه‌کی نێونه‌ته‌وه‌ییمان بۆ دابینکرد. ئاواته‌خوازین وه‌ک چۆن هه‌موو هاوده‌نگ و هاوڕا ئه‌م پرۆژه‌یه‌مان گه‌یانده‌ ئه‌و ئاسته‌، به‌ هه‌مان هه‌ناسه‌ و یه‌کده‌نگییه‌وه‌ له‌ جێگیرکردنی و له‌ داسه‌پاندن و چاوه‌دێریکردنی جێبه‌جێکردنیدا به‌شدار بین و، هه‌وڵی بۆ بده‌ین. ئه‌گه‌ر خاڵه‌کانی ئه‌و داخوازینامه‌یه‌ له‌ یاسادا بچه‌سپێت، ژنی کورد به‌ گه‌لێ له‌ مافه‌کانی خۆی شاد ده‌بێت و، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌یه‌ پێویسته‌ یه‌کگرتووانه‌ و چالاکانه‌ کاری بۆ بکه‌ین.

له‌ چه‌ند ساڵی ڕابردوودا گه‌لێ کۆڕو کۆبوونه‌وه‌ و کۆنفرانس چ له‌ هه‌نده‌ران و چ له‌ ناوخۆی کوردستان ساز دران و زۆر قسه‌یان تێدا کراوه‌ و زۆر پێشنیاریان تێدا

خراوەتە روو. هەموو ئەو کارە تیۆرییانە باشن و هەموو ئەو کۆڕ و کۆنفرانسانە هیچ نەبێت هەندێ وێنەی شاراوە لە کێشەکانی ژنانی کورد دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بە ڕای من ئەنجامەکانی بۆیە وەک پێویست نەبووە، چونکە لەبەدواداچوون دا سستین. ئەو لایەنانەی کۆنفرانس ڕێکدەخەن، تەنها وەک ئەرکێکی فەرمی دەیبینن و دوای تەواوبوونی ئیدی دۆسییەکانی هەڵدەگیرێن و هیچ ئەنجامێکی کۆنکرێت نادەن بە دەستەوە تا بە دوایاندا بچن.

هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان بە ڕای من دەبێ ساڵڕۆژی بەخۆداچوونەوە بێت. دەبێ لەم ڕۆژەدا ژن وەک تاک و وەک گروپ و وەک ڕێکخراو بە کار و بارەکان و، بە ئامانج و ئەنجامەکانی خەباتەکەی خۆیدا بچێتەوە و لە کەموکوڕییەکانی بگەڕێت تا لە ساڵی ئایندەدا ئەو کەموکوڕییانە بەربەست نەبن بۆ هەنگاوەکانی. بۆ ئەوەی دووبارە سترکتووری ڕێکخراوەکەی، ئامانجەکانی، خشتەی کارەکانی دابڕێژێتەوە.
بە ڕای من ژنی کورد چونکە زۆر لە سەرەتاکانی خەباتی فێمینیستییە، هەشتی مارس بۆ ئەو نابێت تەنها وەک ڕۆژی جەژن و ئاهەنگ بەسەر بچێت، بەڵکە ئەم ڕۆژە پێویستە ببێتە ڕۆژی بیرکردنەوە و ڕامان، ڕۆژی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی نەخشە و پلان، ڕۆژی بڕیاردان. مەبەستم ئەوە نییە کە نابێ ژنی کورد لەم ڕۆژەدا خۆشی بکات و شادی بنوێنێ، بە پێچەوانەوە. ژن دەبێت لە کاتی بەخۆداچوونەوە و ڕامان لە خەباتی خۆی، دڵشاد بێت بەو دەستکەوتانەی بەدەستی دەهێنێت و، گەشبین بێت بەو دەستکەوتانەی کە لە بەرنامەیدا هەیە بەدەستی بهێنێت. لەم ڕۆژەدا ژن پێویستە بە لێن بەخۆی بدات سارد نەبێتەوە و لە هیچ نەسڵەمێتەوە.
لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چی دەبێت بگۆڕێت؟ ئایا ڕیفۆرمی سادەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و ئابووری بەسە؟ ئایا گۆڕینی خاڵێک، یان بڕگەیەکی فلانە یاسا و فیسارە یاسا بەسە؟ ڕیفۆرمی لەو جۆرانە باشن بەڵام ئەمانە داد نادەن و دادپەروەریی ناهێننە ئاراوە. کۆمەڵگەی ئێمە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی گەرەکە. سیستەمی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کورد پێویستە گۆڕانی بنەڕەتی تێدا ڕوو بدات. کاتی ئەوە هاتووە سترکتووری بەڕێوەبردنی هەموو دامودەزگاکان و حیزبەسیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی میری و نامیرییەکان بگۆڕدرێن. ژنانی ئەندامی ئەو حیزبانە دەبێت لە دانانەوەی سترکتووری نوێدا ڕۆڵ ببینن و قایل نەبن بەو سترکتوورە باوکسالارانەیەی ئێستایان. بۆ دەبێت تەنها گوێگر و گوێڕایەڵ بین؟ بۆ دەبێت داخوازییەکانمان بچووک و ڕووبەرییانە بێت. ئێمە کێشەکەمان گەورەیە و قووڵە، پێویستە داخوازییەکانیشمان گەورە و بناغەیی بن. پێویستە جێگاکانی ژن بدرێنەوە بە ژن، نەک تەنها بە تیۆریی و لە هۆڵی کۆڕ و کۆنفرانسدا، بەڵکە لەناو خودی پەرلەمان و خودی دادگا و زانکۆ و وەزارەتەکان و هتد.. دا. ئەم چەرخە هی ئەوە نییە دەسەڵاتی سێگۆشەیی (هەرەمی) تێیدا گەشە پێبدرێت، بەڵکە هی ئەوەیە سترکتووری دەسەگت بکرێت بە شاقۆڵی و لەوێشدا جێگاکانی ژن داگیر ناکرێت.
کێشەی ژنی کورد، دەقاودەق وەک کێشەی نەتەوەی کوردە، وەک چۆن کورد خۆی وەک "نەتەوە" ژێردەستە کراوە و "وڵات"ەکەشی داگیر کراوە، بە هەمان شێوە ژنی کورد "خۆی" ژێردەستەکراوە و "جێگاکانی"شی داگیرکراوە.
پێشنیاری کۆنکرێتی من ئەوەیە، لە وڵاتی ئێمەدا بە یاسا پشتیوانی لە مافەکانی ژن بکرێت. بە یاسا بەر بە توندوتیژی بگیرێت کە دژ بە ژن پیادە دەکرێن. بەرنامەی هۆشیارکردنەوەمان هەبێت. "ئەوەندەی کە بەشی خۆیەتی لە دەسەڵات" بدرێتەوە بە ژن و، ژنانی ناو دەسەڵات و سیاسەتیش سیاسەتێکی ژنانەیان هەبێت. پێشنیار زۆرە، بەڵام هیوادارم ئەم پێشنیارانەی دەیانکەین لە تیۆرییەوە بگوێزنەوە بۆ پراکتیک. کاتی ئەوە بەسەر چوو کە تەنها گوێگر و تەماشاکار بین، کاتی ئەوەیە گوێمان لێ بگیرێت و ڕۆڵ بگێڕین.

8 ی مارتی/ 2004

## ڕیشەکەن بوون
## و
## ژیان لە تاراوگە!



### پەڕوانەی قورەیشی

مرۆڤ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ژیانیەوە جێگۆڕکێو کۆچەڵکۆچ و هوار نشینی لە گەڵ هەست و خواستیدا وەها ڕیشەیان پێکەوە ئاڵۆزکاوەن مەگەر بە زەبر وجەور ستم، دەنا ڕەنگە قەت لێکجیا نەبنەوە.
Migration یاکۆچ بە شێوەیەکی زۆر قووڵ ڕەگ و ڕیشەی لە فەرهەنگ و مێژووی مرۆڤدا هەیە.
کۆچکردن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ زۆر و زەبر و زەنگدایە. جەنگو داگیرکردنی وڵاتان لەلایەن داگیر کەرانەوە دەبێتە هۆکاری ئاوارەبوون و هەڵکەنندنی خەڵك لە وڵاتی خۆی.
Migration دەبێتە هۆی گۆڕینی بڕێك لە داب و نەریتی "خۆیی" واتە بوومیەکانیئەو وڵاتە کە لەم ڕاستیە بێخەبەرن (ئاگاداری ئەم ڕاستیە نێن) و شیدەت، هۆکاری سەرەکین بۆ باش نەبونی ژیان. هەژاری Migration و نەبوونیکار و پیشەش دەبنەهۆی ئەوە کە خەڵك وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن و سەر کەنە وڵاتانی بێگانە.
لە وڵاتانی بێگانە ئەوکارەیان دەس ئەکەوی کە خەڵکانی ئەو وڵاتانە نایانەوێ بیکەن چونکە سەخت و دژوارە یان کرێکەی کەمە. یان جێگای ژیانیان باشنیە و ماڵێ کەوەچنگیان دەکەوێ ناخۆش و تەنگەلانە. بۆ ڕوونکردنەوەی migration دەبێ ئاماژە بکەم کەکۆچ فۆرمی جیاوازی یەکتریان تێدایە. بۆ نمونە کۆچی ئازاد ئەو کۆچەیە کە کەسێك بیەوێت بۆ خوێندنی باڵا، وڵاتەکەی بەجی بهێڵێت، یا بۆ فێربوونی باشتری زمانی بێگانە ڕو دەکاتە ئەو وڵاتە کەئەیەوێ زمانەکەی فێربێت. یان کاربەدەستانی کارخانەکان کە کارخانەکانیان دەگوێزنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە خەڵکی بە کرێیەکی کەمتر کاری ئەو کارخانەیە دەکەن.
لەلایەکی دیکەشەوە کۆچی زۆرەملێ لەلایەن داگیر کەرانەوە کە خەڵکی گوند و شار ڕاودەنێن و جێگای ئەوان دەدەن بە میللەتەکەی خۆیان، (ئەگەر وڵاتەکە چ میللەتێبێت). لەم بارەوە مێژووی کورد پڕە لە بەزۆر کۆچپێکردن، ڕاونان و دەرکردن. بۆ نمونە لە سەردەمی دەستەڵاتی شاعەباسی(ئێران) کەبەشایەکی عادڵ لە مێژوی ئێراندا ناوی دەبەن؟ زیاتر لە پێنج هەزار خانەداری کوردی لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران کۆچاند و لە زێد و ماوای باب و باپیرانیانی دوور خستەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە، یان لەنیوەی ڕێدا مردن یان بە ڕێگەوە لە شوێنێکی دێدا نیشتە جێبوون تا کو گەیشتنە مەڵبەندی خوراسان. زۆربەی ئەوانە تائیمڕۆیش هەر بەزمانی کرمانجیو زا زا لەو شوینە کە نیشتەجێ بوگن قسەدەکەن. هەر وەها بە هەزاران کورد لە ئەنجامی جەنگە کانی نێوان ڕوس و تورك، ڕوسیە و ئێران، وەیا شەڕی دژی کورد، ئاوارەی ڕوسیە و لوبنان و شارەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بوون.

بە هۆی ڕاونان و تارومارکدنەوە هەزاران کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا لەلایەن ڕەژیمە داگیرکەرەکانەوە مەجبور بوون ڕو بکەنە ولاَ تانی‌هەندەران و بەهیوا و ئارەزوی گەڕانەوە بۆ زێد و مای خۆیان و شادبون بە دیداری کەس و کار و لەگەڵ خۆشەویستەکانیان ژیان بەرنە سەر. کۆچکردن و ژیان لە تاراوگە دەبێتەهۆی پارچەپارچە بون و لەیەکدابڕانی خانەوادە کوردەکان. زۆرجار بۆ نەجاتدانی ژیان کات و ڕێگای (ئۆغێر) کردنیش نامێنی لەپێناوی نەجاتی گیان و هەڵهاتنی لە ناکاو و کوتوپڕ فرسەتی ماڵاوایی لە کە،س و کاریش مەحاڵ دەبێت.

زۆر جار هەست بە تاوانباری و شەرمەزاری لە بەرابەر گەس و کار و ماڵ و منداڵی بەجێ‌ماو! ژیانی پەنابەر هێندە دیژوارە تەحەمول ناکریت.

زۆرێك لە پەنابەران پاش گەیشتن بە ولاَت و هەواری نوێ دەبێ ژیانێکی نوێ، لەژێر بارودۆخێکی تازەدا دەسپێ‌بکرێت، زۆربەی زۆری ئەوکەسانەی دەگەنە ولاَتی ڕۆژاوا تووشی شۆکی کوتوپڕی دەبن، چونکە زۆربەی زۆری داب و نەریتی ولاَتی نوێ جیاوازە لەگەڵ ئەوشتەی کە ئەوان لەسەرەتای ژیانیانەوە و لە ولاَتی خۆیاندا فێری بوون.

هەموو زانایی و تجرەبەی ژیان کەبەدەس هاتوون نرخ و کارایی خۆیان لەدەس ئەدەن. مرۆڤ، دەبی فێری شتی تازەبێت. لەپڕێك مرۆڤ، تەنانەت خۆی لە پلەی منداڵیدا دەبینێتەوە. بۆ نمونە فێربونی زمانی تازە بەهۆی ئەوەوە زمانێ کە بەدرێژایی ژیانی فێری بووگە لەم ولاَتە تازەیەی‌دا بەکارنایەت و بێکەڵکە دەبێ فێری زمانێکی دی بێت. مرۆڤ، هەست بەوە دەکات دەڵێی منداڵێکە و تازە فێری ئاخاوتن دەبێت. بۆ ڕاگەیاندن و حاڵیبونی خۆی ئیحتیاجی بەیارمەتی هەیە، بە ئیشارە و دەست و پێ‌ی قسەدەکات تاکو مەبەستەکەی خۆی ڕاکەیەنێت.

کۆچکردن دەبێتە هۆی لەبەریەکترازانی خانەوادە و خاووخێزان. منداڵەکان بەهۆی ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و باخچەی ساوایان بە زوترین کات فێری زمانی تازەی غەیرە کوردی دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دایکوباوك هەست بەکەمی و داماوی لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا بکەن. بێجگە لەمەش منداڵەکان هەستبەوە دەکەن لە باری تێگەیشتن و زانایی لەباەکودایکیان پیشکەوتوترن. زۆرجار منداڵەکان دەبنە (موتەرجم) لەنێوان باوکودایکیان و کاربەدەستانی حوکومەتی خاوەن ولاَت. بەم بۆنەوە ئەوان دەبنە هۆی شاهید بۆ کەم و کوریەکانی باوك و دایکیان. ئەمە و نەتوانکاری برێك لەدایکوباوکان بۆ زاڵبون بەسەر تەنگو چەڵەمەی ژیان لە دەرەوەی ولاَت دەبێتە هۆی ئەوە کە منداڵەکان ئاگاداری دایکوباوکیانبن و هۆشیان پێیانەوەبێت. لەڕاستیدا لێرەدا دەکرێ بوترێ (وەزیفە) و کردەوە گۆڕدراون، لە جیاتی ئەوە باوکودایك هۆشیان بە منداڵەکانیانەوە بێت کەمنداڵ بوو بە بەرپرس بۆ باوکودایکی. ئەم مشکیلەیە دەبێتە فشاری ڕەوانی (دەرونی) لەسەر منداڵ و منداڵ تووشی نەخۆشینی لەش دەکات کە لە ڕیشەدا بە هۆی فشاری دەرونیەوە پێك دێت.

مشکیلەیەکی دیکە کە دەبینرێت ڕۆڵی ژنە. زۆربەی زۆری ژنەکان دەتوانن بەباشی زمان فێربن، زۆر زویش ڕوو دەکەنە کارکردن. ئەگەر ئەوان لە ولاَتی خۆیان تەنها ژنی ماڵ بوبێتن، ئێستا توانایی خۆیان پیشان ئەدەن کەدەتوانن ئەوانیش وەك پیاو پارە بەدەس بهێنن. جگە لەوە چاوو دەمیان دەکرێتەوە، لە ژنە هاوکارەکانیان دەپرسن کە هەلسوکەوتی شووەکانیان چۆنە. بەلاَم ژن کە دەبینێ مێردەکەی زەرپەك نەگۆڕدراوە هەر وەکو ئەوسای لە ولاَتی خۆیان ماوەتەوە نایەوی خۆی بگۆڕێ. ئەمەش دە بێتە هۆی ناکۆکی نێوان ژن و شوو، تەنانەت تا ئەوجێگە کە ژن و شو لێك جیاببنەوە.

کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە کچی کوردەکان کە زمان باش فێردەبن بۆ سەربەخۆیی و ماڧ خۆیان بێباکانە تا ئەو سنوورە تێدەکۆشن لەمەرگیش سڵناکەنەوە. بەلاَم دایکوباوك دەیانەوێ کچەکانیان وەکو کچێکی ولاَتی خۆیان ڕەفتار بکەن. نەجیب و بە حەیا و شەرمن بن. ئەوان ماڧ ئەوەیان نیە پێچەوانەی قسەو ویست و خواستی باوکیان دەم بکەنەوە و بدوین و یا باشترە بلێن ماڧ اعتیراز (دژایەتی باوکیان) نیە. بەلاَم ئەوان لە قوتابخانەو زانکۆکاندا وەك کەسایەتیەکی سەربەخۆ باردێن، ئەوان لەناو دو سیستەمی جیاوازدا گیرۆدەن. بەداخەوە زۆرجا دەرەنجامی ئەم کێشەیە مردن و لەناوچوو ن کوشتنە یا بە دەستی باوك و برا، یان خۆ کوشتنە. * * *

## ئایا هەموو کەس دەتوانێت کۆچ بکات؟

بە ڕای Men ges دەبێ ئەو کەسەی کۆچ دەکات توانای کۆچکردنی هەبێت.

کۆچەر دەبێ بتوانێت لە زمانێکی دیاریکراودا توانایی ئەوەی بێت کە پلە بە پلە (توازن) هاوسەنگی دەرونی خۆی دوبارە بەدەس بێنیت. مەرجی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەو ولاَتەی کۆچەر ڕوی تێدەکات ئەوبارودۆخەی بۆ ئامادەبکات تا ئەو بتوانێت بە زوترین کات خۆی لە چوارچێوەی ولاَتی نوێدا هەمسان بکاتئاماژە بە Memges. بە Indikation و KontrainDikation لە پێوەندی لەگەڵ کۆچدا دەکات و دەڵێ: توانایی بۆ سەیتەرە کردن واتە زاڵبوون و تێپەڕبون لە ئێش و ئازاری دووری لە ولاَت دەتوانێت کۆچکردن ئاسان بکاتز بە ڕای ئەو کەسەی کە پێویستی بە Individuation بە سەربەرزی پشت سەر نەناوە. (یانی هێشتا لەباری خۆشەویستی و ئیحساسیەوە ناوکەبڕێی نەبووە) دەبێتە قەربانی ئێش و ئازار و دەردی دووری لە ولاَت. بەڕای ئەو ئەو کەسانەی کە لەژێر ئیش و مەراقی دووری لە ولاَتدا دەناڵێنن لە ئەساسدا پێوەندی ئەوان لەگەڵ دایك یاکو جیگری دایك پڕ کێشەو گیرو گرفت بووگە.

پەروانەی قورەیشی ئاڵمان فرانکفۆرت

# چیرۆکی

## کەروێشکە خاڵدارەکە!



دایە کەروێشك و پوورە لیسا دانیشتبوون قسەیان ئەگرد، دایەگەروێشگ خەریك بوو ئەگریا، پوورە لیسا پرسیاری لێکرد وتیێ:

= وتت چەند کەروێشکبوون؟!

= نۆ ، نۆ کەروێشکی بچوك.. هەفتەی ڕابوردو لە دایکبون، شێوەی هەشتیان وەك کەرویشکی خێزانەکانی خۆمان وایە، ڕەنگیان سپی وەك بەفر و گویێو چاویشیان گوڵی سووری تێدایە واتە گوڵدارە.

بەڵام نۆیەمیان.! دایە کەروێشك بەدەم گریانەوە وتی: بەتەواوی جیاوازە، چاوی شینە و هەموو لەشی خاڵدارە، خاڵی قاوەیی تێدایە!

بەستەزمان.. بەستەزمان کەروێشکە خاڵدارە بچووکەکە! زۆر دەترسم باپیرە خۆشینەوێت، باپیرە هەرگیز نەیدیوە و نەیبیستووە بێجگە لە کەروێشکی سپی ڕەنگێکیتر هەبێت لە خێزانەکەدا. پوورە لیسا وتی:

= ئای کە ناخۆشە .. بەهەرحاڵ با بڕۆین بیانبینین.

کە نزیکبونەوە لە کەروێشکە بچکۆلەکان پورە لیسا بەسەرسوڕمانەوە بینی کەروێشکێی بچووك و دڵخۆش لێرەو لەویێ هەڵبەزو دابەز دەکا و گیای سەوز بە ددانەکانی ئەپچڕی و لەناو دارەکاندا لەگەڵ ئەوانیترا یەکتری ڕاو ئەنێن. دایە کەروێشك وتی: ئەوە خاڵدارەکەیە؟

پوورە لیسا بەدەم هاوارەوە وتی: نا ..! خاڵی قاوەیی لە هەموولەشیا ..! . هەرگیز کەروێشکی لەم شێوەم نەدیوە.

لووسیێ ، کەرویشکێکی بچوك بوو، لەدەستە خوشکەکانی کەروێشکە خاڵدارەکە لەو نزیکانە یاری ئەکرد و گویێی لە گوفتوگۆی نێوان دایکی و پوورە لیسا بوو، بەسەرسوڕمانەوە وتی: پوورە لیسا حەز لە کەروێشکی خاڵدار ناکات، !لووسی؟

پورە لیسا وتی: بەڕاستی وانیە.. برۆ بۆخۆت یاری بکە. لووسی وتی:

= بە من کەروێشکە خاڵدارەکەم خۆش ئەوێت، کاتێ چاوشارکێ ئەکەین ئەو هەمیشە ئەیباتەوە .. بۆ ئەوتان خۆش ناوێت؟!دایە کەروێشك وەڵامی دایەوە: بە دڵنیاییەوە ئەومان خۆش ئەویێ، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو کەمیك لە ئێوە جیاوازترە.

لووسی وتی: دایە گیان جیاوازی یانی چی؟!

دایە کەروێشك وتی: لووسی ئەوەندە پرسیار مەکە بڕۆ بانگی خوشکوبراکانت بکە کاتی نانخواردنە.

ئەو ڕۆژە بۆ نانخواردنی ئێوارە زەڵاتە و گێزەریان هەبوو.

دوای نانخواردن هەمویان چوونە سەر نوێنەکانیان و چاوە ڕیێبون دایە کەروێشك بێت و شەوشادیان لێبکات.

پێش ئەوەی دایە کەروێشك بێت بۆلایان لووسی بە خوشکوبراکانی وت: "گویێم لێبوو دایکم و پورە لیسا باسی کەروێشکە خاڵدارەگەیان ئەکرد" وادیار پورە لیسا حەزی لە خاڵی کەروێشکە خاڵدارەکە نیە، پێم سەیرە نازانم بۆ؟!

خاخاڵدارەکە وتی: من حەز لە خاڵەکانی لەشی خۆم ئەکەم.. من من وا جوانم!


لوولووسی وتی: بەڵیێ تۆجوانی و دایکم وتی تۆی خۆش ئەویێ بەلاّ تەنها ئەوە نەبیێ تۆ تۆزێك جیاوازتری لە ئێمە.

خاڵدارەکە پرسیاری کرد وتی: جیاوازی مانای چییە؟!

لووسی وتی: منیش نازانم. ئا لەم کاتەدا دایکیان خخۆی کردە ژوورەکەددا

لووسی پرسیاریکرد وتی: ئەریێ کەروێشکە خاڵدارەکە چ هەڵەیەکی کردوە و چ شتێك لەو ڕویداوە؟

دایکی وتی: مەبەستت چییە؟ هیچی نەکردووە. لووسی وتی: ئەی "جیاواز" مانای چیـیە؟!



دایکی وتی: ئەوەندە پرسیارمەکە ... ئێستا کاتی خەوە و سبەینێ جەژنی لە دایکبونی باپیرەیە دەبێ زوو لەخەو هەستین و بڕۆین بۆ یادەوەریەکە.


دایە کەروێشك لەگەڵ وتنی (شەوشاد)دا ماچی هەمو کەروێشکە جوانەکانی کرد .

ڕۆژی دوای، کاتێك ئەوان بە تەواوی ئامادە بون بڕۆن بۆ جەژنی لە دایکبونی با پیرە، پوورە لیسا هات بە دایەکەروێشکی وت:

چی لە کەروێشکە خاڵدارەکە ئەکەی، من بەباشی ئەزانم لەماڵەوە بە جێی بهێڵین. دایە کەروێشك وتی نەخێر من ناتوانم ئەوکارە بکەم.

پورە لیسا وتی: تۆ ئەزانی باپیرە بەتەواوی دڵگران ئەبێت ئەگەر خاڵدارەکە ببینێت، تۆ گەرەکتە جەژنەکەی باپیرە ناخۆش بکەی.

دایە کەروێشك وتی: نازانم چی بکەم زۆر بەزەییم بە خاڵدارەکەدا دێتەوە.



پورە لیسا وتی: ڕاستە وایە .. بەڵام هەرچۆنێکبێ خۆتۆ ناتوانی جیژنەکە لەباپیرە و هەموو خێزانێ تێك بدەیت.

پورە لیسا ئەمەی وت و دایە کەروێشکی بە تەنهایی بە جێهێشت و ڕۆیشت، بە خاڵدارەکەی وت پێویستە لە ماڵەوە بەتەنیا چاوەڕێ ئەمان بکات تا لە جەژنەکە دەگەڕێنەوە.

دوای ئەوە دایە کەروێشك بە خاڵدارەکەی وت: واباشترە تۆ لەماڵەوە چاوەڕێ بکەی، لەبەر خاڵە قاوەییەکانت، من زۆر دەترسم باپیرە حەز لە خاڵەکانی لەشت نەکات و وەك کەروێشکەکانی تر خۆشی نەوێت، حەزم ئەکرد بمتوانیبا لەگەڵخۆم بتبەم خاڵدارە بچووکەکە.. بەڵام هەر چۆنێکبێت لە جەژنەکەوە خواردنی خۆشت بۆ دێنمەوە.

لووسی هاواری کرد وتی: بەڵام ناتوانێن خاڵدارەکە بەتەنها لەماڵەوە بەجێبهێڵین!! دایە کەروێشك وتی چ ڕۆژێکی خۆش ە هێمن ئەبێت بۆت کە بە تەنیا لە ماڵەوە بیت !! پاشان ماچێکی کرد و بەجێی هێشت.

خاڵدارەکە نەیتوانی تاکە وشەیەك بڵێت، دوای ئەوە هەمویان کەوتنە ڕێ خاڵدارەکە بە تەنیایی مایەوە.

خاڵدارەکە تەنانەت تامی میوەکەشی نەکرد و گشت ڕۆژەکەش نەیتوانی هیچ بخوات. ئەو هەستی بە هیلاکی ئەکرد پێی سەیر بوو بۆچی دەبێ لەبەر پەڵەکانی لەشی لەماڵەوە بە تەنیا بمێنێتەوە.بەڵام لەوانەیە بتوانێت پەڵەکانی لەشی لاببات. ڕۆیشت دەبەیەك دەرمانی پەڵەسڕینەوەی هێنا، بەڵام ئەمەش یارمەتی نەدا بۆ لابردنی پەڵەکان.

ئەی چی بکات؟! خاڵدارەکە... هەندێ بیری کردەوە، لەکۆتاییدا گەیشتە ئەو بڕیارەی کە ماڵ بەجێ بهێڵێت و جارێکیتر نەگەڕێتەوە، ئەمە باشترین چارەسەرە بۆخۆیو دایکی. بۆیە بڕیاریدا پێش ئەوەی ماڵ بەجێبێڵێ نامەیەك بنوسێ ئەمەی تیا ڕونبکاتەوە:

دایکی خۆشەویستم !

من هەموتانم زۆر خۆشەوێ بەڵام باشترین شت ئەوەیە کەمن لێتان دورکەومەوە ئێرە بەجێ بهێڵم. دوای ئەوە خاڵدارەکە نەیتوانی چیتر بنووسێ.. لەخوارەوە ناوی خۆی نوسی و نامەکەی خستە ناو مێزەکەوە و کەوتە ڕێگا، گەیشتە لای دەرگاکە و دوایی گەڕایەوە : باشترین شت ئەوەیە میوەکە لەگەڵخۆم بەرم..

تاریك داهات خالدارەکە تەواوی ڕۆژ لەدارستانەکەدا ڕێی بڕیبوو، سەرەتا خۆشبوو بۆی وەك سەیرانێك وابوو، بەڵام دوایی کە باران دەستی پێکرد هەستی بە هیلاکی و تەنیایی و تۆزێکیش ترس کرد، بیری لەوە دەکردەوە دەبێ شەو بۆکوێ بڕوات، بە هەرحاڵ لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ.

نەخێر ئەو نامەی ماڵاوایی لەماڵەوە بەجێ هێشتوە چۆن بگەڕێتەوە؟! لەژێر دارێکدا دانیشت، کەمێك هەستی بە دڵتەنگی کرد. لە پڕێکدا گوێی لە دەنگێك بوو وتی: گوڵە جوانەکە!!

خاڵدارەکە سەیری سەرەوەی کرد بینی کەروێشکێکی بەتەواو هاو شێوەی خۆی ڕاوەستاوە.

کەروێشکەکە وتی: ئۆف ! چ کەش و هەوایەکی ناخۆشە، من تەنها لەبەر ئەوە لە دەرەوەم هەوایەك هەڵمژم.

خاڵدارەکە بە وردی سەیریکرد بینی خاڵی قاوەیی لە هەموو لەشیا هەیە و چاوەکانی شینن ڕێك وەکخۆی بەڵام تۆزێك گەورەتر.

تۆ زۆر هیلاك دیاری، لەگەڵ من وەرە بۆماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانمدا یەکتر بناسن..من ناوم (پەڵەدارەکەیە)

خاڵدارەکە وتی: منیش ناوم خاڵدارەکەیە... ئێوارەت باش.

خاڵدارەکە، کە هەموو منداڵەکانی (پەڵەدارەکە)ی بینی، گشتیان شێوەیان لەدایکیان ئەچوو خاڵی قاوەیی لە سەرتاپای لەشیاندا و چاویان شینی شووشەیی.

پەڵەدارەکە وتی: ئەمە منداڵەکانمن، دەستی کێشا بۆ خاڵدارەکەو بە منداڵەکانی وت: کۆرپە کانم ئەمەش خاڵدارەکەیە و لە دارستان یەکمان بینی هێنامەوە بۆ ماڵەوە ئیستا میوانی ئێوەیە.

منداڵەکان ئێوارەباشیان وت بەخاڵدارەکە و زۆر شادومان بوون.
خاڵدارەکەش بە بینینی ئەوان زۆر شاد و دڵخۆشبوو بەڵام لە گۆشەیەکدا کەروێشکێکی کۆرپەی بینی کە کەس گویی پێنەئەدا و نەیئەدواند.
کەروێشکێکی بەتەواوی سپی و چاوو گویچکەکانی دوولەت .
خاڵدارەکە سەری سوڕما پرسیاریکردد: ئەوە کێیە؟!
مام ( پەڵەدار) بەدەنگێکی نزم وتی: ئەوە کۆرپە بچووکە کەمە ئەو وەك ئێمە نیە و کەمێك جیاوازە.
خاڵدارەکە لەم قسەیە سەری سوڕما دەمی دا چەقاند!
پەڵدارەکە بەردەوام بوو لە قسەکردن: داپیرە هەرگیز کەروێشکی سپیی نەدیوە، ئەو هەمیشە شانازی بە خێزانەکەی خۆیەوە ئەکا، شانازی بەجوانی خالە قاوەییەکانی!
خاڵدارەکە بەتەواوی خۆی‌و جارانی بیرکەوتەوە کاتێك کەروێشکە سپیەکەی بەوجۆرە ئەبینی، بەڕاستی بە ڕاستی شتێکی بێ‌مانایە؟!




خاڵدارەکە قیژاندی: تێناگەم ..، باشتیکی خۆشتان بۆ بگێرمەوە، شێوەی خێزانەکەی من وەك شێوەی کەروێشکە سپی‌یە بچوکەکەی ئێوە وایە دایکم نەی‌ئەویست لەگەڵیانا بچم بۆ ئاهەنگی لەدایك بوونی باپیرە تەنها لەبەر خاڵە قاوەییەکانم کەوەك خاڵە قاوەییەکانی ئێوە وایە، لە ڕاستیدا من لەبەر ئەو هۆیە ماڵم بەجێ‌هێشت و ڕوم لە چۆلگە و دارستانەکە کرد. کەچی دەبینم لێرە هەموو شتێك پێچەوانەی ئەوێیە، ئێوە ناتانەوێ داپیرە بیشی بینێ تەنیا لەبەر ئەوەی سپێ‌یە و خاڵی قاوەیی تێدانی‌یە.
خاڵدارەکە وتی زۆر سەیر و سەمەرەیە بە ڕاستی من لەمە تێناگەم!!
هەموویان بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگبون و واقیان وڕمابوو!
مام (پەڵەدار) وتی: بەڕاستی شتێکی سەیرە! خێزانەکەی تۆ تۆیان لەبەر خاڵە قاوەییەکانت خۆش ناوێ! خێزانەکەی ئێمەش ئەم کەروێشکە سپی‌یە یان خۆش ناوێ لەبەر ......
یەکێك لە کەرویشکەکان قسەکەی بە باوکی بڕی‌و وتی: بەڵام من کەروێشکە سپی‌یە بچکۆلەکەم خۆش ئەوێ.
یەکیکی تریان وتی: بەڵێ ئێمە هەموومان کەروێشکە سپی‌یەکەمان خۆش ئەوێ.
مام (پەڵەدار) وتی: ئەی کێ وتی من خۆشم ناوێ؟! من هەمیشە کەروێشکە سپی‌یە بچکۆلانەکەم خۆشویستوە بەڵام ئەترسام کە داپیرە خۆشی‌نەوێ لەبەر ئەوەی کەمێك جیاوازترە.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بۆ ئەبێ کەسێك خۆشی نەوێ لەبەر ئەوەی کەمێك لە تۆ جیاوازترە. بەڕاستی شەرمە کەسێك ئاوەها بیرکاتەوە.!

تێکڕا پێکەوە ڕۆیشتن بۆ سووچەکە بۆلای کەروێشکە سپی‌یە بچکۆلانەکە لە ئامێزیان گرت و ماچیانکرد، خاڵدارەکە وتی: ئەم کەرویشکە چکۆلە سپی‌یە زۆر جوانە کوتومت لە لووسی خوشکم ئەچێ.
کەروێشکە سپی‌یە چکۆلەکە کە ئەمەی بیست وتی: هەروەها هەمیشە منیش خۆم لاجوان بوو بەڵام هەرگیز نەم ئەتوانی لەوە تێ‌بگەم کەمن چ هەڵەیەکم کردوە وا منیان خۆش ناوی و حەزم لی ناکەن بۆ؟! من زۆر خۆشحاڵم بەوەی کەتۆ هاتی بۆ ئێرە کەروێشکە خاڵدارەکە.
مام (پەڵەدار) وتی: کاتی ئەوە هاتوە پچین بخەوین، با ژوورەکەی خۆتت پیشاندەم کەروێشکە خاڵدارەکە، خەوێکی خۆش و شەوێکی شاد.
کەروێشك خاڵدارەکە زۆر
تامەزرۆی ئەوەبوو بە ڕاکردن بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بە یەکجاری و بۆ هەتاهەتایە و هەموو ئەو شتانەی کە بەسەری هاتبون بیانگێڕێتەوە بۆ دایکی‌و لووسی خوشکی.
دوای ئەوەی خەوی لێکەوت خەونێکی خۆشی بینی، لە خەویا مێزێکی گەورە دانرابوو، گێزەری زۆری لەسەر دانرابوو، زۆر کەروێشکی سپی‌و خاڵدار بچووك و گەورە بە چوار دەوری‌دا هەڵتروشکابوون، هێندە زۆربون نەیئەتوانی بیانژمێرێ، خاڵدارەکەش لەناوەڕاستیاندا دانیشتبوو، گشتیان شادو دڵخۆشبون.
بەڵام ئەوە تەنها خەونێك بوو زۆجاریش خەونەکان نایەنەدی و نابن بەڕاستی. * * *

درەنگانێك، کاتێك تیکرا لە ئاهەنگی لە دایکبونی باپیرە گەڕانەوە، دایە کەروێشك وتی: سەرم سوڕماوە خاڵدارەکە بۆ دیارنیە؟!
ئێسا ئەچم هەموو ژوورەکان بە دوایدا دەگەڕێم، لووسی ئەمەی وت و ڕۆیشت، زۆر بە خێرایی گەڕایەوە وتی: نەم دۆزی‌یەوە!!
دوای ئەوە گشتیان دەستیانکرد بە گەڕان بە دوای‌دا! بەڵام خاڵدارەکە دیارنەبوو!
دواتر نامەکەیان دۆزیەوە، کە دایە کەروێك خویندیەوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك لەچاوەکانی دە ڕژانە کۆشی.
دایەکەروێشك بە دەم گریانەوە ڕویکردە منداڵەکانی وتی: خاڵدارە بچوکەکە تۆراوە و ماڵی بەجێ هێشتوە، چەند حەزم دەکرد بەتەنیا لەماڵەوە بەجێم نەهێشتایە، چی بکەم ئێستا؟!
لووسی وتی: هەمومان دەڕۆینە دەرەوە بە شوینی‌دا دەگەڕێن.
دایەکەروێشك وتی: ئێستا درەنگە، دەبێ تا بەیانی چاوەڕێ بین.

پاشان فرمێسکەکانی سڕی و بەدڵپڕییەوە وتی: بەستەزمان بەستەزمان خاڵدارە بچکۆلانەکەن دەبێ ئێستا لەگوێبێ؟ لووسی وتی:
دایەگیان دڵتەنگ مەبە، بەدڵنیاییەوە بەیانی دەیدۆزینەوە.
لووسی ئەمەیوت ئەگەرچی خۆیشی زۆر دڵتەنگ بوو.
ئەوشەوە دایەکەروێشك م خەو نەچوە چاوەکانی کاتێك گشت کۆرپەڵە چکۆلەکانی چاویان چووە خەو، ئەو بەتەنیا مایەوە خۆی لێیان دزیەوە تا بەدوای خاڵدارەکەدا بگەڕێ، شەو ساردو تاریکبوو، دایەکەروێشك ئەترسا بەڵام ئەو دەبی خاڵدارەکە بدۆزێتەوە. چەن سەعاتی لێرەو لەوێ بەتەنیا گەڕا، بانگی دەکرد: خاڵدارەکە .. خاڵدارەکە، بەڵام نەیتوانی تۆراوە ونبوەکەی بدۆزێتەوە چونکە ئەو لەو نزیکانە نەبوو.

ڕۆژێکی خۆشبوو ئەوبەیانیە نمنمەی باران دەم و چاوی گوڵەکانی شوشتبوو، خونچە تازە پشکوتوەکان دەمیانکردبۆوە بۆ تیشکی هەتاو پێدەکەنین. بەڵام دایەکەروێشك نەیدەتوانی پێ بکەنێ.



دایەکەروێشك بە کۆرپەکانی وت: هەموتان بڕۆنەسەرەوە خۆتان ئامادەکەن ئەچین بەدوای خاڵدارەکەدا دەگەڕێن. من هەندیك خواردن ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمانی بەرین.
دوای ئەوە چووە خوارەوە بۆ موبەقەکە هەشت کەروێشك خۆیان ئامادەکرد و چوونە سەرەوە لەنێو سەوزەڵانی و گوڵە کاندا چاوەڕێی دایکیان ئەکردن بۆ ئەوەی بکەونە ڕێگا و بەدوای خاڵدارەکەدا بگەڕێن. لە ناکاو لووسی پڕ بەخۆی هەڵبەزیو هاواریکرد، تماشا تماشا، سەیرکەن سەیرکەن؟ پەنجەی بەرەو دارستانەکە ڕاکێشا.
شتێك ئەبینم بەرەو ئێرە دێت، ئای چەندە کەروێشك ئەبینم گشتیان بەرەو ئێرە دێن. شێوەیان ڕێك وەکو خاڵدارەکەی خۆمانە.

ڕاست و ڕرەوان هەروابوو، خاوو خێزانی (پەڵەدار) لە بەیانی زووەوە کەوتبونە ڕێگا، بۆ ئەوەی خاڵدارەکە لەگەڵ خۆیان بهێننەوە بۆناو خێزانەکەی خۆی.
لووسی بە هەموو هێزی هاواریکرد: دایکە.. دایکە، خێراکە وەرە دەرەوە.
دایکە کەروێشك نەیئەتوانی بڕوا بەچاوەکانی خۆی بکا، زەوی پڕ بوبو لە کەروێشکی خاڵدار. لەناوەڕاستیاندا کەروێشکێکی سپی بچوك هەبوو، هەموویا ساغ و چوستوچالاك و دڵخۆشبوون،

خاڵدارەکە هاتە پێشەوە لە دایکی، دایە کەروێشك بە بانگی بەرز وتی: ئۆخەی خاڵدارەکە، لەچاو تروکانێکدا لە باوەشی کرت و ماچبارانی کرد.
دوای دایکی نۆرەی لووسی هات، دواتریش گشت خوشکو براکانیتری، کاتێکی زۆری ویست هەتا خاڵدارەکە هەناسەیەك هەڵکێشێو جا دوای ئەوە خێزانی (پەڵەدار) و منداڵەکانی بە داکیو خوشکو براکانی بناسێنێ.
ئەمە مام (پەڵەدارە) و ئەمانەش منداڵەکانیەتی.
پاش ئەوەی خاڵدارەکە دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی دوێنێ و شەوی ڕابوردو ڕووی دابووز هەموویان هاوکات لەگەڵ بێدەنگیدا گوێیان دەگرت، دوای تەواو بوونی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خاڵدارەکە، دایە کەرویشك سەری لێ شێوابوو نەیدەزانی بگری یان پێبکەنێ.
بە ڕاستی نازانم چ بڵێم، من هەمیشە خاڵدارەکەم خۆشویستووە ڕێك وەکو گشت کۆرپەکانی ترم، بەڵام لەوە دەترسام باپیرە......
مام (پەڵەدار) قسەکەی پێبڕی وتی: بەڵام ئەوە هەر ئەو قسە پووچ و بێمانایەیە کە ئێمە فێری بووین بیڵێین.
ئەمجار تێکڕا و بە گشتی دایان لە قاقای پێکەنین.
دایکەکەروێشك وتی: بەڕاستی شێت، یان باشترە بڵێم نەفام بووین کە بەم شێوە هەڵەیە بیرمان دەکردەوە، بەڵام ئیتر قەت وابیرناکەینەوە. ئای چەندە دڵخۆشم ! پاشان ماچی مام (پەڵەدار)ی کرد و ماچێکیشی پێدا، هەر هەموو کەروێشکەکانیتریش یەکتریان لەئامێز گرت و یەکتریان ڕامۆسی و خۆیان بەیەکتری ناساند و وەك بەرکولێك دەستیان بە گۆرانی و سەماکرد.
ئەمجار ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد مێزێکی گەورەیان هێنا و سەرمێزەکەیان پڕکرد لە گێزەر، گشت کەروێشکەکان بە چواردەوری مێزەکەدا دانیشتبوون، زۆربوون نەئەژمێردران، پەڵەدارێك لەپاڵ سپییەکەدا خاڵدارەکە لەناوەڕاستاا دانیشتبوو، هەموویان سەرحاڵ و دڵخۆش بوون.
زۆرجار خەونەکان نایەنەدی بەڵام خەونی خاڵدارەکە هاتە دیو بووبە ڕاستی.

نەورۆزی 2004

وەرگێڕان لە سوێدیەوە

حسین حاجی عەلی دەربەندیخانی




Ali Ketabi
c/o Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN.
Tel: +46 (0) 31-3302030
Mobil: 073-7145510

Förenings sparbanken
**Bankgiro 5469-4922**
www.jihanimindalan.just.nu
shihab.manmy@comhem.se


## لیست کمك هزینه کودکان تحت حمایه مجله جیهان کودکان در شهر سقز بسرپرستی نهیه رستمی

| ڕەدریف | ناو شۆرەت | ناوی باوکودایك | مێژو له دایکبون | ژمارەی پێناس |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بیرۆز کەرەمی | سمایل و توویا | 1379 | 058993. 3 |
| 2 | صباح، عارەبەلەنگ | عەسمان . نازدار | 1379 | 056970 .3 |
| 3 | ئیلهم خوشقەدەم | محمد و زهره | 1380 | 034160 .6 |
| 4 | جەعفەر کەرەمی | عەلی و سۆیبه | 1370 | 021162 .0 |
| 5 | سەمیره نومازی | هادی و مریەم | 1380 | 060434 .7 |
| 6 | فەرزانه ئیسافی | محمو و | 1369 | 015078 .8 |
| 8 | شەوبۆسالحزاده | حەسەن و خاوەر | 1378 | 054246 .3 |
| 9 | یۆسف حسنپور | محمەامین گوڵباخ | 1277 | 050974 .9 |
| 10 | مریمم کتابی | محمد و نەهیه | 1378 | 052573 .0 |
| 7 | شەیدا کسنزانی | سەعید و سوعدا | زوهره | 1375 |
| | 044099 .9 | | | |
| 11 | لەتیفەب کەرەمی | محمدسالح و ڕەحیمه | 1375 | 045321 .7 |
| 12 | ئەحمەد رۆستمی | حسێن و سۆیبه | 1371 | 66 97 الف |

## لیست کمد هزینه زیستی کودکان تحت حمایه مجله جهان کودکان درشهر بوکان بسرپرستی افسر فیزی

| ردیف | ناو و شۆرەت | ناوی باوکودایك | مێژوی له دایکبون | میقداری یارمەتی |
|---|---|---|---|---|
| 13 | دڵنیا دۆمینه | علی و معصومه | 1374 | 10000 تمەن |
| 14 | شادی بێخانی | عبداله و فریده | 1380 | 10000 |
| 15 | سعید یکشەوه | جعفر و خاوەر | 1376 | 10000 |
| 16 | امید سلیمانی | لقمان و فاتمه | 1376 | 10000 |
| 17 | سارا داشاغڵ | انور و سۆیبه | 1380 | 10000 |
| 18 | زینب قادر پور | علی و زێبا | 1373 | 10000 |
| 19 | شیوا حیدری | محمد و ماهمنیر | 1373 | 10000 |
| 20 | نیگار باپیری | عمر و روبابه | 1374 | 10000 |
| 21 | هێمن قادرپور | عبداله و سفورا | 1373 | 10000 |
| 22 | عبداله عزیز تبار | سلیمان و توبا | 1374 | 10000 |

**هەروەها به موناسەبەی جیژ نەکان(هەدیه)یاریشیان بۆ ئەبرێ جاروباریش ئاهنگ و سەیرانیشیان بۆ ساز دەکرێ**

**بەو هیوایەی هیچ منداڵ و مەزنێك لەم جیهانەدا پێویستیان به یارمەتی بۆ بژیوی ژیانیان نەبێت.** ئەمە ئاواتیگۆڨاری جیهانی منداڵانه!

# مەهاباد قەرەداغی

## واو! پردی پەیوەندیە ! واو

لە نێوان رەش و سپیدا واوێک هەیە
ئەوگردی پردە ئەبوایە ، تۆفانی خۆڵەمێش دنیای دادەپۆشی
هەموو جوانییەکان ون دەبوون!

واو

چەند سنوورێکی پێویستە
لە نێوانی رەش و سپی
چەند پردێکی میهرەبانە ، واوێکی وا!



لە نێوانی ئەفسانە و راستیشدا واوێکا
تەنها واوێک پاسەوانە !
ئەو نەبێ بە سێلاوی ئەفسانە ، دێیەری حەقیقەت غەرق دەبێ!
چەند پێویستە واوێکی وا، چ بەربەستێکە بۆ فەنانەبوونی بوون!
سوپاس بۆ واوێکی ئاوا کە ئامێتێ خۆری یەقین ئاوا بێ!

لە نێوانی هەست و ئەستدا، واو نەبوایە ، وێران دەبووین!
تێکەڵاوبوونی ئەم دووانە شێت و وێتی بەدواوەیە ،
ئار و مارمان دەکا،
واوێکی وا وێستگەیەکە بۆ ئارامیی!
واوێکی وا وەک گوڵجاریی نێوان دوو شاخی زۆر سەختە !
واوێکی وا لە لێرەواری دەروونذا، وەکو پێدەشتێکی تەختە !

لە نێوانی تۆ و من دا، باشە واو هەیە !
دەنا دەبووین بە یەکتری!
خۆت لە ناو مندا ون دەکرد، خۆمم لە تۆدا دەسووتان!
واو، چەند باشە !
واو نەبوایە ، بە شوێن تۆی بزربوو لە کێشوەری خۆمدابزردەبووم!
بۆ کوژانەوەی ئاگری سووتانم لە جەستەی خۆتدا،
رەنگبێ بۆخۆشت سووتابای!
چەند باشە ئێمە دوو دانەین، نێر و مێی جووتێ پەپوولە !
بە دەوری شەمی ژیاندا سەما دەکەین!
گەر ون ببین، گەر بسووتێین.. هەر پێکەوەین!
واو پردێکی پەیوەندییە !
نێوانماتی کردۆتە گوڵجاری ئاسە و مێرگی سەوزی ئارەزووی جوان
واو پردی ئەڤینە ، ئەڤینێکی نیان
من لەم بەریەوە، تۆ لەو بەریەوە
بەم رۆژگارە بێ پشوو، گۆرانی دەچرین!
لە ژێر ئەم پردەدا، رووباری ئاوی ژین خورەی دێ!
شەوانیش ئەستێرەی باڵدارین، بەسەریا هەڵدەفڕین!

2003-2000

فالشۆپینگ-ستۆکهۆڵم

























# نەورۆز و

## ئەفسانەی زوحاکی‌مار بەدۆش و کاوەی ئاسنگەر

## نەورۆزی 2004 م 1383 ھ

نەورۆزی ئەمسالٚ بۆیە پیرۆزە   زوحاکی زەمان زار و بۆکڕووزە

بێکومان گشت شاعیران و مێژو نوسانی ئیرانی بە تایبەن فیردەوسی وتویانە و تا ئیستایش دەلٚێن و دەیلٚێنەوە: گۆیا زوحاك عەرەب بوە، بەزۆر تاج تەختی ئیرانی داگیر کردوە، هێندە زالٚم بوە، خوای ئێرانیە کان جوتیك ماری لە سەرشان شین کردوە، لەکاتی برسیەتیدا بە هەمو هێزیان بە گویچکەی زوحاکیاندا چریکاندوە داوای خواردنیان لێکردوە، خواردنی ڕۆژانەشیان مێشکی دوو کوڕەجحێلٚ بووە، مەشیا هەمو بەیانیەك مێشکی دوو لاویان بۆ ببردبان بیانخواردایەت و بەسەر هەرتك شانی زوحاکەوە ئۆقرە و ئارامیان بگرتایە.

کۆیا کاوەی ئاسنگەر ڕادەسێ کوتکی ئاسنگەریەکەی لە ژێر بەرهەلٚبێنە چەرمینەکەیدا حەشار دەدات، لەبەرەبەیانی نەورۆزدا خۆی دەگەیەنێتە زوحاك بە کوتکە ئاسنگەریەکەی گشت لەش و میشکی زوحاك و مارەکان پێکەوە دەپلٚیشێنیتەوە.

برێك لە مێژوو نووسان و هەتا مامۆستا قانعیش، لە دیوانەکەیدا نوسیویەتی: زوحاك کورد بووە، نەیارانی ئەم ئەفسانەیان بۆ هەلبەستوە. فیردەوسی جەختی لەسەر (تاز)ی بوونی زوحاك کردوە. (تازی) واتە (تاژی)، نازناوی (ناتۆرەی) ڕگەزی عەرەبەکانە! کە فارسەکان بەتایبەت فیردەوسی بەعەرەبەکانی بەخشیو. دیارە عەرەبەکانیش لوتفیان فەرمووە نازناوی مەجوی‌سیان بە فارسەکان کەرەمکردوە.

بەهەر حالٚ زوحاك عەرەب یان کورد یان لەهەر ڕەگەزێك بووبێ، ڕەنگە لە سەدام و خومەینی و شارۆن و بنلادن ... خوینڕێژ تر نەبووبێت؟!

بەلاٚم نەورۆز هەزاران ئەفسانە و هەزاران ڕوداوی ڕاستین و درۆینەی پێوە لکێنراوە، هەزاران نەورۆزی پڕ لە شادی و کامەرانی وئازادی! هەزاران نەورۆزی پڕ لە ژان و ژاراوی مەرگزێی وەك کارەساتەکانی هەلٚەبجە و ڕواندا و سنە قاڕناو قەلاٚتانی پێوە تۆمار کراوە. مەگەر بە دەگمەن دەنا نوسەر و شاعیر و هەتا بەیت بێژی نە خوێندەوایش نەبووە و نیە و نابێ لە ڕوانگەو دەلاقەی بیر و بۆچونی کاتی‌و زەمانی تایبەتی خۆیانەوە، بە نەورۆزیاندا هەلٚنەخویندبێت. من بۆ نمونە چەند تاکە دێڕ لەشیعرگەلێك کە لەکات و زەمانگەلٚێکی جیاوازدا بۆ نەورۆز وتراون دێنمەوە.

کاك ڕەحیمی لوقمانی بەکەلٚك وەرگرتن لە شیعری دلٚداری شاعیر دەلٚێ:

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە   دەلٚێ ئەمسالٚیش نەورۆز هاتەوە

منیش لە شیعرێکمدا کە بۆ هەلٚەبجە و هاوڕیانی گوردانی شوانم وتوە دەلٚێم:

**نەورۆزی ئەمسالٚ ژەهربارانە ئاوەژوی مێژوی گشت بەهارانە!**

بەداخەوە حەسەن زیرەکیش شیعر و سرودە بە ناوبانگ و جوانەکەی مامۆستا دلٚداری چەواشەکردوە! هیچ حیزب و سازمان و گروپێك هەتا شاپەرستەکانیش لە ڕوویان هەلٚنایت بە دەنگە بە سۆزە جاویدانەکەی حەسەنزیرەکەوە بە تەواوی بلاٚوی کەنەوە. حەسەن زیرەکیش ئاوا دەلٚێ:

ئەم ڕۆژی سالٚی‌تازەی نـــــــەورۆزە هاتەوە
جێژنێکی کۆنی کەردە بە خۆشی بە هاتەوە
ئەوا ڕۆژ هـــــەلاٚت لە بەندەنی بەرزی ولاٚتەوە
ڕەنگی گولاٚلٚە گەزیزە شەبەق شەوق ئەداتەوە
مودەتێك بوو گولٚی‌هیوای ئێمەی پێ پەستبو تاکوو پار
تا شەهەنشا لوتفی فەرموو لەگـــــەلٚ جوتیارو کریکار

بێگومان ئەگەر ئیستا حەسەن زیرەك زیندو بێتەوە داوای لێبوردن لە دلٚداری شاعیر و گشت گەل و گولٚ و گژو گیاو گیان لە بەرانی جیهان دەکات.

منیش پاش 25 سالٚ ئێستا حەی‌و حازر لە کانگای دلٚمەوە داوای بەخشین و لێبوردن لەگشت گولٚ گژوگیاوگیانلەبەران دەکەم بۆ ئەوەی ئەوسا جێژنی نەورۆزم بەملٚکی خاصی‌تەنیا گەلی‌کورد زانیوە. 25سالٚ لەمەپێش ئاوام نوسیوە.

## نەورۆز و وەرزی بەهار

| | |
|---|---|
| نەورۆز دواڕۆژی عومری زستانە | جەژنی پیرۆزی گەلی کوردانە |
| نامێنێ بەفر و سەرماو کڕێوە | دێتە پێشەوە مانگ خاکە لێوە |
| بەفرو کلیلەی نەزار و قەد پالٚ | بەدەس شەمالٚۆ دێتە نالٚەنالٚ |
| کەوی‌کۆچکردوی سالٚی‌ڕابوردوو | دەماخ دەستینێ‌دەکەوێتە فیتوو |
| گەرمێن چۆلٚ ئەکا ئەم یالٚ بۆ ئەو یالٚ | کاتێك بە قوندە و جارجاریش بە لالٚ |
| لەترسی هەلۆ و ڕاوچی بە تفەنگ | کەوی بەیتەزمان خۆی ئەکا بێدەنگ |
| ڕێبوارە ماندو و مات و زەبوونە | قاقبە خۆشەکەی حەپســـــی‌دەرونە |
| هالٚەکۆك لەخاك سەری دەردێنێ | بەفر وەکو هەتیو فرمێسك ئەڕژێنێ |
| پاش تێپەڕ لە چەن داو و حەشاران | دەگاتە فڕگـــــەی بەرزی کۆساران |
| ئەمجار لە فڕگەی بەرزۆ بەرەو چەم | جـــووتە ئەگرن و ئەخوێنن بێخەم |
| هاژەی شەتاوە دێتە دەر ڕێواس | کەژو کێو گیای سەوز ئەکاتە کراس |
| دنیا خەملٚیوە فەسلٚێکی خۆشە | لەبناری جۆگ دەشنێ وەنـــەوشە |
| پۆلپۆل ڕیز ڕیز کور و کچی‌جوان | بۆکارگ و مەندۆك دەچن بۆ کویستان |
| کوڕ و کچانی ڕوومەت هەلاٚلٚە | لەو دەشت و کێوە دەیکەنە گالٚە |
| قیژەی قاژوە ڕەش قڕەی قشقەڕە | باقەی کارژۆلٚە و هەم باڕەی مەڕە |
| لە قەدپالٚ هات هات ڕاویارانە | لە پێدەشت هۆهۆی جوتیـــارانە |
| گای ئازا ملسور گای‌حیز قونکەچەلٚ | هۆرەی کوڕ ئازا نوکەی کوڕ هەمەلٚ |
| نیسك و نۆك چێنراو چەکەرە کردوو | قڕیاشانی زەرد عومری بابردوو |
| کاتی گولٚ گـــــــردن مێژیوەردان | مەڕەسووری زاو لە بن بـەردانە |
| دوای خاکەلێوە مانگـــــی گولاٚنە | کیتابی جێگات بەنــد و زیندانە |

15 /1354/12 **بەندیخانەی سنە عەلی کتابی**